ناوچە جێناکۆکەکان

# ڕێوشوێنە کردەییەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی سنوری ناوخۆیی لە عیراقدا

دکتۆر ڕێبین محەمەد سۆفی
زانکۆی سەلاحەدین

دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ ماددەی ١٤٠ی کردۆتە بنەمایەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچە جێناکۆکەکان. کەواتە چارەنوسی ناوچە جێناکۆکەکان بەندە بە نەخشە ڕێگایەك. ئەو نەخشە ڕێگایەش هەر دەبێ بچێتە سەر جێبەجێ کردنی هەموو برگەکانی ئەم ماددەیە بەو چەشنەی کە لە ماددەکەدا هاتووە وەك ئاسایی کردنەوە، سەرژمێر، راپرسی. لەم توێژینەوەیەدا ئەو ڕێوشوێنە کردەییانە تاوتوێ دەکەین کە کێشەی سنوری ناوخۆییان پێ چارەسەر دەکرێ. ئەو ئامرازانەش کە ماددەکەی پێ جێبەجێ دەکرێن بریتین لە لیژنە حکومی و پەرلەمانییەکانی تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشەکانی سنورو چاودێری کردنی هەنگاوەکانی جێبەجێ کردنی چارەسەرەکە، بۆیە لێرەدا دەبێ پێکهاتەی ئەو لیژنە حکومییە تاوتوێ بکەین کە پێی راسپێردراوە ماددەی ٥٨ و ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکات. ئەم لیژنەیە حکومەتی عیراق پێکی هێنا بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سنور لەنێوان حکومەتی عیراق و هەرێمی کوردستان، پاشان دەچینە سەر باس کردنی دەسەڵاتی کاری لیژنە حکومییەکانی تایبەت بە جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠و میکانیزمەکانی. دواتر دەچینە سەر باس کردنی ئەو لیژنەیەش کە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بۆ چاودێری کردنی هەنگاوەکانی جێبەجێ کردنی شێوەی چارەسەرکردنی کێشەکانی سنور پێکی

هێناوەو لەم هەنگاوەدا ئاماژە بە پێکهاتەی لیژنە هەمیشەیی و کاتییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و پێکهێنانی لیژنەی پەرلەمانیی تایبەت بۆ بەدواداچونی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠و دەسەڵاتەکانی ئەم لیژنەیەو میکانیزمی کارکردنی دەکەین، هەروەك باسی ئەنجامەکانی هەوڵەکانی ئەم لیژنەیە دەکەین. بۆیە بابەتەکەمان بەسەر دوو باس دا دابەش کردووە:

باسی یەکەم: لیژنەی حکومیی تایبەت بەچارەسەرکردنی کێشەکانی سنور.

باسی دووەم: لیژنەی پەرلەمانیی تایبەت بەچاودێری کردنی هەنگاوەکانی جێبەجی کردنی چارەسەری کێشەکانی سنور.

## باسی یەکەم

## لیژنەی حکومیی تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشەکانی سنور

پاش دەرچونی فەرمانی ژمارە ٤٦ ژمارە م/ ن ٤٨/ ١٣٧٣ی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق لە ٩ی ئابی ٢٠٠٦، لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور تایبەت بە ناوچە جێناکۆکەکان پێك هێنرا. هاشم عەبدولڕەحمان شیلی کە وەزیری داد بوو، کرایە سەرۆکی لیژنەکە. دواتر لیژنەکە کەوتە کۆبونەوە بۆ دانانی میکانیزمی گونجاو بۆ چۆنێتیی جێبەجێ کردنی ئەو ماددەیە. واش دانرا کە بەغدا ببێ بە بارەگای گشتیی کۆبونەوەکانی لیژنەکە. هەر لەو کۆبونەوەیەدا چەند لیژنەیەکی لاوەکی پێك هێنران وەك دارایی، سکرتاریەت، بەدواداچون، تەکنیکی و لیژنەی دۆزینەوەی راستییەکان. ئەمەش لەدوو تەوەردا تاوتوێ دەکەین:

تەوەری یەکەم: پێکهاتەی لیژنەی حکومیی راسپێردراو بە جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠.

تەوەری دووەم: بواری کارکردنی لیژنەی حکومیی راسپێردراو بەجێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ و میکانیزمەکەی.

## تەوەری یەکەم

### پێکهاتەی لیژنەی حکومیی راسپێردراو بە جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠

پێکهێنانی لیژنەی حکومیی راسپێردراو بە جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ هەنگاوێکی راست و دروستە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی سنور لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیدرال. لەم تەوەرەدا لەم مەسەلەیە دەکۆڵینەوە و بەسەر دوو لقدا دابەشی دەکەین:

لقی یەکەم: پێکهێنانی لیژنەکانی جێبەجێ کردنی ماددەی ٥٨.

لقی دووەم: پێکهێنانی لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ لە حکومەتی فیدرال.

لقی یەکەم- پێکهێنانی لیژنەکانی جێبەجێ کردنی ماددەی ٥٨:

ئاشکرایە کە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق لە ٨ ی ئازاری ٢٠٠٤ دا لە کاتی قۆناغی گواستنەوەدا دەرچووە. بەگوێرەی ئەم یاسایە کە رۆڵی دەستوری کاتیی دیوە، ماددەی ٥٨ وەك میکانیزمێکی چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچە جێناکۆکەکان هاتە ئاراوە. بەگوێرەی ئەو یاسایە قۆناغی گواستنەوە بەپێی برگە (ب)ی ماددەی ٢ لە دوو قۆناغ پێکدێت.[١] لەقۆناغی یەکەمدا حکومەتێکی کاتی پێك دەهێنرێت و لەقۆناغی دووەمدا حکومەتەکە لە حکومەتێکی کاتییەوە دەبێتە حکومەتێکی راگوزەر، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە:

قۆناغی یەکەم- حکومەتی کاتیی عیراق:

حکومەتی کاتیی عیراق چوارەم دەسەڵاتە کە پاش داگیرکردنی عیراق پێك هێنراوە. ماوەی دەست بەکاربونی کەوتۆتە نێوان ٢٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٤ و ٣ی ئایاری ٢٠٠٥. ئەم حکومەتە جێی دەسەڵاتی کاتیی ئیئتیلاف و ئەنجومەنی حوکمی گرتەوە. حکومەتەکە لە سەرۆکی کۆمار کە غازی مشعەل یاوەر بوو و لە دوو جێگری سەرۆك کە دکتۆر ئیبراهیم جەعفەری و رۆژ نوری شاوەیس بون، پێك هاتبوو. سەرۆکی وەزیرانیش دکتۆر ئەیاد هاشم عەللاوی بوو و جێگرەکەی

دکتۆر بەرهەم سالح بوو، حکومەتەکە لەلایەن ئەمریکاو ڕێکخراوی دەوڵەتانی عەرەب و چەند دەوڵەتێکی دیکەوە دانی پێدا نرا بوو کە ئەمانەش وەك نوێنەری شەرعیی عیراق مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە.[٢]

یەکەم- لیژنەی حکومەتی کاتی لە پارێزگای کەرکوك:

سەرۆکی حکومەتی کاتی دکتۆر ئەیاد هاشم عەللاوی لیژنەیەکی بەناوی دەستەی باڵای ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی پارێزگای کەرکوك پێك هێنا.[٣]

ئەم لیژنەیە سەربەخۆیی دارایی و ئیداریی هەبوو و ئەندامی لە هەردوو حکومەتی عیراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی ٥٨ تێدا بوو و بە شێوەیەکی راستەوخۆ بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە گرێ درابوو. دانانی سەرۆکی دەستەو ئەندامەکانی و بڕیاردەرەکەی بە بڕیارێك دەبێ کە سەرۆکی وەزیران دەری دەکات و هەر خۆیشی فەرمان دەدا بە دەستەکە تاکو کاری پێویست بکا بۆ ئامادەکردنی پەیکەری ئیداری و دارایی دەستەکە. بەڵام ئەندامانی لیژنەکە دیاری نەکران.[٤] ئەم لیژنەیە بەرپرس بوو لە تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی تایبەت بە گۆڕانکارییە جوگرافی و دیمۆگرافییەکانی کەرکوك و جیاکردنەوەی ئەم مەسەلەیە لە مەسەلەی سامانەکان و پاشان دەبوایە راپۆرتی خۆی پێشکەش بە پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو بکات. شایانی باسە کە پاش حکومەتەکەی دکتۆر ئەیاد عەللاوی، دەستەکە هەڵوەشێنرایەوە.[٥]

قۆناغی دووەم- حکومەتی راگوزەری عیراق:

لە ٣ی ئایاری ٢٠٠٥دا حکومەتی راگوزەری عیراق جێی حکومەتی کاتیی عیراقی گرتەوەو ئەم حکومەتە لە ٢٨ی ئایاردا متمانەی کۆمەڵەی نیشتمانیی کاتیی عیراقی بەدەست هێنا. ئەم قۆناغە راگوزەرە کە مەبەست لێی هەنگاونانی شێنەییە بەرەو حکومەتێك و پەرلەمانێکی هەمیشەیی، لە ٣٠ی کانونی دووەمی ٢٠٠٥ دا بە هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانیی کاتیی عیراق دەستی پێ کردووە کە تێیدا عیراقییەکان لە هەڵبژاردندا دەنگیان بە ٢٧٥ ئەندام بۆ کۆمەڵەی نیشتمانیی راگوزەر داوە. ئەرکی سەرەکیی کۆمەڵەی

نیشتمانیی راگوزەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بوو لە سەرۆکی کۆمارو دوو جێگر. ئینجا دەبوایە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەڵبژێریت. بەگوێرەی ئەمە، جەلال تالەبانی بە سەرۆکی کۆمار و شێخ غازی یاوەر و دکتۆر عادل عەبدولمەهدی مونتەفەکی بە جێگرەکانی هەڵبژێردران. ئەم سێ کەسەش دکتۆر برایم جەعفەرییان بە سەرۆکی وەزیرانی عیراق هەڵبژارد.[٦]

دووەم- لیژنەی حکومەتی راگوزەر بۆ پارێزگای کەرکوک:

ئەم لیژنەیە کە پێك هێنراوە، دەستەیەکە حکومەتی راگوزەر بەسەرۆکایەتی دکتۆر برایم جەعفەری پێکی هێناوە و ئەندامانی دەستەی باڵای ئاسایی کردنەوەش بە سەرۆکایەتیی حەمید مەجید موسا و ئەندامەتیی وەزیرانی ناوخۆ، پلان دانان، کشتوکاڵ، کۆچ پێکراوان و کۆچبەران، ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن، هەر یەك لە محەمەد ئیحسان رەمەزان، حسێن محەمەد سەلیم، سەلاح رەشید، عەلی قادر، فاروق عەبدوڵلا، هەروەها دکتۆر مەهدی جابر مەهدی تێیدا بڕیاردەری دەستەکە بووە.[٧]

بەڵام ئەم لیژنەیە نەیتوانی لەکارەکەی خۆیدا کارا بێ و لەبەر چەندین هۆ دەست بەستراوە بوو. سەرۆکی لیژنەکە حەمید مەجید موسا سەبارەت بە هۆکانی سستیی لیژنەکە وتوویەتی "لیژنەکە تا ئێستا نەیتوانیوە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات چونکە هەر خۆی بە تەنهایە، نە کادیر هەیە نە بودجە بۆ راپەڕاندنی کارەکانی". هەروەها رونی کردەوە کە جێبەجێ کردنی ماددەی ٥٨ ئیلتیزامێکی سیاسی و ئەخلاقی و مەعنەوییە".[٨]

بەمجۆرە، کاتێك خوێندنەوەیەك بۆ چۆنێتیی پێکهێنانی لیژنەکەو هەوڵدانی بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی ٥٨ دەکەین، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لیژنەکانی راسپێردراو بە جێبەجێ کردنی ماددەی ٥٨ لە هەردوو حکومەتە راگوزەرەکەی ئەیاد عەللاوی و ئیبراهیم جەعفەریدا پابەند نەبون بە جێبەجێ کردنی ماددەکە بەپێی دەستور، بۆیە هیچ هەنگاوێك بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ماددەیە

نەنرا. ئەو لیژنانە هەر ئەوەیان لەدەست هات کە لیژنەیەك پێك بێنن. سەیر ئەوەیە کە لە سەردەمی حکومەتی عەللاویدا ئەندامانی لیژنەکە دیاری نەکران، جەعفەریش خاوخلیچکیی تێدا کردو هیچی نەکرد، بۆیە ماددەکە بە جێبەجێنەکراوی مایەوە و هەڵپەسێردرا تا ئەو کاتەی کە بۆ ناواخنی دەستوری هەمیشەیی گوێزرایەوە.

لقی دووەم- پێکهێنانی لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ لە حکومەتی فیدرالدا:

پاش ئەوەی کە لە ١٥ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٥دا هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە عیراق ئەنجام درا بۆ هێنانە کایەی ئەنجومەنێکی نوێنەرانی خاوەن دەسەڵاتی دەستوریی تەواو بۆ ماوەی چوار ساڵ و پاش ئەوەی کە لە ٢٠ی کانونی دووەمی ٢٠٠٦ دا ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە راگەیەنران،[٩] هەنگاو نرا بۆ پێکهێنانی حکومەت و لیستی ئیئتیلاف ئیبراهیم جەعفەریی بۆ سەرۆکایەتیی حکومەت کاندید کرد، بەڵام کورد دژی ئەم کاندیدکردنە وەستانەوە و فشاریان خستە سەر لیستی ئیئتیلاف بۆ گۆڕینی کاندیدەکەی. بەهۆی ئەمەوە تەنگژەیەکی سیاسی هاتە ئاراوە و ئەم تەنگژەیە نزیکەی چوار مانگی خایاند چونکە دکتۆر ئیبراهیم جەعفەری وەك سەرەك وەزیرانێکی ماوە کۆتایی هاتوو سور بوو لەسەر ئەوەی کە پۆستەکە بەجێ نەهێڵێت. سەرەنجام، مەسەلەکە بەوە گەیشت کە جەعفەری لابراو نوری کامل مالیکی جێی گرتەوەو راسپێردرا حکومەتێکی هەمیشەیی پێك بهێنێ. لە دانیشتنی رۆژی ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٦ دا ئەنجومەنی نوێنەران کاندیدکردنی نوری مالیکیی پەسند کرد،[١٠] بەڕەچاوکردنی ئەوەی کە بڕگە ٢٢ی بەرنامەی حکومەتەکەی مالیکی کە چەند سەعاتێك پێش متمانە بەخشین بە حکومەتەکەی پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەرانی کردبوو و تێیدا پابەندی ئەوە ببوو کە حکومەتەکەی ماددەی ١٤٠ ی دەستور جێبەجێ دەکات، تێیدا هاتبوو کە "حکومەت پابەندە بە جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور کە پشت ئەستورە بە ماددەی ٥٨ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق کە سێ قۆناغی بۆ جێبەجێ کردنی ماددەکە دیاری کردووە و ئەو سێ قۆناغە

بریتین له ئاسایی کردنەوەو سەرژمێری و ریفراندۆم له کەرکوك و ناوچەکانی تری جێناکۆك. حکومەت دوای پێکهێنانی، هەنگاوی پێویست دەنێت بۆ ئاسایی کردنەوە لەوانە گێڕانەوەی قەزاو ناحیەکانی سەر بە کەرکوك. قۆناغی ئاسایی کردنەوە له ٢٩ی ئازاری ٢٠٠٧ دەست پێ دەکاو پاشان قۆناغی سەرژمێری له ٣١ی تەموزی ٢٠٠٧ دەست پێ دەکاو پاشان دەست بە جێبەجێ کردنی دوایین قۆناغ دەکرێت کە ریفراندۆمە له ١٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٧".[11]

پاشان لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ بەگوێرەی فەرمانی ژمارە ٤٦ی رێکەوتی ٩ی ئابی ٢٠٠٦ کە بەنوسراوی ژمارە م ر ن/ ٤٨/ ١٣٧٣ی ئۆفیسی سەرەك وەزیران نێردراوە، بە سەرۆکایەتیی هاشم چەلەبیی وەزیری داد پێك هات:[12]

یەکەم: لیژنەیەك بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور تایبەت بە ناوچە جێناکۆکەکان لەوانە پارێزگای کەرکوك، بەم شێوەیەی خوارەوە پێك دەهێنرێت:

١-هاشم عەبدولرەحمان چەلەبی/ وەزیری داد/ سەرۆك.
٢-جەواد کازم بولانی/ وەزیری ناوخۆ/ ئەندام.
٣-نەرمین عوسمان حەسەن/ وەزیری ژینگە/ ئەندام.
٤-جاسم محەمەد جەعفەر/ وەزیری لاوان و وەرزش/ ئەندام.
٥-بابەکر سدیق ئەحمەد/ ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك/ ئەندام.
٦-محەمەد خەلیل نسەبییف/ ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك/ ئەندام.
٧-تەحسین محەمەد عەلی کەهیە/ ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك/ ئەندام.
٨-ئاشور یەلدا بنیامین/ ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك/ ئەندام.
٩-محەمەد ئیحسان سلیڤانی/ نوێنەری هەرێمی کوردستان/ ئەندام.

دووەم: بڕی ٢٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ دابین کردنی خەرجییەکانی جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی ماددەی ١٤٠ی دەستوری عیراق تەرخان دەکرێت و له حیسابی ئەم لیژنەیە دادەندرێت".

لیژنەی پێکهێنراو لە ٢٢ی ئەیلولی ٢٠٠٦ دووەمین کۆبونەوەی خۆی گرێ داو بڕیاری لەسەر ئەمانەی خوارەوەدا:[١٣]

یەکەم- پێکهێنانی چەند لیژنەیەك بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ-لیژنەی بەدواداچون بە سەرۆکایەتیی وەزیری داد.

ب-لیژنەی دارایی بە سەرۆکایەتیی وەزیری ژینگە.

پ-لیژنەی سکرتاریەت بە سەرۆکایەتیی محەمەد ئیحسان سلیڤانی/ نوێنەری هەرێمی کوردستان.

ت-لیژنەی تەکنیکی بە سەرۆکایەتیی محەمەد خەلیل نسەییف نوێنەری ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك.

ج-لیژنەی بەدواداچونی راستییەکان بە سەرۆکایەتیی تەحسین محەمەد عەلی کەهیە نوێنەری ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك.

دووەم- پێکهێنانی سێ ئۆفیسی سەر بە لیژنە وەزارییەکە بەم چەشنەی خوارەوە:

أ-ئۆفیسی پارێزگای کەرکوك بە سەرۆکایەتیی بابەکر سدیق ئەحمەد نوێنەری ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك.

ب-ئۆفیسی پارێزگای دیالە/ قەزای خانەقین/ راسپاردنی ئەحمەد خەفاجی نوێنەری وەزیری ناوخۆ بە دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگای دیالە و لایەنە پەیوەندیدارەکان بە مەبەستی پێکهێنانی ئۆفیسی لیژنەکە لە پارێزگای دیالە.

پ-ئۆفیسی پارێزگای نەینەوا/ قەزای شنگال/ راسپاردنی محەمەد ئیحسان نوێنەری هەرێمی کوردستان بە دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا و لایەنە پەیوەندیدارەکان بە مەبەستی پێکهێنانی ئۆفیسی لیژنەکە لە پارێزگای نەینەوا.

تێبینیی ئەوە هەیە کە لیژنەکە نوێنەرانی سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینی و تایفەگەرییەکانی تێدایەو نیاز وابوو ئەندامەکانی لە کەسانی بێلایەن و سەربەخۆ بن بەڵام هیچ ئەندامێکی لیژنەکە بێلایەن و سەربەخۆ نەبوو بەڵکو

هەمویان، جگە لە هاشم عەبدولڕەحمان چەلەبی، سەر بە لایەنە سیاسییەکان بوون.[١٤] هەر بە هۆی ئەوەشەوە کە هاشم عەبدولڕەحمان چەلەبی کەسێکی سەربەخۆ بوو، دەستی لە کار کێشایەوە چونکە لایەنە سیاسییەکان دەستیان لەکاروباری لیژنەکە وەر دەدا.

لە ٣١ی تەموزی ٢٠٠٧ دا ئەنجومەنی وەزیران لە دانیشتنی ئاسایی سی و سێهەمیندا بڕیاریدا سەرۆکایەتیی لیژنەکە بە رائید جاهد فەهمی، وەزیری زانست و تەکنەلۆژیا، بسپێرێ و لەم رووە نوسراوی ژمارە ت/ و/ ٨/ ١/ ١٣٥٩٣ی ڕێکەوتی ٢ی ئابی ٢٠٠٧ دەرچوو.[١٥]

لێرەدا دەبێ ئەوە بگوترێت کە رائید فەهمی بە درێژایی ماوەی کارکردنی وەك سەرۆکی لیژنەکە،[١٦] سەربەخۆیی خۆی پاراستووە. هەر لەو ماوەیەشدا ئەنجومەنی وەزیران رەزامەندیی لەسەر ئەوە نیشاندا کە جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ ناوەڕاست و باشوری عیراقیش بگرێتەوەو دوا بەدوای ئەمە چەند لیژنەیەك بۆ جێبەجێ کردنی ماددەکە لە باشور و ناوەڕاست پێك هێنران.[١٧]

پاش پێکهێنانی کابینەیەکی نوێ بە سەرۆکایەتیی نوری مالیکی بۆ جاری دووەم، حکومەتەکە ناو نرا حکومەتی هاوبەشیی نیشتمانی و لە ٢٢ی کانونی یەکەمی ٢٠١٠ دا کاتێك بەرنامەی حکومەتەکە راگەیەنرا، لە بڕگەی یەکەمی ئەو بەرنامەیەدا ئەمەی تێدا هاتبوو:[١٨]

"پاراستنی دەستوری عیراق و پابەندبون پێوەی و کارکردن بە هەموو ئەو شتانەی کە بڕیاری لێ داوە و لەم رووەوە هەر هەموارکردنێك کە لە ئایندەدا ئەنجام دەدرێ، تەنها و تەنها بەگوێرەی ماددەی ١٤٢ی دەستور بەڕێوە دەچێت، کاراکردنەوەی هەموو ماددە و بەندەکانی بەبێ بژارکردن و پشت بەستن بە ڕێکارە یاساییەکان وەك مەرجەعی سەرەکیی حکومەت و چارەسەرکردنی هەموو ناتەبایی و گرفتە هەڵپەسێردراوەکان لەسەر بنچینەی دەستور. هەروەها پێویستە هێزە سیاسییەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران پابەند بن بە دەستورو بەرنامەی حکومەت وەك کۆکەرەوەیەکی هاوبەشی هێزو حزبە بەشدارەکانی پرۆسەی سیاسی". پاش پێکهێنانی حکومەتی تازە، سەرلەنوێ

لیژنەکە پێك هێنرایەوە و ئەمجارە بەسەرۆکایەتیی هادی فەرحان عامری، وەزیری گواستنەوە، بوو. بۆیە لەم بارەیەوە فەرمانی ژمارە ٧٨ی ساڵی ٢٠١١ دەرچوو[١٩] و بەپێی ئەو فەرمانە لیژنەکە لەمانەی خوارەوە پێك هات:

١-هادی فەرحان حەسەن عامری/ وەزیری گواستنەوە/ سەرۆکی لیژنەکە.

٢- محەمەد ئیحسان رەمەزان/ نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لیژنەکە/ ئەندام.

٣-دکتۆر عەبدولساحب قەهرەمان عیسا/ ئەندام.

٤-ئەحمەد عەلی موحسین خەفاجی/ بریکاری وەزارەتی ناوخۆ بۆ کاروباری هێزە پشتیوانەکان/ نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ/ ئەندام.

٥-رافع خدر شبر/ بەڕێوەبەری گشتی/ نوێنەری ئۆفیسی سەرەك وەزیران/ ئەندام.

٦-باسم جاسم هەجول/ بەڕێوەبەری گشتی/ نوێنەری دەستەی ململانێکانی موڵکایەتی/ ئەندام.

٧-محەمەد خەلیل نسەییف جبوری/ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك/ نوێنەری گروپی عەرەب/ ئەندام.

٨-بابەکر سدیق ئەحمەد/ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك/ نوێنەری گروپی کورد/ ئەندام.

٩-تەحسین محەمەد عەلی کەهیە/ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك/ نوێنەری گروپی تورکمان/ ئەندام.

١٠-سالار عەبدولکەریم عەبدولجەبار شێخ/ سکرتێری گشتیی لیژنەکە.

جگە لەوە، لە ساڵی ٢٠١١ دا چەند بڕیارێکی دیکەش دەربارەی پێکهێنانی لیژنە تایبەتمەندەکان دەرچون و لەم رووەوە هەشت لیژنە پێك هێنران، ئەویش بەجۆرەی خوارەوە:[٢٠]

١-پێکهێنانی لیژنەیەك بە سەرۆکایەتیی نەرمین عوسمان حەسەن بۆ دانانی رێساو رێنمایی سەبارەت بەوەی کە بڕیارەکانی لیژنەکە ژنانی تەڵاقدارو بێوەژن بگرنەوە.

٢-پێکهێنانی لیژنەیەك بە سەرۆکایەتیی ماجد عەلی ئیبراهیم بەڕێوەبەری دەستەی گشتیی زەویی کشتوکاڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ وردبینی و تاوتوێ کردنی سکاڵاکانی ئەو جوتیارانەی کە گرێبەستە کشتوکاڵییەکانیان لە کەرکوك هەڵوەشێنراونەتەوە.

٣-پێکهێنانی لیژنەیەك بە سەرۆکایەتیی محەمەد عەبدولحوسەین جبوری بەڕێوەبەری کشتوکاڵی دیوانیە بۆ تاوتوێ کردن و چارەسەرکردنی تێکڕای ئەو گرێبەستە کشتوکاڵییانەی لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی رژێمی پێشوو لە پارێزگاکانی باشورو ناوەڕاستی عیراق بەستراون.

٤-پێکهێنانی لیژنەیەك بە سەرۆکایەتیی دکتۆر محەمەد ئیحسان بۆ دانانی رێساو رێنمایی و مەرجی تازە بۆ ئەو کەسانەی کە بڕیارەکانی لیژنەکە دەیانگرێتەوە.

٥-پێکهێنانی لیژنەیەك بە سەرۆکایەتیی باسم جاسم هەجول بۆ شەن و کەو کردنی ئەو گرێبەستە کشتوکاڵییانەی کە بڕیارەکانی لیژنەکە دەیانگرێتەوە و لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی رژێمی پێشوو بەستراون.

٦-پێکهێنانی لیژنەیەك بە سەرۆکایەتیی بابەکر سدیق ئەحمەد بۆ پێشکەش کردنی راپۆرتێکی گشتگیر دەربارەی موڵك و ماڵی وەزارەتی بەرگری پێش ساڵی ١٩٧٥ و ئەو زەوییانەی کە بەگوێرەی بڕیاری ژمارە ٣٦٩ی ساڵی ١٩٧٥ و بڕیاری ژمارە ١٠٦٥ی ساڵی ١٩٧٨ بۆ وەزارەتی بەرگری تەرخان کراون.

٧-پێکهێنانی لیژنەیەك بە سەرۆکایەتیی ماجد عەلی ئیبراهیم بەڕێوەبەری دەستەی گشتیی زەویی کشتوکاڵ لە وەزارەت بۆ تاوتوێ کردنی گرێبەستە کشتوکاڵییەکانی قەزاکانی شێخان و مەخمورو چۆنێتیی بەستنیان.

٨-پێکهێنانی لیژنەیەك بە سەرۆکایەتیی تەحسین محەمەد عەلی کەهیە بۆ تاوتوێ کردنی ئەوەی کە ئاخۆ لە توانا دایە بڕیارەکانی لیژنەکە راگوێزاوو دەرکراوەکانی گوندی باختمی بگرێتەوە یان نا.[٢١]

سێیەم- بودجەی لیژنەکە:

حکومەتی عیراق بودجەیەکی تایبەت بە لیژنەکەی دانا. بڕی هەموو ئەو پارەیەی کە بۆ لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠، لە پێکهێنانی لیژنەکەوە لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٦ وە تا ٣١ی کانونی یەکەمی ٢٠١١، تەرخان کراوە گەیشتۆتە ١,١١٤,١٩٠,٨٩٦,٠٠٠ دینار (یەك تریلیۆن و سەدو چواردە ملیار و سەدو نەوەد ملیۆن و هەشت سەد و نەوەدو شەش هەزار دینار). ئەویش بەجۆرەی کە وا لە خوارەوە دیاری کراوە:

| ساڵی تەرخان کردن | بڕی تەرخانکراو بە دینار |
|---|---|
| ٢٠٠٦ | ٥٢٠,٠٠٠,٠٠٠,٢٩ |
| ٢٠٠٧ | ٢٦٧,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| ٢٠٠٨ | ٢٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| ٢٠٠٩ | ٢٧٢,٨٣٥,٣٩٦,٠٠٠ |
| ٢٠١٠ | ١٧٢,٨٣٥,٥٠٠,٠٠٠ |
| ٢٠١١ | ١٧٢,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| سەرجەم | ١,١١٤,١٩٠,٨٩٦,٠٠٠ |
| پارەکە بە دۆلار | ٩٢٨,٤٩٢,٤١٣ دۆلار |

لیژنەکە لەوەتەی پێك هێنراوەو تا ٣١ی کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١١، سەرجەم ٥٨ کۆبونەوەی ئەنجام داوە.

دیارە لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان چەندەها لیژنەی هەمەجۆری پێك هێناوە وەك ئۆفیسەکانی لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ و لیژنەکانی تاوتوێ کردنی ڕاستییەکان و لیژنە تەکنیکییەکان و چەند لیژنەیەکی دیکەش لەپارێزگاو قەزاکان. دیارە لیژنەکە بە پێویستی زانیوە ئەو لیژنە لاوەکییانە پێك بێنێ بە مەبەستی جێبەجێ کردنی ماددەکە و هەر چوار ساڵ جارێکیش سەرۆکی لیژنەکە و هەندێ لە ئەندامەکانی دەگۆڕدران.

## تەوەری دووەم

## ئەرکەکانی لیژنەی حکومیی راسپێردراو بە جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ و میکانیزمەکەی

لیژنەی حکومیی راسپێردراو بە جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ لیژنەیەکی خاوەن دەسەڵات بووەو لە کارکردندا میکانیزمی دیاریکراوی هەبوە. ئێمە لێرەدا لەم مەسەلەیە دەکۆڵینەوە و بۆ رایی کردنی بابەتەکە وەهامان بە باش زانیوە کە ئەم تەوەرە بکەین بە دوو لقەوە:

لقی یەکەم: ئەرکەکانی لیژنەی حکومیی راسپێردراو بە جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠.

لقی دووەم: میکانیزمی کاری لیژنەی حکومیی راسپێردراو بە جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠.

### لقی یەکەم

### ئەرکەکانی لیژنەی حکومیی راسپێردراو بە جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠

لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ لیژنەیەکی دەستوریی جێبەجێکاری وەزاریی باڵایەو بە گوێرەی ماددەی ٥٨ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت لەقۆناغی گواستنەوەی ساڵی ٢٠٠٤ و ماددەی ١٤٠ی دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ی کۆماری عیراق پێك هێنراوە.

فەرمانی ژمارە ٤٦ م/ ن/ ٤٨/ ١٣٧٣ لە ٩ی ئابی ٢٠٠٦دا سەرۆکی لیژنەکەو ئەندامەکانی دیاریی کرد. سەبارەت بە ئەرکەکانی لیژنەکەش، دیارە ئەو ئەرکانە لە بەشی چوارەمی ڕێساکان ژمارە ٤٧٦ی ساڵی ٢٠١٢ و بەشی

هەشتەمی پەیوەست بەسنوری ئیداریی تایبەت بە جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور دیاری کراون، ئەویش بەجۆرەی خوارەوە:[٢٢]

ماددەی ٩:

یەکەم- لیژنەی باڵای جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور سەبارەت بەم مەسەلانەی خوارەوە ئەم راسپاردە گونجاوانەی هەیە:

أ-ئەو پرسانەی مایەی ئاسان کردنی گێڕانەوەی رەوشی ئاسایین بۆ ناوچەکانی تایبەت بەم رێسایانە و گێڕانەوەی تایبەتمەندییەکانی ئەو ناوچانە بۆ دۆخی پێش ١٧ی تەموزی ١٩٦٨ وەك گێڕانەوەی ناوە کۆنەکان بۆ یەکە کارگێڕییەکان یان گۆڕینیان بە ناوی گونجاو لەگەڵ مێژو و کەلەپوریان و ناولێنانەوەی گەڕەك و شوێنە گشتی و شەقامەکانی شارو شارۆچکەو گوندەکانی ئەو ناوچانە بە ناوی هەڵقوڵاو لە کەلەپورو مێژوی ناوچەکە یان بە ناوی پیاوماقوڵان و رۆشنبیران و کەسایەتییە مێژوییەکانی ناوچەکە، هەروەها دەرکردنی فەرمان بۆ ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان دەربارەی گێڕانەوەی ناوی یەکە کارگێڕییەکان.

ب-هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیی یەکە کارگێڕییەکان و لکاندنیان بە پارێزگای ترەوەو دەستکاری کردنی سنوریان یان چارەسەرکردنی هەر گۆڕانکارییەك کە بەسەر ئەو یەکانەدا هاتووە کە ئەم رێسایانە دەیانگرێتەوە.

پ-گێڕانەوەی دانیشتوانە هاوردەکان بۆ پارێزگاکانی کە لێوەی هاتون و قەرەبوکردنەوەیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە.

ت-ئەو کەیسانەی کەپێویستیان بە داماڵینی موڵکایەتیی ئەو موڵك و ماڵە هەیە کە لە ناوچەکانی تایبەت بەم رێسایانە پێشکەش بە دانیشتوانە هاوردەکان کراوە، بە لیژنەی چارەسەرکردنی ململانێکانی موڵکایەتی بسپێردرێن، ئەویش بەپێی برگەی أ/ ١ی ماددەی ٥٨ی یاسا راگوزەرەکەی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق لە قۆناغی گواستنەوە بۆ دەرکردنی بڕیاری قەزایی

له بارەیانەوە بەپێی یاساو قەرەبوکردنەوەیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بە چەشنێك کە خانوبەرەی لەباریان بۆ دابین بکات.

ج-تۆمارکردنی موڵکی لە خاوەندارێتیی داماڵدراو بە ناوی وەزارەتی دارایی ئەگەر هاتوو کەس نەبوو خۆی بە خاوەنی بزانێت.

چ- گێڕانەوەی راگوێزراوو ئاوارەو کۆچ پێکراوەکان لەوانەی کە پێیان خۆشە بگەڕێنەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە ئەم رێسایانە دەیانگرێتەوە، بۆ شوێنی جارانیان و قەرەبوکردنەوەی زەرەرو زیانیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە.

ح-گێڕانەوەی هاوردەکان لەوانەی کە ناویان لە تۆماری سەرژمێریساڵی ١٩٥٧ دا نیە، لەو ناوچانەی کە ئەم رێسایانە دەیانگرێتەوە، بۆ ئەو ناوچانەی پێش ٩ ی نیسانی ٢٠٠٣ لێوەی هاتوە بەو مەرجەی کە ئەمە پێش ئەنجامدانی سەرژمێری دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە ئەم رێسایانە دەیانگرێتەوە، بەڕێوە بچێت.

دووەم- لیژنەی باڵا هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات لەپێناوی:

أ-گێڕانەوەی کارمەندەکانی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە ئەم رێسایانە دەیانگرێتەوە، لەوانەی کە لە سۆنگەی هۆی سیاسی، نژادی، تایفەگەری و ئاینییەوە لە کار دەرکراون یان دور خراونەتەوە یان بۆ دەرەوەی ئەو ناوچانە گوێزراونەتەوە، بۆ کارەکانی پێشوویان یان بۆ کاری نزیك لە کاری پێشوویان بەپێی یاسا.

ب-گێڕانەوەی ئەو کارمەندانەی کە لە پارێزگاکانی ترەوە بۆ ئەو ناوچانە گوێزراونەتەوە کە ئەم رێسایانە دەیانگرێتەوە، ئەگەر هاتو گواستنەوەیان لە سۆنگەی سیاسەتی رژێمی پێشووەوە بێت کە ویستویەتی باری دیموگرافیی دانیشتوانی ئەو ناوچانە بگۆڕێت، ئەویش بەپێی یاسا.

ماددەی ١٠:

سەرۆکی لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی کاروبارو هەڵسوڕاندنی ئەرکەکانی هەیە و بۆی هەیە چی بە پێویست زانی بۆ بەدی هێنانی ئامانجی لیژنەکە بیکاو لەم رووەوە ئەم دەسەڵاتانەی هەیە:

یەکەم: نوێنەرایەتی کردنی لیژنەکە لە پەیوەندییەکانی بە لایەن و دەستەکانی ترەوە.

دووەم: دانانی سیاسەتی گشتیی لیژنەکەو سەرپەرشتی کردنی جێبەجێ کردنی ئەو سیاسەتە.

سێیەم: بەدواداچونی جێبەجێ کردنی پلان و بەرنامەو پرۆژەکانی لیژنەکە.

چوارەم: سەرپەرشتی کردنی کۆبونەوەکانی لیژنەکەو بەدواداچونی جێبەجێ کردنی راسپاردەکانی.

پێنجەم: دەرکردنی فەرمانی کارگێڕی بۆ دامەزراندن و گرێبەست و تەنسیب و هی تر.

شەشەم: پێکهێنانی لیژنەی تایبەتمەند بۆ بوارەکانی کاری لیژنەکە.

حەوتەم: نامە نوسین بۆ لایەنە فەرمی و نافەرمییەکان.

هەشتەم: نیشاندانی رەزامەندی لەسەر سەرف کردنی پارە لە بودجەی لیژنەکە.

نۆیەم: دیاریکردنی پاداشت و رەزامەندی نیشاندان لەسەر پێشکەش کردنی بە ئەندامانی لیژنەکەو کارمەندو پسپۆرەکانی دەرەوەی لیژنەکە.

دەیەم: جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی تری لیژنەکە.

ماددەی ١١:

یەکەم: لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور ئەم دەسەڵاتانەی هەیە:

أ-پەسندکردنی سیاسەتی گشتیی لیژنەکە.

ب-پەسندکردنی پلان و بەرنامەکانی کاری لیژنەکە.

پ-پێشنیارکردن و پەسندکردنی بودجەی ساڵانەی لیژنەکە.

ت-ئامادەکردنی گەلاڵەی پرۆژەی ڕێساکان بەر لەوەی کە بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەرز بکرێنەوە.

ج-گفتوگۆکردن سەبارەت بە راپۆرتی ساڵانەی کارەکانی لیژنەکەو پەسندکردنی.

دووەم: لیژنەکە بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی خۆی بدا بە سەرۆکەکەی.

ماددەی ٢٩:

یەکەم: لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور پێشنیارەکانی خۆی سەبارەت بە چارەسەرکردنی سنوری ئیداریی ناوچە جێناکۆکەکان پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران دەکات.

دووەم: سەرۆکی کۆمارو ئەنجومەنی وەزیران پێکەوە بۆیان هەیە راسپاردە پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران بکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەو گۆڕانکارییە ناعادیلانەیە.

دیارە ئەمە ئەرکێکی بنەڕەتیی لیژنەی حکومیی راسپێردراو بە جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ دیاری دەکات، ئەویش نەهێشتنی ئەو زوڵم و زۆرەیە کە بە هۆی هەڵسوکەوتی داپلۆسێنەرانە و سیاسەتی رەگەزپەرستانەی رژێمی پێشووەوە لە دژی عیراقییەکان، هاتۆتە دی و لە ئاکامدا ئەوانەی کە زوڵمیان لێ کراوە راگوێزراون و خەڵکانێکی بێگانە لە دورەوە هێنراونو لە جێی ئەوان نیشتەجێ کراون و زۆر دانیشتوان لە کار بێبەش کراون و دەرکراون و دەست بەسەر موڵك و ماڵ و زەویوزاریاندا گیراوەو هەروەها ناچار کراون رەچەڵەکی خۆیان بگۆڕن، هەروەك لە ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ ی دەستوری کۆماری عیراقدا گۆڕینێکی دیموگرافی ئەنجام دراوە وەك ئەوەی کە لە کەرکوك رویداوەو هەروەها سنوری ئیداریی پارێزگاکان لە سۆنگەی فاکتەری سیاسییەوە دەستکاری کراوە، بۆیە دەبێ کار بکرێ بۆ رەوشەکە وەکو پێش ١٧ی تەموزی ١٩٦٨ ی لێ بکرێتەوە.[٢٣]

بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی لیژنەکە، لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ چەند بڕیارێکی دەرکرد، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ-بڕیاری ژمارە ١ ی رێکەوتی ١٦/ ١/ ٢٠٠٧ سەبارەت بە گێڕانەوەی هەموو کارمەندەکانی دانیشتوانە رەسەنەکانی ناوچە جێناکۆکەکان، ئەوانەی کە کورد و تورکمان و ئاشوری و کلدان و عەرەبن و لەسۆنگەی فاکتەری سیاسی و نژادی و تایفەگەری ئاینییەوە دەرکراون و بۆ دەرەوەی ناوچە جێناکۆکەکان دور خراونەتەوە، ئەمەش ماوەی نێوان ١٧ ی تەموزی ١٩٦٨ و ٩ ی نیسانی ٢٠٠٣ دەگرێتەوە.

ب-بڕیاری ژمارە ٢ ی رێکەوتی ١٦/ ١/ ٢٠٠٧ سەبارەت بە گێڕانەوەی خێزانە راگوێزراوو دەرکراوەکان، لەوانەی کە بە هۆی سیاسەتەکانی رژێمی پێشووەوە لە ماوەی نێوان ١٧ ی تەموزی ١٩٦٨ و ٩ ی نیسانی ٢٠٠٣ لە ناوچە جێناکۆکەکان لەوانە کەرکوك راگوێزراون و دەرکراون، گێڕانەوەیان بۆ ناوچەکانی خۆیان و قەرەبووکردنەوەیان.

پ-بڕیاری ژمارە ٣ ی رێکەوتی ٤/ ٢/ ٢٠٠٧ سەبارەت بە گێڕانەوەی خێزانە هاوردەکانی ناوچە جێناکۆکەکان لەوانە کەرکوك، کە لە ماوەی نێوان ١٧ی تەموزی ١٩٦٨ و ٩ ی نیسانی ٢٠٠٣ لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی رژێمی پێشوودا هێنراون بۆ ناوچە جێناکۆکەکان، گێڕانەوەیان بۆ ناوچەکانی پێشوویان و قەرەبووکردنەوەیان.

ت-بڕیاری ژمارە ٤ی رێکەوتی ٤/ ٢/ ٢٠٠٧ سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو گرێبەستە کشتوکاڵییانەی کە لە چوارچێوەی سیاسەتی گۆڕینی دیمۆگرافیدا لە ناوچە جێناکۆکەکان لەوانە کەرکوك، بەستراون و گێڕانەوەی دۆخەکە بۆ سەردەمی پێش بەستنی ئەو گرێبەستانە.

ج-بڕیاری ژمارە ٥ ی رێکەوتی ١٣/ ٨/ ٢٠٠٧ کە تایبەتە بە سەرف کردنی پارەی قەرەبوو بۆ ئەوانەی کە بە هۆی سیاسەتەکانی رژێمی پێشووەوە زیانیان لێ کەوتووە.

چ-بڕیاری ژمارە ٦ی ڕێکەوتی ١/ ١٠/ ٢٠٠٧ سەبارەت بە لابردنی زوڵم و زۆر لەسەر دانیشتوانی هەردوو ناوچەی تسعین و حەمزەلی و گێڕانەوەی زەویی دەست بەسەردا گیراوو زەوییە کشتوکاڵییە زەوتکراوەکان، کە بەپێچەوانەی یاساوە لێیان زەوت کراوە، بۆ خاوەنە رەسەنەکانیان (ئەم بڕیارە تا ئەمڕۆ جێبەجێ نەکراوە چونکە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران پەسندی نەکردووە).

ح-بڕیاری ژمارە ٧ ی ڕێکەوتی ٢١/ ٧/ ٢٠٠٩ سەبارەت بە لابردنی زوڵم و زۆر لەسەر دانیشتوانی ناوەڕاست و باشوری عیراق بە هۆی راگواستنیان لە ناوچەکانیان.

هەروەها چەند لیژنەیەکی تایبەتمەند بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکانی لیژنەی باڵا پێك هێنران، ئەویش بەجۆرەی خوارەوە.

یەکەم- لیژنە تایبەتمەندەکان:

پێنج لیژنەی لاوەکی و سێ ئۆفیس بەپێی بڕیاری ١٢/ ٩/ ٢٠٠٦ ی لیژنەی باڵای جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ پێك هێنران و لێپرسراوی لیژنەکان و بەڕێوەبەری ئۆفیسەکان بەم چەشنەی خوارەوە دیاری کران:

أ-لیژنەی سکرتاریەت بە سەرۆکایەتیی محەمەد ئیحسان سلیڤانی.

ب-لیژنەی دارایی بە سەرۆکایەتیی نەرمین عوسمان.

پ-لیژنەی بەدواداچونی راستییەکان بە سەرۆکایەتیی تەحسین کەهیە.

ت-لیژنەی تەکنیکی بە سەرۆکایەتیی محەمەد خەلیل جبوری.

ج-لیژنەی بەدواداچون بە سەرۆکایەتیی رائید فەهمی.

دووەم- کردنەوەی ئۆفیسەکان.

چەند ئۆفیسێك بۆ لیژنەکە لەم شوێنانەی خوارەوە کرانەوە:

أ-ئۆفیسی کەرکوك کە بابەکر سدیق بەڕێوەی دەبات.

ب-ئۆفیسی خانەقین کە عەدنان خانەقینی بەڕێوەی دەبات.

پ-ئۆفیسی شنگال کە عەبدولقادر شنگالی بەڕێوەی دەبات.

خوێندنەوەی هەموو ئەوەی لێرە گوتراوە بەم ئاکامەمان دەگەیەنێت کە ئەرکی لیژنەی حکومیی راسپێردراو بە جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠،

نەهێشتنی زوڵم و زۆرە لەسەر هەردوو پێکهاتەی کوردو تورکمانی ناوچە جێناکۆکەکان کە لە ماوەی نێوان ١٧ی تەموزی ١٩٦٨ و ٩ی نیسانی ٢٠٠٣ لەژێر چەوسانەوەدا بوون، ئەویش بەگێڕانەوەی راگوێزراوەکان بۆ خاکی باو باپیرانیان و قەرەبوکردنەوەیان بە چەشنێکی عادیلانە. دیارە ئەمەش بەبێ گێڕانەوەی موڵك و ماڵە زەوتکراوەکانیان نایەتە دی، هەروەها پێویستە دەستی یارمەتییان بۆ درێژ بکرێت تاکو لە زێدگاکانی خۆیان نیشتەجێ بکرێن و زەوی و زارە زەوتکراوەکانیان پێ بدرێتەوە، هەروەك دەبێ هاوردە عەرەبەکانی ناوەڕاست و باشوری عیراقیش بگێڕدرێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان و ئاسانکاریشیان بۆ بکرێ، هەروەها دەبێ چاکسازی لەبواری سنورییە ئیدارییەکاندا بکرێت.

بەکورتی، کاری لیژنەکە بریتی بوو لە گێڕانەوەی بارودۆخەکە بۆ پێش تەموزی ١٩٦٨ و هەڵوەشاندنەوەی هەنگاوە سیاسی و یاساییەکانی سەردەمی رژێمی پێشوو لەدژی ناوچە جێناکۆکەکان چونکە رژێمی پێشوو کاری رەگەزپەرستانەو زاڵمانەی لە دژی دانیشتوانی رەسەنی ئەو ناوچانە کردووە، بۆیە پێویستە کار بۆ ئاسایی کردنەوەی رەوشی ئەو ناوچانە بە شێوەیەکی ریشەیی بکرێت.

## لقی دووەم

## میکانیزمی کاری لیژنەی حکومیی راسپێردراو بە جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠

میکانیزمی کاری لیژنەی حکومیی راسپێردراو بە جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ لە چەند قۆناغێك پێکدێ بۆ جێبەجێ کردنی بڕگەکانی ماددەکە، ئەویش بەجۆرەی خوارەوە:

قۆناغی یەکەم: ئاسایی کردنەوە.

قۆناغی دووەم: سەرژمێری.

قۆناغی سێیەم: ڕاپرسی.

لێرەدا لە دوو بڕگەدا لەم سێ قۆناغە دەکۆڵینەوە.

بڕگەی یەکەم: دەربارەی ئاسایی کردنەوە.

بڕگەی دووەم: دەربارەی سەرژمێری و ڕاپرسی.

## بڕگەی یەکەم: دەربارەی ئاسایی کردنەوە

مەبەست لە ئاسایی کردنەوە، ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکوك و باقی ناوچە جێناکۆکەکان و قەرەبوکردنەوەیە، ئەویش بەم ڕێوشوێنانەی خوارەوە:[٢٤]

یەکەم- گێڕانەوەی هاوردەکان و ڕاگوێزراوەکان و کۆچ پێکراوەکان و کۆچبەرەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان، ئەویش بەم ڕێوشوێنانەی خوارەوە:

أ-گێڕانەوەی خێزانە هاوردەکان کە ڕژێم لە چوارچێوەی سیاسەتی بەعەرەب کردنی ناوچەکەدا هاوردەی کردون بۆ ناوچە جێناکۆکەکان لەوانە کەرکوك، گێڕانەوەیان بەشێوەیەکی ئارەزومەندانە بەپێی بڕیاری ژمارە ٣ی لیژنەکە بۆ ئەو ناوچانەی کە لێوەی هاتون و قەرەبوکردنەوەیان بە ٢٠ ملیۆن دینار و پارچە زەوییەك کە لەو ناوچانەی لێوەی هاتون بۆیان تەرخان دەکرێت.

ب-گێڕانەوەی خێزانە ڕاگوێزراوو دەرکراوەکانی ناوچە جێناکۆکەکان کە ڕژێمی پێشوو لە چوارچێوەی سیاسەتەکەی خۆیدا بۆ پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوری عیراق دوری خستونەتەوە، گێڕانەوەیان بۆ ناوچەکانی خۆیان بەپێی بڕیاری ژمارە ٢ی لیژنەکەو قەرەبوکردنەوەیان بە بڕی دە ملیۆن دینارو پارچە زەوییەك لەو ناوچانەی کە لێی ڕاگوێزراون.

پ-گێڕانەوەی خێزانە ڕاگوێزراوو دەرکراوەکانی ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عیراق کە ڕژێمی پێشوو لە چوارچێوەی سیاسەتەکەی خۆیدا ڕایگواستون، گێڕانەوەیان بۆ ناوچەکانی خۆیان بەپێی بڕیاری ژمارە ٧ی لیژنەکەو قەرەبوکردنەوەیان بە بڕی دە ملیۆن دینار و پارچە زەوییەك لەو ناوچەیەی کە لێی ڕاگوێزراون.

ئینجا بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارانە، لیژنەکە هەشت ئۆفیسی لە کەرکوك، بەسرە، میسان، واست، زیقار، بابل، شنگال و خانەقین کردەوە، سەرباری دانانی چەند ئەندامێك بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان لیژنەکەو پارێزگاکان لە بەغدا، نەجەف، کەربەلا، دیوانیە، موسەننا، دیالە و قەزای دوجێل. هەروەها لیژنەکە چەند کۆمیسیۆنێکی بەدواداچونی ڕاستییەکانی لە ئۆفیسە نابراوەکان پێك هێنا، هەروەك دوو لیژنەی تەکنیکیشی لە هەر یەك لە کەرکوك و بابل کردەوە.

لیژنەکە دەستی کرد بە دابەشکردنی ئەنکێت بەسەر ئەو کەسانەی کە هاوردەو ڕاگوێزراوو دورخراوەو دەرکراون و بڕیارەکانی لیژنەکە دەیانگرێتەوە، ئەویش لەرێی ئەو ئۆفیسانەوە کە لە کەرکوك، بەسرە، میسان، واست، زیقار، بابل، شنگالو خانەقین کردبویەوەو هەروەها لەرێی ئەو ئەندامانەی کە پەیوەندییەکانی لیژنەکەیان لە پارێزگاکان رێك دەخست.

لیژنەکە لە ماوەی نێوان ١ی تەموزی ٢٠٠٧ و ٣٠ ی ئازاری ٢٠٠٨ ئەنکێتی لە ناوچە جێناکۆکەکاندا، لەوانە کەرکوك، لە رێی ئۆفیسەکانی لیژنەکە لە کەرکوك و شنگال و خانەقین دابەش کرد.

لیژنەکە کەوتە کارکردن لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عیراق و لە ماوەی نێوان ١ ی تەموزی ٢٠١٠ و ٣٠ ی حوزەیرانی ٢٠١١ دا لەو ناوچانە ئەنکێتی بەسەر راگوێزراوو دەرکراوەکاندا دابەش کرد، ئەویش لە رێی ئەو ئۆفیسانەی کە لە پارێزگاکانی بەغدا، زیقار، میسان، واست و بابل هەیبوو و هەروەها لە رێی ئەو ئەندامانەوە کە پەیوەندییەکانی لیژنەیان لە پارێزگاکانی بەغدا، نەجەف، کەربەلا، موسەننا، دیوانیە، دیالە و قەزای دوجێل رێك دەخست.

سەبارەت بە برگەی ئاسایی کردنەوە کە تایبەتە بە گێڕانەوەی خێزانە هاوردەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان لە ناوەڕاست و باشوری عیراق و ژمارەیان زێدەتر لە ٤٠ هەزار خێزانە، دەردەکەوێ کە لەو خێزانانە تەنها ٢٢ هەزار

خێزان، بەپێی نوسراوە فەرمی و چەکە سەرفکراوەکان، گەڕاونەتەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان.[25]

ئەمە بەم مانایە دێت کە ٥٥٪ ی ئەو خێزانە هاوردە عەرەبانەی لە ساڵی ١٩٧٦ بەدواوە بۆ بەعەرەب کردنی ناوچەکە هێنراون، گەڕاونەتەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بڕگەی (أ) ی ماددەی ١٤٠ خێزانە هاوردەو راگوێزراوەکانی سەرپشك کردووە لە گەڕانەوەو نەگەڕانەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان بەڵام بۆ هاندانی خێزانە هاوردەکان بۆ گەڕانەوە بڕێکی باش پارەیان وەك قەرەبوو پێ دەدرێت بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە و ئەو بڕە قەرەبووەی کە ئەوان وەری دەگرن دوو ئەوەندەی ئەو بڕەیە کە بە کوردێکی راگوێزراوو تورکمانێکی راگوێزراو دەدرێ، سەرباری ئەوەی کە خێزانە هاوردەکان کە بۆ بەعەرەب کردنی ناوچەکە هێنراون، لە کاتی خۆیدا پارەیان پێ دراوەو زەویشیان پێشکەش کراوە. ئەو خێزانانەی کە ماونەتەوەو بڕیاریان داوە نەگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، مافیان نیە دەنگ لەسەر چارەنوسی ناوچەکە بدەن، واتە بۆیان نیە بەشدار بن لەدەنگدان لەسەر گەڕانەوەی ناوچەکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان یان نەگەڕانەوەی.

سەبارەت بە بڕگەی دووەم (ب) کە تایبەتە بە گەڕانەوەی خێزانە راگوێزراوە کورد و تورکمانەکان بۆ شوێنەکانیان لە ناوچە جێناکۆکەکان، ڕێژەی ئەوانەی کە گەڕانەوە گەیشتۆتە ٩٠٪، ئەمەش بەپێی دیکۆمێنتە فەرمی و چەکە سەرفکراوەکان.[26] ئەوانەی کە بۆ شارەکان گەڕانەوە بڕی دە ملیۆن دیناریان وەرگرت بەڵام پارچە زەوییان وەرنەگرت، ئەویش بەو بیانووەی کە هیچ زەوییەك بۆ دابەش کردن ئامادە نەکراوە. دێهاتەکانیش لەوانەی کە گەڕانەوە هەر یەکەیان بڕی پێنج ملیۆن دیناری وەرگرت بەڵام هەندێکیان هیچ قەرەبوویەکیان پێ نەدراو هێشتا چاوەڕێی وەرگرتنی قەرەبووەکە دەکەن چونکە پارەی تەرخانکراو بۆ ئەم مەبەستە بەش ناکات. هەروەها هەندێ لە خێزانە هاوردەکانیش بڕی بیست ملیۆن دینارەکەیان پێ نەدرا کە ئەمەش بەم مانایە

دێت کە قەرەبووە سەرفکراوەکان بە مانای وشە قەرەبوو نەبوون بەڵکو تەنها بۆ دڵ ڕاگرتن بوون، واتە ئەو پارەیەی کە دراوە ئەوەندەی کە بۆ دڵ ڕاگرتن بووە ئەوەندە بۆ قەرەبووکردنەوە نەبوە.[٢٧]

سەبارەت بەماددەی سێیەمیش (پ) کە تایبەتە بە گێڕانەوەی خێزانە ڕاگوێزراوو دەرکراوەکانی ناوەڕاست و باشوری عیراق بۆ ناوچەکانی خۆیان بەپێی بڕیاری ژمارە ٧ی لیژنەکە، هێنانی ئەو خێزانانە بۆ ناو مەسەلەکەو کارکردن بۆ ئەوەی ئاسایی کردنەوە بیانگرێتەوە، یەکێك بوو لە پێشنیارەکانی دکتۆر حەنان فەتلاوی، ڕاوێژکاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق نوری مالیکی. حکومەتی مالیکی پێشنیارەکەی فەتلاویی پەسند کردو لەساڵی ٢٠٠٩ دا بڕیاری بۆ دەرکرد، ئیدی دوا بەدوای ئەمە بڕیاری ئاسایی کردنەوە ناوەڕاست و باشوری عیراقی گرتەوەو بەگوێرەی ئەمە چەند ناوچەیەکی تر خرانە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠ ی دەستوری عیراق.[٢٨]

هەرچەند بڕیارەکە بڕیارێکی دەستوری بوو، بەڵام مالیکی مەبەستی تایبەتی خۆی لە دەرکردنی ئەم بڕیارەدا هەبوو لەوانە گەورەکردنی کێشەکە بە جۆرێك کە ئیتر کات بۆ جێبەجێ کردنی ماددەکە لەبەر دەستدا نەبێ چونکە سودمەندی یەکەم لە جێبەجێ کردنی ماددەکەدا کوردە. بە هۆی بڕیارەکەی مالیکییەوە قەرەبووکردنەوە چەندین ناوچەی گرتەوەو بە هۆی ئەمەوە هەندێ وەهای بۆ دەچن کە سەرف کردنی پارەی قەرەبووە بڕیارلێدراوەکان زیاد لە دە ساڵی دیکەی گەرەکە[٢٩].

گشت ئەوەی لەمەوبەر باس کرا، دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین گێڕانەوەی خێزانە هاوردەکان لە ئاستی پێویستدا نەبوە، قەرەبووکردنەوەش بە ڕێکوپێکی بەڕێوە نەچوە.

دووەم-گێڕانەوەی کارمەندەکان بۆ سەر کارەکانی جارانیان[٣٠]:

ئەمە ئەو کارمەندانە دەگرێتەوە کە بڕیاری ژمارە ١ و بڕیاری ژمارە ٧ دەیانگرێتەوە کە هەر هەموویان لە کارەکانیان دەرکراون یان بۆ ناوچەکانی تر گواستراونەتەوە.

ئەم بڕگەیە هێشتا لە ناوچە جێناکۆکەکاندا هەم لە کەرکوکو هەم لە باقی پارێزگاکان بە چاکی جێبەجێ نەکراوە چونکە وەزارەتەکانی حکومەتی فیدرال، هەندێ وەزارەتی لێ دەرچێ، خاوخلیچکیی تێدا دەنوێنن، ئەویش لەبەر ئەوەی وەزارەتی دارایی ڕێنمایی بۆ ئەو وەزارەتانە دەرکردووە کە "گواستنەوەی کارمەندان تەنها پلە وەزیفییە بەتاڵەکان دەگرێتەوەو لەچوارچێوەی خەرجیی تەشغیلیی هەرێم بەرێوە دەچێت، ئەویش لەبەر ئەوەی لە تواناداا نیە بودجە بۆ لیژنەکە زیاد بکرێ چونکە ئەمە لەگەڵ بڕگەی (١٦-حەوتەم) ی یاسای ژمارە ١٠ ی ساڵی ٢٠١٠ی بودجەی گشتیی فیدراڵیی دەوڵەت یەك ناگرێتەوە چونکە ئەم یاسایە ڕێژەی ١٧٪ ی سەرجەم خەرجیی تەشغیلی و تێچووی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی بودجەی گشتیی فیدراڵی بۆ هەرێم تەرخان کردووەو نابێ ڕێژەکە تێپەڕێنرێ".

سێیەم: هەڵوەشاندنەوەی ئەو گرێبەستە کشتوکاڵییانەی کە بەپێی بڕیارەکانی ئەنجومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتیی شۆڕش و لیژنەی کاروباری باکور لە ناوچە جێناکۆکەکان لەوانە کەرکوکو لە ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ کە چەند ناوچەیەك لەپارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوری عیراق دەگرێتەوە[٣١].

ئەم بڕگەیە چەند بوارێك دەگرێتەوە لەوانە هەڵوەشاندنەوەی ئەو گرێبەستە کشتوکاڵییانەی لە ناوچە جێناکۆکەکان لەوانە کەرکوك لە سەردەمی ڕژێمی پێشوو ئەنجام دراون و مەبەست لێیان گۆڕینی دیموگرافیای ئەو ناوچانە بووە. ژمارەی ئەو گرێبەستانە گەیشتۆتە ٥٥٨٧ گرێبەستی کشتوکاڵی. هەموو ئەم گرێبەستانە لەڕۆژی ٢٩ی ئازاری ٢٠٠٧دا بەپێی خاڵی چوارەمی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران لە دانیشتنە نائاساییەکەیدا هەڵوەشێندراونەتەوە چونکە ئەم گرێبەستانە پاش زەوت کردنی زەوی و زاری جوتیارو زەویدارە کوردو

تورکمانەکان و بەپێی بڕیارو فەرمانەکانی ئەنجومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتیی شۆڕش و لیژنەی (هەڵوەشاوەی) کاروباری باکور، ئەنجام دراون، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ-ئەو گرێبەستە کشتوکاڵییانەی کە بەپێی بڕیارەکانی لیژنەی (هەڵوەشاوەی) کاروباری باکور ئەنجام دراون:

ئەم بڕیارانە لە کاتی خۆیدا بۆ زەوت کردنی زەوی و زاری کشتوکاڵی جوتیارانی کوردو تورکمان یان بۆ گۆڕینی زەوی و زاری کشتوکاڵیی عەرەبە هاوردەکان دەرکراون، ئەمەش ئەو شوێنانەی گرتۆتەوە کە پێیان وتراوە پشتێنەی ئاسایشی پارێزگای کەرکوك، پاشان ئەو زەوییانە گرێبەستیان بۆ کراو دران بە جوتیارە عەرەبەکان لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی رژێمی پێشوو بۆ بەعەرەب کردنی پارێزگاکە. ژمارەی گرێبەستە کشتوکاڵییەکان کە بەپێی ئەم بڕیارانە ئامادە کراون، گەیشتۆتە ٣٣٠٤ گرێبەست. بەڵام هەموو ئەم گرێبەستانە بەپێی خاڵی چوارەمی بڕیاری سێیەم دانیشتنی نائاسایی ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٩ی ئازاری ٢٠٠٧ هەڵوەشێنرانەوە. ئێستا زۆربەی ئەم زەوییانە بۆ خاوەنە رەسەنەکانیان گەڕاونەتەوەو ئەوانەی کە گرێبەستەکانیان هەڵوەشێنرایەوە داوای قەرەبویان لە لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ کردووە.

دواتر بڕی ١٨٩٦ جوتیار قەرەبویان وەرگرت، ئەویش لە پای نرخی خانوو و درەخت و بیرەکان. ئەوانی دیکەش کە ژمارەیان ١٤٠٨ کەسە، نیاز وابوو لە بودجەی ساڵی ٢٠١٢ی لیژنەکە قەرەبوو بکرێنەوە.

ب-ئەو گرێبەستە کشتوکاڵییانەی بەپێی بڕیارەکانی ئەنجومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتیی شۆڕش ئەنجام دراون:

رژێمی پێشوو ژمارەیەك بڕیاری دەرکردووە بەمەبەستی ئیستیملاك کردنی زەوی وزاری زەویدارانی کوردو تورکمان، ئەویش لەچوارچێوەی سیاسەتی بەعەرەب کردن و گۆڕینی دیمۆگرافیای پارێزگاکەدا. لەم بوارەدا ٢٢٨٣ گرێبەستی کشتوکاڵی ئامادە کران کە ئەمانەش هەر هەموی بەپێی خاڵی

چوارەمی بڕیاری سێیەم دانیشتنی نائاسایی ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٩ی ئازاری ٢٠٠٧ هەڵوەشێنرانەوە. هەندێ لەم زەوی و زارە ئێستا بۆ خاوەنەکانیان گەڕاوەتەوەو هەندێکی دیکەشی هەر لە لای ئەو جوتیارانەیە کە گرێبەستیان بۆ زەوییەکان کردبوو و ئەمانە هیچ داوایەکیان بۆ وەرگرتنی قەرەبوو پێشکەش بە لیژنەی ماددەی ١٤٠ نەکردووە.

لیژنەکە بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی شورای دەوڵەت پڕۆژە یاسایەکی بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارانە ئامادە کردو لە ڕێی ئەنجومەنی شوراوە بۆ ئەمینداریێتیی گشتیی ئەنجومەنی وەزیرانی نارد، ئەویش بەپێی نوسراوی ژمارە ٢٢٣٧ ی ڕێکەوتی ٣٠ی شوباتی ٢٠٠٨ بۆ ئەوەی پڕۆژەکە بخرێنە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەسندکردنی و ناردنی بۆ ئەنجومەنی نوێنەران.

لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری ژمارە ٣٥٨ی ساڵی ٢٠١١ی چل و حەوتەمین دانیشتنی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٧ی ئەیلولی ساڵی ٢٠١١ دەربارەی ڕاسپاردنی لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ ی دەستوری کۆماری عیراق بە پێشکەش کردنی ڕاپۆرتێکی گشتگیر بە هاوکاریی نوێنەرانی وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەمینداریێتیی گشتیی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆو نەوت و دارایی و کشتوکاڵ و دەستەی سکاڵاکانی موڵکایەتی، سەرباری نوێنەرێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو مەرجەی کە ئاستی نوێنەرەکان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت و هەروەها بەو مەرجەی کە ڕاپۆرتەکە مەسەلەی ماددەی ١٤٠ ی دەستورو ماددەی ٥٨ ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق لە قۆناغی گواستنەوە یەکلایی بکاتەوە.

لیژنەکە بە هاوکاریی نوێنەرانی وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارە ناوبراوەکان ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەلی ئامادە کردو تێیدا لە هەموو ڕوویەکەوە مەسەلەی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستە کشتوکاڵییەکان و بڕیارەکانی ئەنجومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتیی شۆڕش و لیژنەی (هەڵوەشاوەی) کاروباری باکوری چارەسەر کردو ڕاپۆرتەکەی بە ڕاسپاردەکانەوە بۆ سەرۆکایەتیی

ئەنجومەنی وەزیرانی بە نوسراوی نهێنی و تایبەت و زۆر بەپەلەی ژمارە ٥٥٠ ی ڕێکەوتی ١٩ ی کانونی یەکەمی ٢٠١١ ی نارد بۆ ئەوەی لە یەکێ لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی وەزیران گفتوگۆی لەسەر بکرێت. ئەنجومەنی وەزیران لە دانیشتنی ئاسایی ڕێکەوتی ٢٤ی کانونی دووەمی ٢٠١٢ دا گفتوگۆی لەسەر راپۆرتەکە کردو ئەم بڕیارانەی دەرکرد:

یەکەم: بڕیاری ژمارە ٢٩ی ساڵی ٢٠١٢. بەپێی ئەم بڕیارە هەموو بڕیارەکانی لیژنەی (هەڵوەشاوەی) کاروباری باکور تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی مافەکانی تەسەروف بە زەوی و زاری غەیرە عەرەبەکان هەڵوەشێنرانەوەو ئەو گرێبەستە کشتوکاڵییانەش کە لەگەڵیاندا بەستراوە هەڵوەشێنرانەوە وەك لە راسپاردەکانی لیژنەکەدا باسیان لێوە کراوە و قەرەبوکردنەوەی ئەو هاوولاتییانەی کە لە هەڵوەشاندنەوەی بڕیارە ناوبراوەکان زەرەرمەند دەبن ئەویش لە پای خانووبەرە و درەختی چێندراوو دروست کردنی بینای تازە لەسەر ئەو زەوییانەی کە بەپێی ئەم بڕیارە بۆ خاوەنە راستەقینەکانیان گەڕێندراونەتەوە و قەرەبوکردنەوەیان بە پارچە زەوی بۆ نیشتەجێبون لە پارێزگاکانی خۆیان بەو مەرجەی کە ئەو زەوییانە نزیك بن لە شوێنی نیشتەجێبونیان لەو پارێزگایانە.

دووەم: بڕیاری ژمارە ٣٠ی ساڵی ٢٠١٢. لەم بڕیارەدا راسپاردەیەك بۆ ئەنجومەنی وەزیران هەیە، داوای لێ دەكا ئەو بڕیارانەی ئەنجومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتیی شۆڕش هەڵبوەشێنرێنەوەو کە لە راسپاردەکانی لیژنەکەدا هاتون و راسپاردنی ئەنجومەنی شورای دەوڵەت بە ئامادەکردنی پرۆژە یاسایەکی نوێ بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی (هەڵوەشانەوەی) سەرکردایەتیی شۆڕش و چارەسەرکردنی لێکەوتەکانی هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارانە بەپێی بنەماکانی ناو راسپاردەکانی لیژنەکە.

لەم بارەیەوە بابەکر سدیق ئەحمەد دەربارەی بڕیارەکانی لیژنەی کاروباری باکور وتویەتی "ئێمەی ئەندامانی لیژنەی باڵای ماددەی ١٤٠ پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانمان کرد. داوایەکمان پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران

کرد، هەروەها داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی هەڵوەشاوەی سەرکردایەتیی شۆڕشمان کرد. وەك زانراوە، ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی لیژنەی کاروباری باکوری هەیە. لەڕاستیشدا ئەنجومەنی وەزیران چەند بڕیارێکی تایبەتی لەم بارەیەوە دەرکرد، وەك لەمەوپێش ئاماژەمان پێ دابوو".

بەپێی بڕیارەکانی لیژنەی کاروباری باکور دەوڵەت دەستی بەسەر ٩٠٠ هەزار دۆنم زەویی کشتوکاڵی کوردو تورکمانەکاندا گرت و بە سەر لایەنەدیاریکراوەکاندا دابەشی کرد. بەم پێیە، ئەم زەوییانە دران بە وەزارەتەکانی بەرگری، نەوت، کشتوکاڵ و دارایی و دواتریش پشکی وەزارەتی دارایی بەسەر خێڵە هاوردە عەرەبەکانی کەرکوك دا دابەش کرا.

بە گوتەی مەهدی موبارەك بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵی کەرکوك لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی "وشە" سەبارەت بەم بابەتە، ئەم زەوییانە بەهۆی نزیکەی ٦٠٠٠ گرێبەستەوە دابەش کران، بەسەر عەرەبە هاوردەکاندا دابەش کران و هەر سەرەك خێڵێك ٢٥٠ دۆنمی چنگ کەوت و هەر جوتیارێکی خێڵەکە ١٠٠ دۆنمی پێ درا، پاشان یارمەتییان درا تا بیری ئیرتیوازی هەڵکەنن و دواتریش تۆ و پێداویستییەکانی تری کشتوکاڵیان بۆ دابین کرا بۆ ئەوەی لەو زەوییانە جێگیر بن. بەپێی بڕیاری ژمارە ٢٩ی رێکەوتی ٢٥ کانونی دووەمی ٢٠١٢ ی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق هەموو بڕیارەکانی لیژنەی کاروباری باکور هەڵوەشێنرانەوە.

جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە لە ئەستۆی وەزارەتی دادی عیراق بوو کە دەبوایە رێنمایی بۆ فەرمانگەی تۆمارکردنی خانوبەرەی کەرکوك دەر بکات تاکو گرێبەستەکان بگۆڕی و بە ناوی خاوەنە راستەقینەکانەوە تۆماریان بکات، بەڵام وەزیری داد پشت گوێی خست بەو بیانووەی کە بڕیارەکانی لیژنەی کاروباری باکور لەڕوی هێزی یاساییەوە لە ئاستی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش دان[٣٢] و ئەم بڕیارانە هێزێکی یاسایی وەهایان هەیە کە مەگەر تەنها

پەرلەمان بتوانێ هەڵیانبوەشێنێتەوە، ئەویش پاش ئەوەی کە وەك پرۆژە دەخرێنە بەر دەمی. لێرەدا نوری مالیکی پشتیوانیی لەو لێکدانەوەیە کرد.

ئەمە لەلایەك. لە لایەکی ترەوە، هەردوو وەزارەتی بەرگری و نەوت رازی نەبون یەك بست لەو زەوییانە بدەنەوە بە خاوەنە راستەقینەکانیان.[٣٣] لە ئەنجامی ئەم بارودۆخەدا دەکرێ بڵێین یەك جوتیار لە رێی یاساوە زەوییەکەی وەرنەگرتۆتەوە. بەڵام لێکۆڵیار وای بۆ دەچێ کە کاتێك وڵات وڵاتێکی فرە ئیتنیك دەبێت و دەسەڵاتیش دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر دەبێ و دەست بە گۆڕینی دیموگرافی دەکات و کاتێك ئەو دەسەڵاتە دەڕوخێ، ئەوا رژێمە دیکتاتۆرەکە و بیروباوەڕە رەگەزپەرستییەکەشی لەناو دەچن و پێویستە لەسەر ئەو دەسەڵاتەکەی کە جێی دەگرێتەوە، بەوەش کە دەسەڵاتێکی فیدرال و دیموکراتە، هەموو بڕیارەکانی دژ بە پێکهاتەکانی دەوڵەت کە رژێمی روخاو داویێتی، هەڵبوەشێنێتەوە چونکە دەسەڵاتێکی روخاو شەرعیەتی نەبوە و بڕیارەکانیشی هیچ هێزێکی یاسایی و دەستوریشیان نابێ.

لە کۆتایی ئەم پەرەگرافەدا دەبێ بگوترێت بڕیارەکانی لیژنەی کاروباری باکورو ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش تایبەت بە دەست گرتن بە شێوەیەکی ناڕەوا بەسەر زەوی و زاری جوتیارە کوردو تورکمانەکانی کەرکوکدا، هێشتا بە تەواوی هەڵنەوەشێنراونەتەوە و هێشتا ئەو زەوییانە نەدراونەتەوە بە خاوەنەکانیان و تا ئێستا ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق هیچ یاسایەکی بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارانە دەر نەکردووە.

چوارەم: دەربارەی سنوری ئیداری. رژێمی بەعس لە ١٧ ی تەموزی ١٩٦٨ دەسەڵاتی گرتە دەست و پاش یەك ساڵ لە هاتنی ئەم حزبە بۆ سەر کار، دەستی بە دەستکاری کردنی سنوری کوردستان کرد.

بەعسییەکان بە مەرسومێکی کۆماری بە ژمارە ١٠٦٦ لە ١٧ ی ئەیلولی ١٩٦٩ پێکهێنانی پارێزگاری دهۆکیان راگەیاند. پارێزگا تازەکەی دهۆك تەنها لە چوار قەزا پێك هاتبوو کە بریتی بوون لە قەزاکانی دهۆك، زاخۆ، ئاکرێ و

ئامێدی. دوو قەزاکەی شنگال و شێخان و ناوچە دەشتاییەکانی نێوان موسل و هەولێر کە زۆرینەی دانیشتوانیان کوردو کلدانی و ئاشورین وەك بەشێك لە پارێزگای نەینەوا مانەوە. لێرەوە ململانێی زەوی لە نێوان گەلی کورد و دەسەڵاتی حزبی بەعس دەستی پێ کرد چونکە رژێمی حزبی بەعس لەم گۆڕانکارییانەدا بەهیچ جۆرێك ویستی دانیشتوانی ناوچەکانی شێخان و شنگالی لەبەرچاو نەگرتووەو هەروەها هیچ راوێژێکیشی بە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد نەکردبوو هەرچەند لەو کاتەدا شەڕ لە نێوانیاندا نەبوو. پاشان رژێمی بەعس- وەك ئاماژەیان پێ دا- لە ئازاری ١٩٧٤دا یەکلایەنە یاسای ئۆتۆنۆمیی ناوچەی کوردستانی راگەیاند بۆ ئەوەی خۆی لە جێبەجێ کردنی خاڵە راگەیەندراوو رانەگەیەندراوەکانی رێککەوتنی ئازاری ١٩٧٠ بدزێتەوەو هەروەها بۆ ئەوەی هیچ سەرژمێرێك لە پارێزگای کەرکوکدا نەکات وەك ئەوەی کە لەسەری رێککەوتبون، بەڵکو گەڕایەوە سەر سەرژمێریساڵی ١٩٥٧ و پشتی پێ بەست و لەم رووەوە رژێمی بەعس لە سەرتاسەری پارێزگای کەرکوك هیچ سەرژمێرێکی نەکرد، هەروەها لە قەزاکانی شنگال و شێخان و خانەقین و ناحیە کوردستانییەکانی دیکەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان.

بەم هەنگاوە، رژێمی بەعس رووبەری کوردستانی عیراقی نیواونیو کەم کردەوە. واتە زەویيە مێژوویيەکانی کوردستانی نیواونیو کەم کردەوە. بۆیە سەرکردایەتی ئەوسای کورد تەواوی پرۆژەکەی ئۆتۆنۆمیی رەت کردەوە.

حزبی بەعس هەر بەردەوام بوو لەسەر ونجڕ ونجڕکردنی پارێزگای کەرکوك. چوار قەزای بە زۆرینە کوردی کەرکوکی لە پارێزگاکە قرتاندو لکاندی بە پارێزگاکانی سلێمانی و سەلاحەددین و دیالەوە. هەروەها ناحیەی مزوریی لە پارێزگای دهۆك سەندەوەو خستییە سەر پارێزگای نەینەوا، ئەویش بەمەبەستی بچوك کردنەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان و فراوان کردنی سنوری ئیداریی پارێزگای نەینەوا کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی عەرەبە لەسەر حیسابی خاکی کوردستان، ئەمەش بەپێی بڕیاری ژمارە ١٨ی رێکەوتی ٨ی ئازاری ١٩٧٦ ی

**ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش. هەر بۆ هەمان مەبەست، رژێم قەزای ئاکرێی لە پارێزگای دهۆك سەندەوەو لکاندی بە پارێزگای نەینەواوە، ئەویش بە پێی بڕیاری ژمارە ٧٥٧ ی رێکەوتی ١٨ ی ئایاری ١٩٨٠ ی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش.**

**سەرباری ئەوەی کە لەم بوارەدا باسمان لێ کردووە، رژێمی بەعس ناحیەی بە زۆرینە عەرەبی زابی لە پارێزگای نەینەوا قرتاندو خستییە سەر پارێزگا بچوککراوەکەی کەرکوك، ئەمەش بەپێی بڕیاری ژمارە ٥١٤ ی رێکەوتی ١ ی کانونی دووەمی ١٩٨٤ ی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بەمەبەستی زۆرکردنی ژمارەی دانیشتوانی عەرەب لە پارێزگای کەرکوك.**

**هەروەها رژێم لە ناو شاری کەرکوك چەند گەڕەکێکی دروست کرد کە ژمارەی زێدەتر لە ٥٠ گەڕەك بوو بۆ عەرەبە هاوردەکان کە ئامرازی جێبەجێ کردنی پرۆسەی رەگەزپەرستانەی بەعەرەب کردن بون.[٣٤]**

**ئەم هەوڵدانەی گۆڕینی سنور هەر بەردەوام بوو. رژێم لە ساڵی ١٩٩١دا قەزای مەخموری خستە سەر پارێزگای نەینەوا، هەروەها ناحیەی فایدەی بە پارێزگای نەینەواوە لکاند.[٣٥] ئەمە ئەو گۆڕانکارییانەیە کە رژێم لە سنوری کوردستان لە سەردەمی حوکمڕانییدا ئەنجامی داوەو هەر هەمووشی لە چوارچێوەی سیاسەتی تەعریب دایە.**

**بۆ یەکلاکردنەوەی بابەتی گۆڕانکارییەکانی کە بە سەر سنوری ئیداریدا هاتوون، بڕگەی (ب) ی ماددەی ٥٨ ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە قۆناغی گواستنەوە میکانیزمی داناوە. ئەم میکانیزمە، هەمان میکانیزمە کە لە ماددەی ١٤٠ دا هاتووە، دەستەی سەرۆکایەتی بە کۆدەنگیی ئەندامانی دەستەکە پێشنیارێك لەم بارەیەوە پێشکەش دەکات بەڵام ئەگەر دەستەکە نەگەیشت بە سازان، دەشێ هانا بۆ ناوبژیوانێکی نێودەوڵەتیی بێلایەن ببات (وەك نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نمونە) و پێشنیارەکەش دەدرێ بە ئەنجومەنی نوێنەران بۆ پەسندکردنی.**

لەبەر رۆشنایی بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیران لە سێیەم دانیشتنی ئاسایی رێکەوتی ٢٩ ی ئازاری ٢٠٠٧ سەبارەت بە داواکردن لە لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ ی دەستور بۆ پێشکەش کردنی راسپاردە بە ئەمینداریێتیی گشتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی ئەو راسپاردانە بەرز بکرێنەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و دواتریش ناردنی راسپاردەکانی تایبەت بە گۆڕانکارییە ناعادیلانەکانی سنوری ئیداریی پارێزگاکان بۆ ئەنجومەنی نوێنەران.

لیژنەکە راسپاردەکانی سەبارەت بە ناوچە جێناکۆکەکان، تایبەت بە کەرکوك و پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوری عیراق ئامادە کردو ناردی بۆ سەرۆکایەتیی کۆمارو سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، ئەویش لە نوسراوێکدا بە ژمارە ٣٦٢ ی رێکەوتی ٣١ ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٧ [٣٦] بە ناونیشانی "نهێنی و تایبەت" بەڵام جێگری دووەمی سەرۆکی کۆمار دکتۆر تارق هاشمی ڤیتۆی دژی بڕیارەکە بەکار هێناو ئەمەش کێشەیەکی گەورەی بۆ سەرۆکایەتی دروست کرد، لە کاتێکدا کە کات لە بەرژەوەندیی پرۆژەکەدا نەبوو چونکە ساڵی ٢٠٠٧ لە کۆتاییدا بوو.

وادەی تەرخانکراو بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ کۆتایی هات بەبێ ئەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بگەن بە هیچ رێگەچارەیەك. ئەمەش گرفتی لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدرال دروست کرد. هەندێ وەهای بۆ دەچون کە ماددەکە لە روی یاسایی و دەستورییەوە کارایی لەدەستداوە. ئەوانەی ئەمە رایان بوو ئەو کەسانەن کە هەر لە سەرەتاوە دژی ماددەکە بوون. لەو بارودۆخەدا رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتە سەر خەت و بڕیاری ژمارە ١٧٧٠ ی ساڵی ٢٠٠٧ ی دەرکرد بەمەبەستی خولقاندنی جەوێك بۆ سازان و لێك تێگەیشتنی لایەنەکان لەسەر بنەمای بەردەوامبونی کارکردن بە ماددەی ١٤٠ و ویستی بە راوێژو پشتیوانی، یارمەتیی عیراقییەکان بدات.

بەڕێز ستیفان دیمستۆرا نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کەوتە پەیوەندی کردن بە پەرلەمانی کوردستانەوە پاش ئەو ڕێککەوتنە گشتییەی کە لەگەڵ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی پێی گەیشتبوو و پاش ڕەزامەندیی حکومەتی عیراق و ویستی پەرلەمانی کوردستان بەوە رازی بێ کە ماوەی جێبەجێ کردنی ماددەکە بۆ شەش مانگ دوا بخرێت، سەرکردایەتیی کوردیش دەم و دەست و بەبێ هیچ بەرامبەرێك ڕەزامەندیی نیشاندا چونکە جگە لە رازیبون هیچی دیکەی لە دەست نەدەهات.

لاکەی تر، واتە حکومەتی فیدرال، زۆر بەمە دڵخۆش بوو چونکە لەوە ئارخەیان بوو کە مادام نەتەوە یەکگرتووەکان هاتۆتە ناو مەسەلەکەوە، ئەمە دەبێتە کردنەوەی دەرگای تازەکردنەوەی ماوەکە لەسەر گازی پشت، بەتایبەتی کە عیراق بە قەیرانی سیاسی و ئابوری و ئەمنیی وەهادا تێدەپەڕی کە مایەی دڵخۆشی نەبوە بە هێنانە پێشێی هەلومەرجی لەبار بۆ گەیشتن بە چارەسەر بۆ کێشە بنەڕەتییەکان لەگەڵ کورد. پێشهاتەکانی سەرگوزشتەی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠، لە پێشی پێشەوە مانەوەی ماوەکە بە کراوەیی و دەستی دەستی پێوە کردن لەلایەن حکومەتی فیدرالەوە، ئاڵۆزیی کێشەکە دەردەخات. دیارە کورد زۆر گەشبین نەبوە بە هاتنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ناو مەسەلەکە چونکە ئەم ڕێکخراوە مێژویەکی پڕ زوڵم و زۆری لە زوڵم کردن لە کورد هەیە.

لێرەدا دەگەینە ئەو ئاکامەی کە نەتوانرا بارودۆخی کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکانی تر ئاسایی بکرێتەوە. دیارە ئاسایی کردنەوەکەش لەم چوار هەنگاوەی خوارەوە پێك هاتبوو:[٣٧]

١-بابەتی قەرەبوکردنەوە.

٢-بابەتی هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی لیژنەی (هەڵوەشاوەی) کاروباری باکور.

٣-بابەتی بڕیارەکانی ئەنجومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتیی شۆڕش.

٤-بابەتی سنوری ئیداری.

لەمەوبەر سێ بڕگەی ناوبراومان تاوتوێ کرد، بڕگەی چوارەمیش ئاماژەی پێ درا. ئەوەی کە لەم بابەتە ماوە، کۆتا پێشهاتەکانە، ئەویش پرۆسەی دیاریکردنی سنوری ئیداریی پارێزگا و ناوچە جێناکۆکەکانە. ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە لەسەر شانی دەستەی سەرۆکایەتی و خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەران بوو بەڵام دەستەکە نەیتوانی سنور ئیداری دیاری بکا چونکە دکتۆر تارق هاشمی، جێگری دووەمی سەرۆکی کۆمار، کە نوێنەرایەتیی پێکهاتەی سوننەی کردووە، ڤیتۆی لەسەر بابەتەکە بەکار هێنا. بەڵام پاش هەڵوەشانەوەی دەستەی سەرۆکایەتی لە خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەراندا، دەسەڵاتی سەرۆکایەتی هەمووی کەوتە دەست سەرکۆمار جەلال تالەبانی کە هەر ئەویشە پرۆژەی بڕیاری سنوری ئیداریی خستە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەرانەوە بەڵام ئەنجومەنی نوێنەران تا ئێستا نەیخستۆتە نێو ئەجیندای کارەکانی و هێشتا هیچ خوێندنەوەیەکی بۆ نەکراوە. جا لەو روانگەیەوە کە پرۆژەکە لەلایەن سەرۆکایەتیی کۆمارەوە پێشکەش کرا بوو، دەبوایە پێش بخرێ نەك دوا بخرێ چونکە پرۆژەی پێشکەشکراوی سەرۆکایەتیی کۆمار لە ناو پەرلەمان هێزێکی خۆسەپێنی هەیە[38] بەڵام لەبەر دووبەرەکییە سیاسییەکان نەتوانرا پێش بخرێ، بگرە لەلایەن زۆربەی فراکسیۆنەکانەوە دژایەتی کرا. ئەم پرۆژەیە تا ئێستا چاوەڕێی ئەوەیە خوێندنەوەی بۆ بکرێ.

تەحسین کەهیە دەربارەی چوار هەنگاوەکەی ئاسایی کردنەوە دەڵێ:[39]

"دیارە رێژەی باسکراو تەنها کارو کردەوەکانی دەستەی باڵای چارەسەری ململانێی موڵکایەتی دەگرێتەوە. لەمەوپێشیش ئاماژەمان بەوە دا کە ئاسایی کردنەوە بە چوار هەنگاودا رۆییوە و ئەوەی کە کاری پێ کراوە تەنها قەرەبووەکانە کە ئەویش تەواو نەبوەو بیر بۆ ئەوە دەچێت کە ئەم مەسەلەیە دە ساڵی تری پێویستە".

کەواتە دەتوانین بڵێین کە لە قۆناغی گواستنەوە تەنها ٢٥٪ ی قۆناغەکە جێبەجێ کراوەو ٧٥٪ی قۆناغەکە چاوەڕوانی ئەوەیە کە جێبەجێ بکرێ، ئەمەش لە کاتێکدایە کە دەقەکە باس لە سێ بڕگە دەکات و زۆر هۆ هەن لە پشت

جێبەجێ نەکردنەوەن کە ئێمە، لەم توێژینەوەیەدا، باسی هەندێ لە هۆیە سەرەکییەکان دەکەین:

١-لەمەوبەر ئاماژەمان بەوە داوە کە پاش ئەوەی ڕژێمی بەعس لە عیراق هەرەسی هێنا، دادپەروەریی ڕاگوزەر بە هەموو قۆناغەکانی خۆیدا تێنەپەڕی. لێرەدا چوار هەنگاوەکەی ئاسایی کردنەوە دەکەونە چوارچێوەی دادپەروەریی ڕاگوزەرەوە. دکتۆر شۆڕش حەسەن گوتویەتی:

"بارودۆخی ناوچە جێناکۆکەکان تا ئێستا ئاسایی نەکراوەتەوەو پێناچێ پێکهاتە عیراقییەکان نیازێکی ڕاستەقینەیان لەم بارەیەوە هەبێت. بۆیە ئەگەر ئەمە نەکرا، ناتوانێ سیستمی دیموکراتییانە کە بە چاکترین گەرەنتیی چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتانە دادەندرێ، دەستەبەر بکرێت. هەردوو مەسەلەی دیموکراسیو فیدرالی بە یەکترەوە بەستراونەتەوە. بەڵام لایەنەکان وەها سەیری مەسەلەکە ناکەنو متمانەیان بە یەکتری نیەو هەروەها دان بە مافەکانی یەکتریشدا نانێن"[٤٠]

بەڕای لێکۆڵیار:

-پێکهاتە عیراقییەکان هێشتا ئاشتبونەوەی نیشتمانی لە نێوانیاندا نەهاتۆتە دی. ئەوەش کە هاتۆتە دی، شتێکی کاتی بووە.

-هیچ یەکسانییەك لە دابەش کردنی ساماندا لە عیراق نیە چونکە زۆرینەی هاووڵاتییەکان مافخوراون و سودمەند نین لە سامانی عیراق، هەروەك تێبینی کراوە کە دادوەری بە یەك چاو سەیری عیراقییەکان ناکات و هەموان بە یەکسانی سودمەند نین.

-لە عیراقدا دادپەروەری نیەو تا ئەمڕۆ عیراقی لەسەر ناسنامە یان لەسەر ئەوەی کە ناوی عومەرە یان عەلی دەکوژرێ.

٢-ڕەفتاری زاڵمانە لە عیراق زۆرە. بۆ نمونە لەمێژە لە عیراق یاری بە سنوری سروشتیی عیراق دەکرێ و هەندێ لەو یاری پێ کردنە بۆتە واقیعی سەپێنراو لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا.

٣-بە گوێرەی دەستور، پێویست بوو لەسەر دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن لە ماوەی دیاریکراوی خۆیدا ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکات، بەتایبەتی هەنگاوەکانی ئاسایی کردنەوە بەڵام سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق نوری مالیکی دەربارەی بڕگەی (ب) ی ماددەکە گوتویەتی "نوسەری ئەم بڕگەیە یان نەزانە یان بە ئەنقەست دایناوە"[٤١] گوایە ئەم بڕگەیە بە کەڵکی ئەوە نایەت کە ببێ بە بنەما بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان.

لە بەرامبەردا دکتۆر مونزر فەزل دەڵێ "بەڕێز مالیکی ئەندامێکی کارای نوسینی دەستور بووە، بۆیە هیوادارین یەکەم کەس بێ دەقەکانی جێبەجێ بکات. هەروەها هەر هەوڵدانێك بۆ تەگەرەدان لە جێبەجێ کردنی ئەم ماددەیە، هەڕەشەیەکی ترسناکە لە ئاشتی و سەقامگیریی عیراق و تێکدانی پردەکانی متمانەشە لە نێوان کوردو عەرەب"[٤٢]

هەروەها دکتۆر حەنان فەتلاوی دەڵێ "دە ساڵ تێپەڕیوە و ئێمە هەر خۆڕاگرین و نەمانهێشتووە کەرکوك رادەستی کورد بکرێ". هەروەها گوتویەتی"ئەوە چوار ساڵە من تاکە کەسم کە ماددەی ١٤٠ی دەستورم پەکخستووەو ڕێگرم لە جێبەجێ کردنی"[٤٣]

دیارە حکومەتی کاتیی عیراق و حکومەتی راگوزەر، وەك گوتومانە، هەردوکیان حکومەتی هەڵبژێردراون کەچی هیچ کامێکیان هەنگاوێکی بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ نەناوە.

٤-ئەو کەسانەی کە سەرۆکی لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ بوون لە ئاستی پێویستدا نەبون. ئەمانە تا ئێستا بێدەنگن و هیچ هەڵوێستێکیان لەم بوارەدا نیە، دەنا دەبوایە راپۆرتی تێرو تەسەل لە دژی نوری مالیکی پێشکەش بکەن چونکە مالیکی بێ وچان کاری بۆ پەکخستنی ماددەکە کردووە.

٥-ئەندامە کوردەکانی لیژنەکە کەسانێکی لاواز بون. ئەگەر بەهێز بوونایە، دەیانتوانی لانی کەم پرۆسەکە چەند هەنگاوێك پێش خەن.

٦-دكتۆر محەمەد ئیحسان دەڵێ "ئێمە دەزانین سێ ئاست بۆ چارەسەرکردنی ئەم ماددەیە هەیە کە بریتین لە دەستێوەردان یان ڕێنمایی بە ئاراستەی چارەسەری کێشەکە لە چوارچێوەی ناوخۆیی یان هەرێمی یان نێودەوڵەتیدا. کات دەڕوا و زۆر شت دەگۆڕێ، چارەسەری ناوخۆییش لە هەمووی کاریگەرترە، بەڵام ئەویش بە نۆرەی خۆی لە ژێر کاریگەریی فەرمانی لایەنەکانی تر دایە"[٤٤]. هەروەها نەرمین عوسمان گوتویەتی "هیچ یەکێ لە دەوڵەتە دراوسێکان حەز ناکات کەرکوك بخرێتە سەر خاکی کوردستان چونکە کەرکوك سامانێکی نەوتی وای هەیە کە کاریگەریی دەبێ لەسەر پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ".

لە کۆتایی تاوتوێ کردنی ئەم بابەتەدا، ئەم چەند تێبینییە دەخەینە بەرچاو:

١-لایەنی کوردی مافی ئەوەی هەبوە داوا سەبارەت بە بابەتەکە لە دادگای فیدرال تۆمار بکات. ئەگەر کورد ئەمەی بکردایە، ئەوا بەرپرسیارێتییەکە دەکەوتە ئەستۆی حکومەتەکانی دەوڵەتی عیراق، بەتایبەتی پاش ساڵی ٢٠٠٤. لەدەستدانی ئەم مافە، هەڵەیەکی گەورە بوو کە لایەنی کوردی کردویەتی.

٢-ئەگەر عیراق دابەش ببێ، ماددەی ١٤٠ هیچ کەڵکێکی نامێنێ‌و ئەوسا کێشەکە دەچێتە ناو چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی و بەپێی پەیمانێکی نێودەوڵەتیی چارەسەر دەکرێ، سنوری ئیداریی دەوڵەتە کۆنەکەش دەبێتە سنوری نێوان دوو دەوڵەت. چاکترین نمونەش دابەشکردنی دەوڵەتی چیکسلۆڤاکیایە.[٤٥]

٣-پێویست بوو لەسەر دکتۆر حەیدەر عەبادی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق، دان بەوەدا بنێت کە لەماوەی هەشت ساڵی رابردوودا عیراق بە شێوەیەکی هەڵە بەڕێوە براوە چونکە لەو ماوەیەدا پەیڕەوی لە پرنسیپی دادپەروەریی راگوزەر و ماددەی ١٤٠ یش جێبەجێ نەکراوە.

پێنجەم: راپۆرتی نێردراوی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق دەربارەی ناوچە جێناکۆکەکان:

نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵیدا رۆڵی هەبێ لە دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ ناوچە جێناکۆکەکان. بۆیە نێردراوەکەی خۆی کە ستیفان دی مستۆرایە راسپارد راپۆرتێك لەم بارەیەوە ئامادە بکات.[٤٦]

دیمستۆرا لە سەرەتای کارەکەیدا ناوچە جێناکۆکەکانی بەم چەشنەی خوارەوە دیاری کرد:[٤٧]

حەوت ناوچە لە پارێزگای نەینەوا کە بریتین لەقەزاکانی شنگال، تەلەعفەر، تلکێف، ئاکرێ، حەمدانیە، مەخمورو شێخان. لە پارێزگای دیالە قەزای کفری (کە ئەمڕۆ سەر بە پارێزگای سلێمانییە). لە پارێزگای سەلاحەددین ناحیەی بەلەدروزو دوو قەزاکەی خانەقین و دوزخورماتوو. لە پارێزگای کەرکوك قەزای ناوەندی کەرکوك، قەزای حەویجە، قەزای دوبز، قەزای داقوق. ئەمانەش هەر ئەو ناوچانەن کە حکومەتی عیراق وەك ناوچەی جێناکۆك ناساندوونی.

دیمستۆرا لە راپۆرتەکەیدا جەختی کردە سەر ئەوەی کە کۆمیسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان پشتی بە هەشت پێوەر بەستووە بۆ گەیشتن بە راستییەکان کە ئەمانەن: لەبەرچاو گرتنی دۆخی ئەمنی و سیاسی، مێژوی ئیداریی قەزاکان، پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری و داواکاری و قەرەبوو لەلایەن حکومەتەوە، هەلومەرجی کۆمەڵایەتی- ئابوری، سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧، گۆڕانکارییەکانی پاش ئازاری ٢٠٠٣، پێکهاتەی دیمۆگرافی و هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥. لەم بوارەدا هیچ یەکێ لەو پێوەرانە بە گرنگتر لە پێوەرەکانی دیکە دانەنران.[٤٨]

## میکانیزمی پرۆژەی دیمستۆرا

دیمستۆرا ناوچە جێناکۆکەکانی بەسەر چوار ناوچەدا دابەش کرد و سێ قۆناغی بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەکەی دیاری کرد:[٤٩]

أ-قۆناغی یەکەم تایبەتە بەو ناوچانەی کە گێچەڵیان لەسەر نیەو فۆرمێکی تایبەتیان هەیە بە جۆرێك کە ئازادی بە دانیشتوانەکەیان دەدا کە بچنە سەر ئەو ناوچەیەی کە دەیانەوێ. ئەم ناوچانە بە "ناوچە ئاسانەکان" ناویان هاتووە و

بریتین له هەر شارو شارۆچکه و گوندێك که یەکێ له لیستەکانی هەڵبژاردن ڕێژەی ٧٠٪ی تێدا هێناوه. له دۆخێکی وەهادا دەتوانرێ هەندێ قەزای وەك خانەقین له پارێزگای دیاله، مەخمور له باشوری هەولێر، دوبز له کەرکوك، شەنگال لەباکوری ڕۆژئاوای نەینەواو شێخان له ڕۆژهەڵاتی نەینەوا بگەڕێندرێنەوه بۆ پەیکەری ئیداریی هەرێمی کوردستان. له هەموو ئەو ناوچانەدا لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی به ڕێژەی زیاتر له ٧٠٪ی دەنگی بەدەست هێنا بوو. بەڵام ئەو ناوچانەی که کورد تیایاندا ڕێژەی ٣٠٪ تا ٤٠٪ و کەمتر له ٣٠٪ ی دەنگەکانی بەدەست هێنا بوو بریتی بون له ناحیەی مەندەلی و قەزای بەدره له دیاله، ناحیەکانی زاب و ڕەشاد له کەرکوك.

ب-قۆناغی دووەم تایبەت بەو ناوچانەیەکە هەندێ ئاڵۆزییان تێدایه به جۆرێك که دەتوانرێ له ڕێگەی دابەشبونی دیمۆگرافیی دانیشتوانەوه لەسەر بنەمای زۆرینەو کەمینه گرفتەکانیان چارەسەر بکرێ و ناویان لێ نراوه "ناوچه سەختەکان". لەو ناوچانەدا ڕێژەی دەنگەکانی لیستەکانی تورکمان و کوردو عەرەب کەوتۆته نێوان ڕێژەی ٣٠- ٧٠٪ هەرچەند ڕاپۆرتەکه له قۆناغی یەکەم و دووەمدا زۆرتر بایەخی به ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ ی عیراق داوه بەڵام پێوەرەکانی دیکەشی لەبەرچاو گرتووه لەوانه ئەنجامەکانی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ و پێداچونەوەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی هەڵوەشاوەی سەرکردایەتیی شۆڕش تایبەت به ناوچه جێناکۆکەکان لەوانه مەسەلەی دابەش کردنی زەویی کشتوکاڵ بەسەر دانیشتوانی عەرەبی هاوردە.

پ-قۆناغی سێیەم که قۆناغه هەره دژوارەکەیه و تایبەته به چارەسەرکردنی کێشەی پارێزگای کەرکوك له ڕێی چوار بژاردەوه بەمجۆرەی خوارەوه:[٥٠]

١-بژاردەی یەکەم: داڕشتنەوەی ماددەی ١٤٠ لەڕێی ڕێککەوتنێکی سیاسییەوه بەبێ گۆڕینی ماددەکه بەڵکو نمایش کردنی به چەشنێکی ڕونترو به وردەکارییەکی زۆرترو به فۆرمێکی یاساییتر.

ئەم بژاردەیە رونکردنەوەی ماددەکەیە کە ئەمەش بە مانای چارەسەرکردنی مەسەلە سەرەکییەکانی تایبەت بە راپرسی دێت وەك تۆمارکردنی دەنگدەرەکان و شیاویی دەنگدەران بۆ هەڵبژاردن، سنوری "ناوچەی راپرسی" و مەسەلەی راپرسی. بەڵام تەنانەت ئەگەر هەردوولا (واتە هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ) لەسەر رێوشوێنەکانی راپرسیش رێك کەوتن، ئەوا ئەمە هیچ چارەسەرێك پێشکەش ناکات. جا ئایا کەرکوك دەتوانێ بچێتە سەر هەرێمی کوردستان یان نا؟ ئەگەر راپرسییەکە لە بەرژەوەندیی کورددا بوو، پێویستە ئامادەکاری بۆ ئەوە بکرێ کە لێرە بەدواوە کەرکوك دەبێتە بەشێکی هەرێمی کوردستان و ئەگەر ئەنجامی راپرسییەکە پێچەوانە بوو، دەبێ کەرکوك بتوانێ بڕیار لەسەر ئەوە بدات ئاخۆ وەك پارێزگا بمێنێتەوە یاخود ببێ بە هەرێم. ئەم مەسەلە یەکلانەکراوەیە تا رادەیەك لە راپۆتەکەی کۆمیسۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان دانی پێدا نراوە و هەروەها ئاماژە بۆ ئەوەش کراوە کە دەبێ "قۆناغێکی گواستنەوە" هەبێت.[٥١]

ستیفان ۆلف رای خۆی دەربارەی ئەم بژاردەیە دەربڕیوە بەڵام تۆژەر پێی باش نیە ماددەی ١٤٠ دابڕێژرێتەوە چونکە ماددەکە زۆر رونە.

٢-بژاردەی دووەم: بژاردەی دووەم مانەوەی کەرکوك وەك پارێزگا بە جۆرێك کە ناتوانێ لەگەڵ هیچ هەرێمێك یەك بگرێتەوە یان هەرێم پێك بێنێت. ئەمەش بەوە دێتە دی کە رێککەوتنێکی سیاسی لەسەر هەموارکردنەوەی دەستور بکرێت. راپۆرتەکەی کۆمیسیۆنی یونامیش وای وتوە و پێی باشە راسپاردەکانی لیژنەی پێداچونەوەی دەستور قبوڵ بکرێن و کەرکوك وەك پارێزگایەکی رێکنەخراو لە هەرێم یان وەك پارێزگایەکی سەربەخۆ وەك باقی پارێزگاکانی دیکەی عیراق دیاری بکرێت. بەرای تۆژەر ئەمە کارێکی دژوارە چونکە شارەکە تایبەتمەندیی خۆی هەیەو بە هۆی ئەو تایبەتمەندییەوە خراوەتە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠ی تایبەت بە ناوچە جێناکۆکەکان، چارەسەرکردنی کێشەش بە کەناڵی قۆناغەکانی ئاسایی کردنەوەو سەرژمێری و راپرسیدا تێدەپەڕێ.

ناساندنی کەرکوك وەك پارێزگا بۆ هەتا هەتایە، لەگەڵ ماددەی ١١٩ی دەستوری عیراقدا یەك ناگرێتەوە چونکە بەپێی ئەم ماددەیە هەموو پارێزگایەکی عیراق مافی ئەوەی هەیە کە ببێ بە هەرێم.

٣-بژاردەی سێیەم: لەم بژاردەیەدا کەرکوك (چ وەك پارێزگا و چ وەك هەرێم) لەگەڵ هەر یەك لە بەغداو حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی دوولایەنەی دەبێ. ئەمەش زادەی رێککەوتنێکی سیاسی دەبێ و بۆ جەخت کردن لەسەر ئەم مەسەلەیە، دانیشتوانی کەرکوك لە راپرسیدا ئەم بژاردەیە پەسند دەکەن، واتە دابەشکردنی دەسەلات لە کەرکوك لە نێوان هەردولادا (واتە لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدرال).

لە چوارچێوەی ئەم بژاردەیەدا دەکرێ کەرکوك وەك پارێزگا، هەروا دەکرێ هەرێم بێ بەلام بەشێك نابێ لە هەرێمی کوردستان. ئەو دەسەلاتەی کە هەر یەك لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدرال لە کەرکوك دەیانبێ، دەبێ هەردوولا لەسەری رێك بکەون.

دیارە ئەمەش چارەسەرێکی باشی مامناوەنجییە بەلام ئەویش بەربەستی گەورەی لە بەردەم دایە چونکە پێویستی بە رێککەوتنە لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیدرال. سەربار، پسپۆریی نێودەوڵەتیی بەراوردکار ئاماژە بۆ ئەوە ناکات کە ئەم جۆرە چارەسەرانە، تۆمارێکی باشیان نیە. هەر بۆ نمونە، ناوچەی برۆکسلی پایتەختی بەلژیك لە بواری بەڕێوەبردندا زۆر دژواریی لە بەردەم دایە. بۆیە تاکە رێگا بۆ ئەم جۆرە گرفتانە، ئۆتۆنۆمییە و هەروەها نابێ سەروەریی هاوبەشی نێوان دوو لایەن هیچ دەسەلاتێکی راستەوخۆی لە ناوچەکەدا هەبێ وەك ئەوەی کە لە ئیندۆرا دەبینرێ کە تێیدا سەروەرییەکە نیمچە هاوبەشەو هەروەها وەك ئەوەی لە برکۆ هەیە کە تێیدا سەروەرییەکە هاوبەشە.[٥٢]

ئێمە پشتیوانی لە ستیفان ۆلف ناکەین کاتێك گیروگرفتی کەرکوك بە گیروگرفتی ئەندۆراو برکۆ دەشوبهێنێ. راستە لێکچون لەو رووەوە هەیە کە ئەندۆراو برکۆ پێکهاتەی نەتەوەیی جیاوازیان هەیە بەلام لە ڕوی هۆشیاریی

نەتەوەیی و باری کۆمەڵاتییەوە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان هەردوو نمونەدا هەیە. ئەوەی لە برۆکسلی پایتەخت نیشتەجێیە خەڵکانێکی پێشکەوتوی ئەوروپایین، ئەندۆراش دەوڵەتە نەك شار بەڵام سەروەری تێدا بۆ فەرەنساو ئیسپانیایە، لەکاتێکدا برکۆ بە بەراورد لەگەڵ نمونەکانی تردا نەختێك لە کەرکوکەوە نزیکە، بەڵام ئەمەش بە هۆی دابەشکردنێکی نێودەوڵەتییەوە هاتۆتە ئاراوەو رای دانیشتوانەکەی وەرنەگیراوە. کەرکوك تایبەتمەندیی خۆی هەیە، تەنانەت سەبارەت بە دراوسێکانی عیراقیش (تورکیا و ئێران) جیاوازە چونکە دراوسێکان بەردەوامن لەسەر دەستوەردان لەم مەسەلەیە، سەرباری بوونی بەربەستی دەستوری و یاسایی.

٤-بژاردەی چوارەم: مامەڵەکردن لەگەڵ کەرکوك وەك پارێزگا یان وەك هەرێمێکی خاوەن دۆخێکی تایبەت بەجۆرێك کە دەسەڵاتەکانی زادەی رێککەوتنی سیاسی بن و هاووڵاتییانی کەرکوك خۆیان لەرێگەی راپرسییەوە پەسندی بکەن. ئەم بژاردەیە تێکەڵەیە لە بژاردەی دووەم و سێیەم و تێیدا حکومەتی فیدراڵ هەندێ دەسەڵات بە کەرکوك دەبەخشێت و دەشێ کەرکوك پارێزگا بێت یاخود هەرێم بەڵام هەر یەك لە هەولێرو بەغداش نەختێك کاریگەریی راستەوخۆیان لەسەر کەرکوك دەبێت، واتە کەرکوك ئۆتۆنۆمییەکی ئیداریی پێشکەوتوی دەبێ. ستیفان وڵف "من وای بۆ دەچم کە تاکە بژاردەی شیاوی جێبەجێ کردن بژاردەیەکی مامناوەنجە لەپێناوی رێگەچارەیەك کە نابێتە مایەی شڵەژاندنی سەقامگیریی عیراق".[٥٣]

سەرباری ئەوەی کە پێکهاتەی تورکمان و هەندێ لە عەرەبەکانی کەرکوك- بەتایبەتی شیعەکانو لەناو ئەوانەدا لایەنگرانی لیستی ئیئتیلافی شیعی- پشتگیریی بژاردەکەی ستیفان وڵف دەکەن. لەڕاستیدا ئەم بژاردەیە لەگەڵ ماددەی ١١٦ی دەستوری عیراقدا ناگونجێت کە دەڵێ "سیستمی فیدراڵ لە کۆماری عیراق لە پایتەخت، هەرێمەکان، پارێزگای ناسەنترالیست و بەرێوەبردنی خۆجێ پێکدێ". دیارە ماددەکە بە هیچ شێوەیەك باسی دۆخی

تایبەت یان پارێزگای سەربەخۆ یان ئاستێکی بەرزی ئۆتۆنۆمی ناکات، بۆیە ئەم رایە زۆر بەربەستی دەستوری دێتە بەر رێی.

ئەمە کورتەی راپۆرتەکەی دیمستۆرایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی سنوری ئیداری ناوچە جێناکۆکەکان. راپۆرتەکە لە ٥٠٠ لاپەڕە زیاتر پێکدێ، بۆیە ناتوانین هەمووی بەسەر بکەینەوە بەڵام هەوڵ دەدەین بەکورتی هەڵی بسەنگێنین:

١-لایەنە باشەکانی راپۆرتەکە:

لایەنە باشەکانی راپۆرتەکە بریتین لەمانەی خوارەوە:

-دیمستۆرا لەو بڕوایە دایە کە ماددەی ١٤٠ نەمردووەو تا ئەمڕۆ کراوەیە بۆ جێبەجێ کردن.

-کۆششەکانی دیمستۆرا بەڵگەی بایەخدانی نێودەوڵەتان و نەتەوە یەکگرتووەکانن بە ناوچە جێناکۆکەکان.

-راپۆرتەکە ناوچە جێناکۆکەکانی وەها ناسیوە کە ئەو ناوچانەن کە لە نێوان حکومەتی فیدرال و حکومەتی هەرێمی کوردستان گیروگرفتیان لەسەرە.

-راپۆرتەکە وای داناوە کە هەندێ ناوچەی وەك مەخموورو خانەقین و هەندێ شوێنی تر پێویستیان بە راپرسیی نیە و پێویستە دەستبەجێ بگەڕێنەوە بۆ هەرێم.

-راپۆرتەکە چەند پێوەرێکی بابەتیی بۆ شیکردنەوەی کێشەکانی ناوچە جێناکۆکەکان داناوە کە دەکرێ لەبەر رۆشناییان کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان بکرێ.

-راپۆرتەکە پێشنیاری کردووە کاروباری ئاسایش لە ناوچە جێناکۆکەکان بە هاوبەشی و سازان بێ لەنێوان حکومەتی فیدرال و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

-راپۆرتەکە داوای جێبەجێ کردنی هەموو بڕگەکانی ماددەی ١٤٠ ی کردووە.

-راپۆرتەکە خوازیارە بۆ هەر ڕێگەچارەیەکی سەرکەوتوو لەناوچە جێناکۆکەکان پێویستە دوو مەسەلەی گرنگ بە هاوتەریبی چارەسەر بکرێن کە بریتین لە پاراستنی یەکپارچەیی و مانەوەی عیراق و لەبەرچاو گرتنی کۆششی هەرێمی کوردستان بۆ دیاریکردنی سنورە ناوخۆییەکەی و پاراستنی ئۆتۆنۆمییەکەی.

٢-لایەنە خراپەکانی راپۆرتەکە:

-دیمستۆرا لە هەندێ شوێندا خۆی بەو پێوەرانە پابەند نەکردووە کە خۆی داینناون.. هەر بۆ نمونە، ئەو پێی وایە قەزای مەخمور هیچ کێشەی نیە و دەتوانرێ یەکسەر بگەڕێتەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان کەچی راپۆرتەکە پێشنیار دەکا ناحیەی قەراجی لێ بقرتێنرێ گوایە چەند سەرەك خێڵێکی عەرەب داوای ئەمەیان کردووە. دیارە ئەمەش گوێ نەدانە بەو پێوەرانەی کە لە راپۆرتەکەدا چەسپاندوونی.[٥٤]

-دەربارەی بڕاردەکانی لەمەڕ کەرکوك، هەندێ لەو بڕاردانە دژی ماددەکانی ١١٦ و ١١٩ و ١٤٠ ی دەستورە.

-دەربارەی ناحیەی مەندەلی، بەپێی هەموو پێوەرەکان، مێژوی ئیداریی لێ بترازێ، دەبێ ناحیەکە بگەڕێتەوە بۆ هەرێم و لەم رووەوە ئەنجومەنی شارەوانیی ناحیەی مەندەلی لە ئابی ٢٠٠٦ بە زۆرینەی دەنگ نوسراوێکی بۆ پارێزگای دیالە نوسیوەو داوای کردوە ناحیەکە بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان. کەچی دیمستۆرا بڕیاریداوە بە پارێزگای دیالەوە بلکێنرێ، لەکاتێکدا پێشنیاری کردووە ناحیەی قەراج لە قەزای مەخمور بقرتێنرێ کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا ناتەباو چەوتەو نیشانەی جیاوازی کردنە لە نێوان پێکهاتەکاندا.[٥٥]

-دیمستۆرا لە راپۆرتەکەیدا هەڵەی کردووە چونکە پشت ئەستور نەبوە بەو میکانیزمە دەستورییەی کە لە ماددەی ١٤٠دا هاتووەو تێیدا بڕیار لەسەر ئاسایی کردنەوەو سەرژمێری و راپرسی کراوە، کەچی ئەو چۆتە سەر ئەوەی کە

میکانیزمێکی تازە دابنێت و کەوتۆتە دابەشکردنی ناوچەکە بە شێوازێکی دیکە.

-لە بژاردەکانیدا دەربارەی کەرکوك، زۆر باسی رێککەوتنی سیاسی دەکا، لەکاتێکدا ماددەی ١٤٠ ماددەیەکی دەستوورییە و زادەی ئەوەیە کە ٨٠٪ ی عیراقییەکان دەنگیان پێ داوە، بۆیە پێویست بوو لەسەر حکومەتی عیراق پێوەی پابەند بوایەو جێبەجێی بکردایە.

-دەبوایە راپۆرتی دیمستۆرا لەگەڵ ناوەڕۆکی بڕگەی (ب) ی ماددەی ٥٨ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق لە قۆناغی گواستنەوە بگونجایە چونکە لەم ماددەیەدا هەندێ راسپاردە هەیە بۆ راست کردنەوەی ئەو سنورە ئیدارییەی کە لە سەردەمی رژێمی پێشوودا دەستکاری کراوە.

کورتییەکەی، دیمستۆرا ساڵێکی رەبەقی بۆ ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە تەرخان کردبوو و رەزامەندیی حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستانیشی لەسەر وەرگرتبوو. بە گوتەی دیمستۆرا "ئەم راپۆرتە لە ناوەڕۆکدا راپۆرتێکی شیکارەو هیچ رێنمایی تێدا نیە". حکومەتی مالیکی لە بنەڕەتدا ئەم هەوڵەو بگرە ئەم ناوبژیوانییەی رەت کردەوە. هەروەها پەرلەمانتارە عەرەبەکانیش بە سوننەو شیعەوەو پەرلەمانتارەکانی بەرەی تورکمانیش پێشنیارەکانی دیمستۆرایان رەت کردەوە. لایەنی کوردی ئەگەرچی ناوەڕۆکی راپۆرتەکەی دیمستۆرای رەت کردەوە، بەڵام رێزی لە هەوڵەکەی گرت.

## بڕگەی دووەم- دەربارەی سەرژمێری و راپرسی:

### یەکەم: سەرژمێری

-سەرژمێری بریتییە لە "تۆمارکردنی زانیاری و داتا دیمۆگرافییەکانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو".[٥٦]

دەربارەی سەرژمێری دانیشتوان دکتۆر تەیسیر حامد ئەبو سنینە[٥٧] دەڵێ "سەرژمێری دانیشتوان پرۆسەیەکی بەبەرنامەی یەکگرتووە، کۆکردنەوەی ئەو داتا دیموگرافی و کۆمەلایەتی و ئابورییانە دەگرێتەوە کە لە وڵاتێکدا یان لە

شوێنێکی دیاریکراوی وڵاتێکداو لە ماوەیەکی دیاریکراودا بەسەر هەموو هاووڵاتییاندا پراکتیزە دەکرێت و پاشان داتاکان شی دەکرێنەوەو بڵاو دەکرێنەوە. بەم پێیە، پرۆسەکە پرۆسەیەکە ناوبەناو ئەنجام دەدرێ و تیایدا دانیشتوان بە شێوەیەکی فەرمی ئامار دەکرێن. ئەم دەستەواژەیە ئاماژەیە بۆ سەرژمێری دانیشتوان لە هەموو دەوڵەتێکداو پرۆسەکە هەر دە ساڵ جارێك ئەنجام دەدرێت". بە خوێندنەوەی ئەو پێناسانەی دەستەواژەکە، دەردەکەوێ کەئامار یان سەرژمێری دانیشتوان زۆر بوار دەگرێتەوە بەڵام ئەوەی کە ئێمە لەم توێژینەوەیە بایەخی پێ دەدەین، تیشك خستنە سەر پرۆسەی سەرژمێری دانیشتوانی عیراقە بە شێوەیەکی گشتی و ئەنجامدانی بۆ دیاریکردنی ژمارەی دانیشتوانی رەسەن لە بەشێکی دیاریکراوی عیراق کە پێی دەگوترێ ناوچە جێناکۆکەکان. ئەمەش بەم واتایە دێت کە دەتوانرێت سەرژمێری دانیشتوان لە ناوچەیەکی دیاریکراوی ناو یەك دەوڵەت ئەنجام بدرێت.

## مێژوی سەرژمێرییەکان عیراق

پێدەچێ مرۆڤ لە دێر زەمانەوە بایەخی بە سەرژمێری دانیشتوان دابێت. هەر بۆ نمونە، خێڵەکانی عەرەب زۆر بەلایانەوە گرنگ بووە کە ژمارەی پیاوەکانیان بزانن و هەمیشە شانازییان بە زۆریی ژمارەیانەوە دەکرد. سەرچاوە مێژوییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن بیرۆکەی سەرژمێر بیرۆکەیەکی زۆر کۆنە، بەتایبەتی لەلای میسرییە دێرینەکانو بابلییەکان و چینییەکان، هەروەها رۆمان، ئەویش بۆ ناسینی خەسڵەتەکانی کۆمەڵگاکانی ژێر دەسەڵاتیان بۆ ئەوەی ئەم ناسینە ببێتە فاکتەرێکی یارمەتیدەر بۆ بەرێوەبردن و رێکخستنی کاروبارو چۆنێتیی فەرمانرەواییان. بەڵام سەرژمێر بە تێگەیشتنە مۆدێرنەکەی، تەنها لە سەدەی هەژدەهەمدا لە ئەمریکاو چەند وڵاتێکی ئەوروپی پەیدا بووە. ئەو سەرژمێرەی کە لە ئەمریکا ئەنجام دراوە، سەرتاسەری دەوڵەتی نەگرتۆتەوە بەڵکو هەندێ بەشی وڵاتی گرتۆتەوە ئەویش بۆ چارەسەرکردنی ئەو ململانێیەی کە لەو کاتەدا لە نێوان ویلایەتە گەورەو بچوکەکاندا لە ئارادا بوو.

سەرژمێری لە ئەمریکا دەرهاوێشتەی پلانێکی پێشوەخت نەبووە بەڵکو لە ساڵی ١٧٩٠ دا بۆ چارەسەرکردنی ململانێی نێوان ویلایەتە گەورەو بچوکەکاندا بووە لەسەردەمێکدا کە دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تازە پەیدا ببوو. هەروەها لە ساڵی ١٨٠١دا سەرژمێر لە بریتانیا و فەرەنسا کراوە. لە دەوڵەتە عەرەبییەکانیشدا یەکەم سەرژمێر لە ساڵی ١٨٩٧ ئەنجام دراوە، هەروەها زۆریش درەنگ لە دەوڵەتەکانی کەنداو ئەنجام دراوە. هەر بۆ نمونە سەرژمێر لە دەوڵەتی قەتەر لە ساڵی ١٩٧٠ ئەنجام دراوە.[٥٨] لەمەدا بۆمان دەردەکەوێ کە یەکەم سەرژمێری مۆدێرن لە جیهاندا لە سەردەمی تازەدا لە ئەمریکا ئەنجام دراوەو پاشان لەولاتەکانی ئەوروپا بەڕێوە چووە.

لێرەدا شایانی باسە لە عیراقیش یەکەم سەرژمێر لە ساڵی ١٩٢٧ ئەنجام دراوە بەڵام سەرکەوتوو نەبوو چونکە دەوڵەتی عیراق تازە دامەزرا بوو و ناسەقامگیری لە ولاتدا هەبوو. هەروەها ئەو سەرژمێرەش کە لە ساڵی ١٩٣٤ دا ئەنجام درا، ئەویش سەرکەوتوو نەبوو بەڵام سەرژمێرەکەی ساڵی ١٩٤٧ لەوەی پێشوو باشتر بوو هەرچەند لەو کاتەدا ناسەقامگیری بەهۆی راپەڕینی ساڵەکانی ١٩٤٣ و ١٩٤٧ی ناوچەی بارزانەوە هەبوو کە ئەمەش کاریگەریی خراپی لەسەر سەرژمێرییەکە هەبوو. ئەم سەرژمێرە لە رۆژێکدا ئەنجام درابوو کە پشووی فەرمی بوو و ئەنکێتەکان بەسەر خێزانەکانی عیراقدا دابەش کرابون بەڵام زۆر تێبینی لەسەر پرۆسەکە هەبوو. دواتر داتاکانی سەرژمێرەکە بە سێ بەرگ بڵاو کرانەوە.

لەعیراقدا ئەنجامدانی سەرژمێر هەر ١٠ ساڵ جارێك بوو بە شتێکی ئاسایی. پاش ساڵی ١٩٤٧، سەرژمێرێکی تر لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٧ ئەنجام درا. لەو کاتەدا هەلومەرجەکە بۆ سەرژمێر گونجاو بوو، سەرباری ئەوەش کە دەوڵەت لە کارەکەدا سودی لە کادیرەکانی مامۆستاو خوێندکاران وەرگرت.

سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ لە سەرکەوتوترین و باشترین سەرژمێرەکانی عیراقە چونکە لەو کاتەدا سەقامگیری باڵی بەسەر عیراقدا کێشا بوو، بەتایبەتی لە کوردستان و هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکانیش رۆڵی هەبوو لە سەرخستنی

پرۆسەکەدا. پاشان داتاکان بە ١٨ بەرگ بڵاو کرانەوە. نیاز وابوو سەرژمێرێکی دیکە لە ساڵی ١٩٦٧دا ئەنجام بدرێ بەڵام پرۆسەکە پێش خرا چونکە لەو کاتەدا عیراق سەرقاڵی یەکگرتنەوە بوو لەگەڵ میسرو سوریا، کوردستانیش ناسەقامگیر بوو، بۆیە ناتوانین بچینە سەر ئەو باوەڕەی کە پرۆسەی سەرژمێرەکە سەرکەوتوو بووە، بەتایبەتی لەکوردستان. دواتریش داتاکان لە ساڵی ١٩٧٠دا بە یەك بەرگ بڵاو کرانەوە.

لەبەر رۆشنایی رێککەوتننامەی ئازاری ١٩٧٠ ی نێوان سەرکردایەتیی کوردو حکومەتی عیراق، بڕیار درا سەرژمێر لە تشرینی یەکەمی ئەو ساڵە بکرێ بۆ دیاری کردنی سنوری ئیداریی ناوچەی کوردستان. هەرچەند بارودۆخ بۆ سەرژمێری گونجاو بوو بەڵام حکومەتی عیراق دوای خست بۆ ئەوەی سەنگی دیمۆگرافیی کورد لە عیراق دەر نەکەوێت و بۆ ئەوەی سنوری ناوچەی کوردستان بە وردی دیاری نەکرێت.

سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ پاش هەرەس هێنانی شۆڕشەکەی کوردستان ئەنجام دراو لەو کاتەدا حکومەتی عیراق سەرقاڵی راگواستنی کورد بوو، بەتایبەتی لە ناوچەکانی سەر سنوری ئێران بەرەو باشورو ناوەڕاستی عیراق. هەروەها لەو کاتەدا حکومەتی عیراق سەرقاڵی جێبەجێ کردنی ئەو رێککەوتننامەیە بوو کە لەساڵی ١٩٧٥ دا لەگەڵ ئێران واژۆی کردبوو وببوو بە مایەی هەرەس هێنانی شۆڕشی کورد، بەتایبەتی جێبەجێ کردنی مادده نهێنییەکانی تایبەت بە سنور. بۆیە ئەم سەرژمێرەش بە سەرژمێرێکی باش دانانرێت.

لە ساڵی ١٩٨٧ دا لە کاتێکدا کە شەڕی نێوان عیراق و ئێران لەوپەڕی توندوتیژیدا بوو و کوردستانیش لە دۆخێکی ئێجگار نائارامدا بوو و هەزاران گوند دەیان شارۆچکە وێران کرابون و دانیشتوانەکانیش راگوێزرا بون، سەرژمێری لەعیراق ئەنجام درا هەرچەند هەلومەرج لەبار نەبوو. ئەنجامی سەرژمێرییەکەش تەنها بەیەك بەرگ بڵاوکرایەوە.

له ساڵی ١٩٩٧ یش هەرچەند ناوچەی کوردستان و بەشێکی زۆری ناوچەکانی کەرکوك و موسل و دیاله له دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عیراقدا بون، سەرژمێر له باقی ناوچەکانی عیراق کرا.[٥٩]

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە تاکە سەرژمێری سەرکەوتوو له عیراق ئەو سەرژمێرەیه که ساڵی ١٩٥٧ ئەنجام دراوه کە پشتی پێ دەبەسترێ و جێی متمانەیەو هەر ئەم سەرژمێرەشه که ماددەی ١٤٠ کردویەتی به بنەماو سەرچاوەی یەکەم بۆ جێبەجێ کردن، بەتایبەتی له پرۆسەی سەرژمێری دانیشتوانی رەسەنی ناوچه جێناکۆکەکان.

حکومەتی فیدراڵ ئەوەندەی پێی بکرێ هەوڵ دەدا خۆی لەئەنجامدانی سەرژمێر بدزێتەوە، لەکاتێکدا که بڕیار وابوو سەرژمێر له ٢١ ی تەموزی ٢٠٠٧ دا بەپێی یاساو دەستورو رێککەوتنی سیاسی ئەنجام بدرێ.[٦٠] هەر بۆ نمونە، عەرەب و تورکمانەکان دژی ئەوە وەستانەوە که سەرژمێر له ناوچه جێناکۆکەکان بکرێت، بۆیه سەرژمێرەکه بۆ ساڵی ٢٠٠٨ دوا خراو پاشان بۆ ساڵی ٢٠٠٩ و پاشانیش بۆ ساڵی ٢٠١٠ لەسەر ئەو بنچینەیەی که سەرتاسەری عیراق بگرێتەوە. لەو کاتەدا بارودۆخی هەرێمی کوردستان گونجاوو لەبار بوو بۆ سەرژمێری، کەچی ئەم پرۆسەیه تا ئێستا هەر نەکراوە.[٦١]

رائید فەهمی، سەرۆکی لیژنەی باڵای جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ ی دەستورو وەزیری زانست و تەکنەلۆژیا، لەسەردانەکەی بۆ هەولێر وتویەتی دورنمای سیاسیی ماددەکه تەگەرەیه له بەردەم جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠. هەروەها لەسەری رۆییوەو وتویەتی "جێبەجێ کردنی قۆناغەکانی ئەم ماددەیه پەیوەندیی به لێك تێگەیشتنی نێوان لایەنه سیاسییەکانی عیراقەوەیه، بەتایبەتی سەبارەت به سەرژمێری و سنوری ئیداریی پارێزگاکه.[٦٢] هەروەها وەزیری نەخشەدانانی عیراق عەلی شوکری له ساڵی ٢٠١١ وتویەتی که وەزارەتەکەی ئامادە سازیی تەواوی لەڕوی ئیداری و تەکنیکییەوە بۆ سەرژمێر کردووە. شوکری باسی کردووە کە"هەندێ گیروگرفت لەم رووەوە سەبارەت به

هەندێ لە نەتەوەکان هەیە چونکە ئەو نەتەوانە بیروڕای جیاوازیان سەبارەت بە سەرژمێر هەیە و لەم بوارەدا رونی کردۆتەوە کە ئەم بابەتە نەبۆتە رێگرێکی گەورە لەبەردەم جێبەجێ کردنی سەرژمێری و کۆبونەوەی چڕ لە ئارا دایە بۆ یەکلاکردنەوەی گرفتەکان. ئەمەش شتێکی شیاوە". هەروەها رونی کردەوە کە هێشتا کۆتا وادە بۆ سەرژمێر دیاری نەکراوە بەڵام جەختی کردە سەر ئەوەی کە ئەمساڵ (٢٠١١) سەرژمێر دەکرێ، بەتایبەتی پاش هاودەنگیی لایەنەکان لەسەر پێویستیی ئەنجامدانی چونکە ئەرکێکی نیشتمانییە.[٦٣]

سەبارەت بە ناوچە جێناکۆکەکان لەوانە کەرکوك هیچ هەنگاوێك بەپێی ماددەی ١٤٠ بەمەبەستی سەرژمێری نەنرا، لەکاتێکدا سەرژمێریی ناوچە جێناکۆکەکان پەیوەندیی بەو سەرژمێرەی دانیشتوانەوە نیە کە وەزارەتی نەخشەدانانی عیراق نیازی بوو لە سەرتاسەری عیراق ئەنجامی بدات.[٦٤]

دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد لەم بارەیەوە دەڵێ "دیاری کردنی سنوری جوگرافیی ناوچەی کوردنشین لە لای حکومەتەکانی عیراق هێڵێکی سورە و نابێ کەس خۆی لێی نزیك بکاتەوە چونکە دیاریکردنی سنورەکە بە مانای گۆڕینی نەخشەی ئیداری و سیاسیی وڵات دێت، بۆیە ئەو حکومەتانە بە بەردەوامی هەوڵ دەدەن پاساو بهێننەوە بۆ رێگرتن لەم کارە لەوانە ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی عیراق".[٦٥]

لە کۆتایی ئەم بابەتەدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە ئەنجام نەدانی سەرژمێر لە عیراقدا، ناکۆکی سەبارەت بە مافی وەرگرتنی ١٧٪ی بودجەی عیراق لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە دەخولقێنێ. ئەوسا دکتۆر فوئاد مەعسوم سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستانی داوایەکی لەم بارەیەوە بۆ دادگای فیدراڵ بەرز کردبۆوە، دادگاش بڕیاری دابوو حکومەت بەوەی کە سەرژمێری لە کاتی خۆی ئەنجام نەداوە، دەستوری پێشێل کردووە و پێویستە لەسەری پاش دەرچونی ئەم بڕیارە، لە ماوەی ساڵێکدا سەرژمێری بکات. بەڵام حکومەت هێشتا بڕیارەکەی جێبەجێ نەکردووە.[٦٦] رای حکومەتی فیدراڵ ئەوە بوو کە سەرژمێرکردنی دانیشتوانی عیراق جیایە لەو سەرژمێرەی کە ماددەی ١٤٠

باسی کردووەو تایبەتە بە دیاری کردنی چارەنوسی دانیشتوانی رەسەنی ناوچە جێناکۆکەکان.[٦٧]

هەموو ئەوەی باسمان کرد مانای ئەوە دەدات کە حکومەتی مالیکی رێزی لە بڕیارەکانی دادگای فیدرال نەگرتووە، بەتایبەتی ئەو بڕیارانەی کە لەگەڵ ئارەزوی حکومەتەکەیدا ناگونجێت.

لێکوڵیار پشتگیریی بۆچونەکەی دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد دەکات کە پێی وایە هۆی ئەوەی کە حکومەتەکانی عیراق سەرژمێریان نەکردووە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خوازیار نین قەوارەی دیمۆگرافیی کورد دەرکەوێ و هەروەها دەیانەوێ بەربەست لە بەردەم جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور دروست بکەن. وەك لەمەوپێش توانیبویان بەربەست لە بەردەم قۆناغی ئاسایی کردنەوە دروست بکەن، ئاواش کاریان بۆ ئەوە کردووە کە بەربەست لە بەردەم قۆناغی سەرژمێر دروست بکەن، ئەوەش هەم لە ناوچە جێناکۆکەکان هەم لە سەرتاپای عیراق.

بە رای تۆژەر، رێز نەگرتنی حکومەتی مالیکی لە بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدرال سەبارەت بە سەرژمێر ئامانجێکی دیکەی لە پشتەوەیە، ئەویش هێشتنەوەی بارودۆخەکەیە وەکو خۆی بۆ ئەوەی سنوری ئیداریی هەرێمی کوردستان دیاری نەکرێت.

### دووەم: راپرسی

لەمەوبەر بە وردەکارییەوە باسی راپرسیی گشتی و تایبەتمان کردوە، بۆیە لێرە ناچینەوە سەر باس کردنی ئەم مەسەلەیە بەڵکو زۆرتر جەخت دەکەینە سەر جێبەجێ کردنی راپرسیی تایبەت کە لە ناوچەیەکی دیاریکراوی دەوڵەتی عیراق بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان ئەنجام دەدرێت.

دەوڵەتانی ئەوروپا دوو پەندیان لە ئاکامەکانی دوو جەنگە جیهانییەکە وەرگرت بۆ چارەسەرکردنی کێشە و چارەنوسی ناوچە جێناکۆکەکان لە جیهاندا و لەم رووەوە دوو پێوەریان دانا:

١-پەیوەستی مێژویی و کولتوری.

٢-پەیوەستی زمان و نژاد.

لە دۆخێکی وەهادا پێویست ناکا هانا بۆ پێوەری راپرسی ببرێ بەمەبەستی دیاریکردنی چارەنوسی خەڵك چونکە لێرەدا سنوری زەوییەکە جێگیرو نەگۆڕو هەمیشەییە. بەڵام کاتێك فاکتەری زمان رون و رۆشن نابێ یاخود ئەگەر هاتو زیاد لە زمانێك هەبوو یان ئەگەر هاتو مەسەلەکە نیشتەجێ کردن و گۆڕینی دیمۆگرافیای تێکەوتبوو، لە دۆخێکی ئاوەهادا هەر دەبێ هانا بۆ راپرسی ببرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کە هەن.

لەعیراقدا بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە، لە یاسای ساڵی ٢٠٠٤ی بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە قۆناغی گواستنەوە ئاماژە بە دوو پێوەرەکەی جوگرافیاو مێژوو کراوە بەڵام پاش دەرچونی دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ چاوپۆشی لەم دوو پێوەرە کرا. لە ماددەی ١٤٠ دا کە بە تەواوکەری ماددەی ٥٨ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق دەژمێردرێت، پێوەرێکی دیکە بۆ دیاری کردنی ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان حکومەتی فیدرال و حکومەتی هەرێمی کوردستان پیادە کرا. لەم ماددەیەدا بەرونی هانا بۆ دوو رێوشوێنی چارەسەری دەستوری براوە کە بریتین لە:[٦٨]

١-رێوشوێنی ناوبژیوانیی نیشتمانی و ناوبژیوانیی نێودەوڵەتی.

٢-رێوشوێنی راپرسیی تایبەت.

سەبارەت بە ناوبژیوانیی نیشتمانی، دیارە عیراق لە توانایدا نەبوە سود لەم رێوشوێنە وەربگرێت. هەروەها ئەم رێوشوێنە لە هیچ کام لەوڵاتەکانی ئیمارات و بۆسنیاو سودانیش کە کێشەی هاوشێوەی عیراقیان هەیە، هانای بۆ نەبراوە.

بەڵام رێوشوێنەکەی تر کە رێوشوێنی ناوبژیوانیی نێودەوڵەتییە، دەوڵەتانی بۆسنیاو ئیمارات هانایان بۆ بردووە و تێیدا سەرکەوتووش بون. بەڵام لە عیراق هانا بۆ ئەم رێوشوێنە نەبراوە، بگرە حکومەتی عیراق نە باوەڕی بە رێوشوێنی

نێودەوڵەتی بووە نە بە راسپاردەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بیریشی لێ نەکردۆتەوە و رەتی کردۆتەوە.

بۆیە دەڵێین تاکە رێوشوێن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان ئەو راپرسییەیە کە ماددەی ١٤٠ لە روی بابەتی و سیاسییەوە باسی کردووە چونکە راپرسی گونجاوترین رێوشوێنی دەستورییە بۆ دیاری کردنی چارەنوسی ئەو ناوچانەی کە حکومەتی عیراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان کێشەیان لەسەری هەیە. دیارە زۆر دەوڵەتی پێشکەوتوی وەك سویسرەو کەنەداو ئەڵمانیا بۆ چارەسەرکردنی سنور سودیان لە بژاردەی راپرسی وەرگرتووەو لەم بارەیەشەوە سەرکەتوو بوون. لەڕاستیشدا راپرسی ئەنجامی سیستمی دیموکراتییە بەڵام خۆ عیراق دەوڵەتێکی دیموکرات نیە و نە وەك دەوڵەتێکی پێشکەوتنخواز ناوی دێت نە وەك دەوڵەتێکی دیموکرات، بەڵکو دەوڵەتێکی لە ریزی دەوڵەتانی وەك یەکێتیی سوڤێتی پێشوو و یۆگۆسلاڤیای هەڵوەشاوەو ئیندۆنیسیاو سودان، واتە زادەی هەڵێکی مێژوییە و دەرهاوێشتەی نەبونی دیموکراسییە هەرچەند دیموکراسی لە دەستورەکەیدا چەسپاوە.

مەبەستمان ئەوەیە کە لەعیراقدا هیچ بەربەستێکی یاسایی لە بەردەم ئەنجامدانی راپرسی نیە، بگرە ئەنجامدانی راپرسی ئەرکێکی یاسایی ئیلزامییە بۆ هەردولای ململانێکە. ئەنجامدانی راپرسیی تایبەت لە نێو دانیشتوانە رەسەنەکاندا بۆ دیاریکردنی هەڵوێستیان سەبارەت بەوەی کە ئاخۆ خوازیارن ناوچەکانیان سەر بە چ حکومەتێك بێ، حکومەتی فیدرال یاخود حکومەتی هەرێمی کوردستان، تاکە چارەسەرە بۆ کێشەکەو ئەم راپرسییە بەگرنگترین و مەترسیدارترین قۆناغەکانی میکانیزمی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ دەژمێردرێت. مەبەست لەوەی کە راپرسی مەترسیدارە ئەوەیە کە راپرسی گەڕەنتیی بردنەوە ناکات. هەر بۆ نمونە ئەگەر نمونەی جەبەل تارق وەرگرین، دەردەکەوێ کە ئەم شوێنە بەپێی فاکتەرە مێژویی و جوگرافییەکان سەر بە دەوڵەتی ئیسپانیا بووە و ئەمڕۆ بریتانیا داگیری کردووە و تا ئێستا بریتانیاو

ئیسپانیا دوو جار راپرسییان بۆ دیاریکردنی چارەنوسی ناوچەکە ئەنجام داوە و هەردوو جار هاوولاتیبیانی ناوچەکە دەنگیان بەوە داوە کە ناوچەکەیان لە ژێر دەسەلاتی بریتانیا بمێنێتەوە چونکە بریتانیا لە ئیسپانیا زۆرتر خزمەتی ناوچەکەیانی کردووە.

دکتۆر محەمەد ئیحسان دەربارەی کارکردن لەپێناوی قۆناغی راپرسیدا دەڵێت "دوو بابەت لەگەڵ حکومەتی فیدرالی عیراق یەکلا بۆتەوە کە ئەمانەن:

-دیاری کردنی ئەو کەسانەی کە مافی بەشداری کردنیان لە راپرسیی دیاریکردنی چارەنوسی ئەو ناوچانەدا هەیە و پشت بەستن بە سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧".[٦٩]

کەواتە ناوچە جێناکۆکەکان کە راپرسییان تێدا ئەنجام دەدرێت، دیاری کراون. ئەمەش لە راپۆرتەکەی نوێنەری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دیمستۆرا باس کراوەو ناوچەکانیش دیاری کراون.

هەروەها ئەوەش یەکلا کراوەتەوە کە کێ مافی هەیە بەشداری لە راپرسیدا بکات و کاتی راپرسییەکەش دیاری کراوەو بریتییە لە ١٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٧ کەئەمەش دەستکەوتێکی سیاسی بوو بۆ حکومەتی مالیکی بەڵام ئەمە جێبەجێ نەکراو وادەکە بۆ کاتێکی نادیار دوا خرا. بەڵام ئەوەی کە تا ئەمڕۆ یەکلا نەکراوەتەوە ئەوەیە کە ئاخۆ لەسەر چ ئاستێکی ئیداری راپرسییەکە ئەنجام دەدرێت. ئەمەش مەسەلەیەکی گرنگە چونکە لەبەر رۆشنایی ئەنجامەکاندا، چارەنوسی ناوچەکە دیاری دەکرێت. دکتۆر شۆڕش حەسەن دەربارەی ئەم مەسەلەیە گوتویەتی "راپرسی پرۆسەیەکی یەکگرتووە بۆ هەموو ناوچەکان و دەبێ لە یەك رۆژدا ئەنجام بدرێ، ئەویش پاش تەواوکردنی قۆناغەکانی ئاسایی کردنەوەو سەرژمێرکردنی ناوچەکان". هەروەها دەربارەی راپرسی لەسەر ئاستی یەکە ئیدارییەکان گوتویەتی "تەنها لەپارێزگای کەرکوك دەڵێن کەرکوك کوردستانییە. کەس ناڵی تکریت کوردستانییە، بەڵکو دەڵێن قەزای دوزخورماتوو کە سەر بە تکریتە، کوردستانییە. هەروا لە دیالە دەوترێ قەزای

خانەقین کوردستانییە. بە هەمان شێوە باسی هەندێ لە ناوچەکانی پارێزگای موسل دەکەن. کەواتە پێویستە راپرسییەکە تەنها لەو ناوچانە بکرێ کە مشتومڕ لەسەر کوردستانیبونیان هەیە".[٧٠]

دکتۆر تاڵەبانی پشتگیریی ئەم بۆچونە دەکات بەڵام دکتۆر محەمەد ئیحسان دەڵێ "دەستەکەمان پێشنیاری کردووە راپرسی لەسەر بنەمای بچوکترین یەکەی ئیداری بکرێت کە ناحیەیە چونکە ئەگەر راپرسی لەسەر ئاستی پارێزگا بکرێ، کورد دەدۆڕێن و تەنها لە پارێزگای کەرکوك بە زۆرینە کورد براوە دەبن، لە کاتێکدا کە زۆرینەی دانیشتوانی پارێزگاکانی نەینەوا، سەلاحەددین، دیالەو واست عەرەبن. بۆیە کاتی ئەوە هاتووە کورد بە جیددی بیر لەوە بکاتەوە کە چارەسەری واقیعییانە بۆ کێشە هەڵپەسێردراوەکان بدۆزنەوە، تەنانەت ئەگەر چارەسەرەکە ئەوە بێ کە دەستبەرداری هەندێ لەو ناوچانەش بێت کە لە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠ دان".[٧١]

بە رای توێژەر باشترە راپرسی لەسەر ئاستی قەزاو ناحیەکانی ناوچە جێناکۆکەکان ئەنجام بدرێ چونکە ئەوسا ناوەندی قەزاری کەرکوك وەك قەزایەکی پارێزگای کەرکوك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و لەم سۆنگەیەوە هەموو ناوچە جێناکۆکەکانی بۆ دەگێڕدرێتەوە.

شایانی باسە کە کورد لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥ دا رێژەی ٦٣٪ی سەرجەم دەنگەکانی کەرکوکیان وەدەست هێناوە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە شارەکەو دەوروبەرەکەی کوردنشینن بەڵام کێشەکەی راپرسی ئەوەیە کە سێ قۆناغەکەی ئاسایی کردنەوەو سەرژمێرو راپرسی بە یەکەوە بەستراون. ئەمەش ئەم واتایە دەدات کە بەبێ تەواوکردنی دوو قۆناغەکەی ئاسایی کردنەوەو سەرژمێر، راپرسی ناکرێت.

دکتۆر تالب رەشید یادگار دەڵێت "دەبێ زۆرتر جەخت بکرێتە سەر راپرسی و واز لە دوو قۆناغەکەی تر بهێنرێت چونکە تا ٢٠- ٣٠ساڵی تریش

قەرەبوکردنەوەکە تەواو نابێت، بەتایبەتی کە مەسەلەی قەرەبوکردنەوە بەشێکە لە قۆناغی ئاسایی کردنەوە".[72]

تۆژەر پشتیوانی لەم بۆچونە دەکات چونکە ناوچە جێناکۆکەکان دیاری کراون و پرنسیپێکیش هەیە دەڵێ ئەگەر زۆرینەی دانیشتوانی هەر ناوچەیەك هەر شتێکیان داوا کرد، دەبێ داواکەیان جێبەجێ بکرێ. لێرەدا دانیشتوانی ناوچەکە داواکارن ناوچەکەیان بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان و ئەم داوایە داوایەکی یاسایی و دەستورییە. جا لێرەدا بۆ پشت راستکردنەوەی ئەم تێڕوانینە، دەڵێین لە هەڵبژاردنی ساڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠١٠ و ٢٠١٤ دا لیستە کوردییەکان لە ناوچە جێناکۆکەکان زۆربەی دەنگەکانیان وەدەست هێناوە. کەواتە دەتوانرێ واز لە هەردوو قۆناغەکەی یەکەم و دووەم بهێنرێ و دەشێ پێش تەواوبونی دوو قۆناغەکە دەست بە راپرسی بکەین. بەڵام بۆچونی ئێمە ئەوەیە کە چانسی راپرسییەکە لە چانسی دوو قۆناغەکە باشتر نابێ.

دکتۆر محەمەد ئیحسان دەڵێ "دەستەکەمان (واتە دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم) پێداویستییەکانی راپرسیی بە رادەیەك دابین کردبوو کە دەتوانرێ بگوترێ هەموو پێداویستییەکانی دەستەبەر کردبوو، لەوانە کارتەکانی دەنگدان. بەڵام دکتۆر حەنان فەتلاوی- کە نوێنەری مالیکی بووە لە لیژنەی باڵای جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ هەوڵەکەی پەك خست".[73]

پاشان حکومەتی حەیدەر عەبادی جێگای حکومەتی مالیکیی گرتەوەو بە گوێرەی بڕگەی ١٧ ی بەرنامەی سیاسیی حکومەتەکەی دەبوایە ماددەی ١٤٠ لە ماوەی ساڵێکدا جێبەجێ بکرێت کەچی ئەم ماددەیە تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە.

بۆیە لێرەدا ئەو ئەنجامەمان چنگ دەکەوێت کە حکومەتەکانی عیراق نیازی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوریان نیە.

لە کۆبەندی بابەتە تاوتوێکراوەکەدا بۆمان رون دەبێتەوە کە راپرسی تاکە رێوشوێنی دەستورییە بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنوسی ناوچەو زەوییە جێناکۆکەکان کە حکوتی فیدال و حکومەتی هەرێمی کوردستان کێشەیان لەسەر هەیە. لە ماددەی ١٤٠ دا دەردەکەوێ کە هەر یەکێ لە سێ قۆناغەکەی

ئاسایی کردنەوەی و سەرژمێرو راپرسی تەواوکەری یەکترین چونکە سەرژمێر بەبێ ئاسایی کردنەوە نابێ، راپرسیش بەبێ سەرژمێر نابێ، بەڵام حکومەتی عیراق بە پێچەوانەی دەستورەوە رەفتاری کردووە و قۆناغەکانی ئاسایی کردنەوەو سەرژمێری جێبەجێ نەکردووە. ئەگەر دەستور رێزی لێ بگیرایەو جێبەجێ بکرایە، دەبوایە دەسەڵاتدارەکانی بەغدا بدرێتە دادگا چونکە ئەرکی خۆیان بە باشی جێبەجێ نەکردووە. لێرە گلەییەکە لایەنی کوردی ناگرێتەوە چونکە ئەوەی کە کەمتەرخەم بووە لە جێبەجێ کردنی ماددەکەدا حکومەتی عیراق بووە کە دەبوایە لە ماوەی کەمتر لە سێ ساڵ ماددەکەی جێبەجێ بکردایە، کەچی تا ئێستا هیچ تروسکاییەك لە جێبەجێ کردنی ماددەکە دا نابینرێت.

رای توێژەر بەجۆرەیە کە دەکرێ راپرسی پێش کۆتایی هاتنی دوو قۆناغەکەی ئاسایی کردنەوەو سەرژمێر ئەنجام بدرێ چونکە ناوچە جێناکۆکەکان دیاری کراون و تا ئێستا سێ هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجام دراوەو لە هەر سێکیاندا کورد زۆرینەی دەنگەکانی ئەو ناوچانەی بەدەست هێناوە. ئەو زۆرینەیەش دەتوانێ داوایەك سەبارەت بە ئەنجامدانی راپرسی بە شێوەیەکی یاسایی بۆ دیاریکردنی چارەنوسی ئەو ناوچانە دیاری بکات و لەو راپرسییەدا ئەو ناوچانە ئەوە هەڵدەبژێرن کە ئاخۆ دەیانەوێ بگەرێنەوە بۆ هەرێم یاخود بۆ هەتا هەتایە سەر بە حکومەتی فیدراڵ بن.

## باسی دووەم

## لیژنەی پەرلەمانیی تایبەت بەچاودێری کردنی هەنگاوەکانی جێبەجێ کردنی چارەسەری کێشەکانی سنور

سیستمی پەرلەمانی لەسەر بنەمای پاراستنی هاوکاری و هاوسەنگیی نێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و راپەڕاندن و لەسەر بنەمای ئەو هاوسەنگییە هەر یەکێ لەدوو دەسەڵاتەکە چاودێریی یەکتری دەکەن. بەڵام ئێمە

لێرەدا زۆرتر جەخت دەکەینە سەر چاودێری کردنی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن لەلایەن پەرلەمانەوە.

ئاشکرایە کە کابینەی حکومەت لە سیستمە پەلەمانییەکاندا دەسەڵاتی راستەقینەی هەیە، بۆیە لێپرسراوەتی دەکەوێتە ئەستۆی کابینەوە و بەهۆی ئەمەوە کابینە بەرپرسیارە لە بەردەم پەرلەماندا سەبارەت بە کارو کردەوەکانی. دەسەڵاتی یاسادانان بۆی هەیە لیژنەی چاودێری و لێکۆڵینەوە لەسەر وەزارەتەکان دروست بکات چونکە ناتوانێ بە شێوەیەکی راستەوخۆ ئەرکەکە بگرێتە ئەستۆ. سەرباری ئەمە، ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە پرسیار ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکان بکەن، هەروەها مافیان هەیە بانگهێشتیان بکەن بۆ پەرلەمان. ئەگەر سیاسەتی وەزارەتیش لە ئاستی پێویستدا نەبوو، ئەوا پەرلەمان دەتوانێ متمانە لە وەزیر بسەنێتەوە و ناچاری دەست لەکارکێشانەوەی بکات. ئەمەش بەم واتایە دێت کە پەرلەمان چاودێریی کارو رەفتاری وەزارەتەکان دەکات، بۆیە مافی هەیە زۆر رێوشوێن بگرێتە بەر کە ئێمە لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەین:

یەکەم- پرسیارکردن:

ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە پرسیار بکەن و داوای رونکردنەوە لەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکان بکەن سەبارەت بە هەر بابەتێك بەڵام پرسیارەکە تەنها لە نێوان ئەو پەرلەمانتارەدا دەبێ کە پرسیارەکە دەکاو لە نێوان ئەو وەزیرەدا کە پرسیارەکەی ئاراستە دەکرێت. واتە ئەگەر پەرلەمانتارەکە قەناعەتی نەکرد، بۆی هەیە گفتوگۆی لەگەڵدا بکا بەڵام ئەندامەکانی تری پەرلەمان ئەو مافەیان نیە. دیارە لێرە ئامانجی پرسیار کردنەکە، زانینی نیازو مەرامی حکومەتە سەبارەت بە یەکێ لە کارو کردەوەکانی. هەموو ئەمەش بەم واتایە دێت کە پرسیارکردن بە مانای تۆمەتبارکردنی یان رەخنەگرتن یان لێپرسینەوە نیە. ئەوەی کە پرسیار دەکا، مافی هەیە یەك جار بەدواداچونی بۆ وەڵامی بەرپرسەکە هەبێ، هەروەها بۆشی

هەیە پرسیارەکەی بکێشێتەوە. [٧٤] ئەمەش وامان لێدەکا بڵێین لێرەدا پرسیارەکانی پەرلەمان نزمترین ئاستی هێزی چاودێرییان هەیە.

دووەم- دواندن:

لێرەدا پەرلەمانتار مافی هەیە داوا لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان لە وەزیر بکات خاڵێکی دیاریکراو یان سیاسەتی گشتیی حکومەتی بۆ رون بکاتەوە.

ئەمەش بەم واتایە دێت کە دواندن لە پرسیارکردن بەهێزترە چونکە دواندن تەنها بە پرسیارکردن و داوای رونکردنەوە داناکەوێ بەڵکو رەنگە بگاتە رادەی لێپرسینەوەی وەزیر، سەرباری ئەوەی کە پەرلەمانتاران هەموویان بۆیان هەیە بەشداری لە پرۆسەکەدا بکەن، هەروەها دەشێ مەسەلەکە سەندنەوەی متمانەشی تێ بکەوێ، چ لە حکومەت یان لە وەزیر. کەواتە دواندن مەترسیی تێدایە، بۆیە لێرە حکومەت پێویستی بە هەندێ گەرەنتییە. بۆ نمونە، دەبێ زانیارییەکان راست و ورد بن و بۆ ناوزڕاندن و سوکایەتی پێ کردن نەبێت.[٧٥]

سێیەم- لێکۆڵینەوە:

لێرەدا پەرلەمان مافی هەیە لیژنەی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە لە بابەتێکی دیاریکراو بکات بەڵام دەبێ ئەندامانی لیژنەکە هەموویان سەربەخۆ بن، هەروەها دەبێ سود لە پسپۆران و شارەزایان وەربگیرێت، هەروەك پەرلەمان دەتوانێ داوا لە هەموو وەزارەت و دەزگا جیاوازەکان بکات هەر چی دیکۆمێنتیان لایە بیدەنێ بۆ ئەوەی لە لێکۆڵینەوەکەدا سودیان لێ وەربگیرێت.[٧٦] بەڵام برگەی دووەمی ماددەی ٦١ی دەستوری عیراق تێیدا هاتووە کە پەرلەمان چاودێریی هەڵسوکەوتی دەسەڵاتی راپەڕاندن دەکات، بەتایبەتی سەرەك وەزیران و وەزیرەکان و دام و دەزگاکانی سەر بە سەرەك وەزیران و وەزارەتەکان، لەوانە لیژنەی باڵای جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ لە رێی چەند میکانیزمێکەوە کە دواتر دەچینە سەر باس کردنیان.

ئاشكرایە كە پەرلەمان ناتوانێ هەر كارێك بە جیا بكات چونكە پەرلەمان لە سیستمێكی لیژنەكاری پێك هاتووە كە سەرجەمیان بە پێی ئەو ئەركانەی كە دەستور بە پەرلەمانی سپاردووە كار دەكەن. زۆربەی جارەكان، ئەو لیژنانە بە پێی جۆری ئەركەكە پۆلێن دەكرێن وەك لیژنەی ئەندامان، لیژنەی یاسایی، لیژنەی ئاسایش و بەرگری، لیژنەی دارایی و هتد. ئەو لیژنانە بەپێی یاسای دەستوری پێیان دەگوترێ لیژنە پسپۆرەكان. نەریت وایە كە ئەم لیژنانە لە سەرەتای دەستپێكردنی خولی پەرلەمان پێك بهێنرێن. بۆیە كاتێك پێك دەهێنرێت، تا كۆتایی ماوە یاساییەكە كار دەكەن. هەر بۆ نمونە، ماوە یاساییەكە بەپێی ماددەی برگەی یەكەمی ماددەی ٦٥ چوار ساڵە كە بە یەكەم دانیشتن دەست پێ دەكات و پاش تەواوبونی چوار ساڵەكە كۆتایی دێت.

شایانی ئاماژە پێ كردنە كە نیمچە كۆ دەنگییەك لەسەر ئاستی هەموو پەرلەمانەكانی جیهان لەسەر جۆرو بواری شارەزایی ئەو لیژنانە هەیە و لەم رووەوە یاساكانی دەوڵەتان وپەیرەوی ناخۆی پەرلەمانەكان چەندەها رێسایان بۆ رێكخستنی كاری ئەو لیژنانە هەیە. بۆیە دەتوانرێت ئەوە بگوترێ كە پێكهاتەی نەتەوەیی و خێڵەكی و ئاینی و تەنانەت جوگرافیی كۆمەڵگاش لە زۆر وڵاتدا كاریگەریی دەبێت لەسەر ژمارەو جۆری ئەو لیژنانە. هەر بۆ نمونە، ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریكا ٢٢ لیژنەی هەیە، ئەنجومەنی پیران ١٦ لیژنەی هەیە، ئەنجومەنی گشتیی بریتانیا ١٥ لیژنەی هەیە و ژوری خوارەوەی پەرلەمانی سوید ١٦ لیژنەی هەیە، هتد. هەروەها دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بكرێت كە ژمارەی لیژنەكان جێگیر نیە چونكە ئەو ژمارەیە لە خولێكەوە بۆ خولێكی تر دەگۆڕێت، هەروەها شێوازی پێكهێنانی لیژنەكانیش لە پەرلەمانێكەوە بۆ پەرلەمانێكی تر دەگۆڕێت بەڵام ئەوەی كە لە پەرلەمانە مۆدێرنەكاندا باوە شێوازی پشك پشكێنەی حزبییەو لەو شێوازەدا لەكاتی دابەش كردنی لیژنەكاندا، ئەو حزبانە لەبەرچاو دەگیرێن كە ئەندامیان لەناو پەرلەماندا هەیەو هەروەها رێژەی هێزە سیاسییەكان لەبەرچاو دەگیرێن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ لە یاساکاندا ئەرکی دیار کردنی ئەندامانی لیژنەکان بە شێوەیەکی فەرمی بە سەرۆکی پەرلەمان راسپێردراوە، وەك ئەوەی کە لە یاساکانی ژاپۆن و هیندستان و هۆلاند دەبینرێت. بەڵام ئەمە بەو مانا نیە کە سەرۆکی دەوڵەت و حزبی دەسەڵاتدار دەستیان نیە لە دانانی ئەندامانی لیژنەکاندا، بەتایبەتی لە رژێمە تۆتالیتارو دیکتاتۆرەکاندا کە پێیان وایە لیژنەکانی پەرلەمان و تەنانەت خودی پەرلەمانیش لە دەزگای راوێژکارانە بەولاوە هیچی تر نین.[77]

دەسەڵاتەکانی لیژنەکانی پەرلەمان لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر جیاوازن. هەر بۆ نمونە، دەسەڵاتی لیژنەکان لە فەرەنسا کەمە کەچی لە کۆنگرێسی ئەمریکادا دەسەڵاتی ئەو لیژنانە زۆر زۆرە و لە کۆنگرێسدا رای لیژنەکان یەکلاکەرەوەیە.

ئەمە لەلایەك. لەلایەکی ترەوە، زۆرێك لە پەرلەمانەکان کەسانی بەتواناو شارەزاو پسپۆر لە لیژنەکان دادەنێن و زۆر جاریش هانا بۆ کارمەندێکی حکومەت دەبەن و رێوشوێنی تەکنیکی بۆ لیژنەکان دەستەبەر دەکەن بۆ ئەوەی ئەو لیژنانە بتوانن ئەرکی یاسایی و چاودێریی خۆیان بە پوختی جێبەجێ بکەن. لە پەرلەمانی وڵاتە دیموکراتەکاندا لەسەر ئەوە گیرساونەتەوە کە لیژنەکان ئەرکی پێشکەش کردنی راپۆرت دەربارەی کارو چالاکییەکانیان بۆ رای گشتی بگرنە ئەستۆ بۆ ئەوەی رای گشتی ئاگاداری هەڵوێستیان بێت لەمەڕ ئەو مەسەلانەی کە بۆچونی خۆیان لەبارەیانەوە دەربڕیوە[78]. لەم توێژینەوەیەدا زۆر باسی لیژنەکانی پەرلەمان و لیژنە پسپۆرەکانی ناو پەرلەمانی عیراق دەکەین و هەروەها باسی هەنگاوەکانی جێبەجێ کردنی شێوەی چارەسەرکردنی کێشەکانی سنور دەکەین، ئەویش لە دوو تەوەردا، بەجۆرەی خوارەوە:

تەوەری یەکەم: پێکهێنانی لیژنەی پەرلەمانیی راسپێردراو بە جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠.

تەوەری دووەم: دەسەڵاتەکانو کاری لیژنەی پەرلەمانیی راسپێردراو بە جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ و میکانیزمەکەی.



## تەوەری یەکەم

## پێکهێنانی لیژنەی پەرلەمانیی راسپێردراو بە جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠

یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق لە قۆناغی گواستنەوە لە ماددەی ٣٣/ز بە شێوەیەکی راشکاوانە باسی کردووە کە ئەرکە لەسەر کۆمەڵەی نیشتمانی لیژنەکان پێك بێنێ بەڵام دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ نەچۆتە سەر باس کردنی پێکهێنانی لیژنەکان. بەڵام باس نەکردنی ئەم لیژنانە مانای ئەوە نیە کە ئەنجومەنی نوێنەران دەستی بەستراوەو ناتوانێ لیژنەکان پێك بێنێ و ئەندامیان بۆ دابنێت، چونکە هیچ پەرلەمانتارێك ناتوانێ خۆی، بە شێوەیەکی راستەوخۆ، لەهەموو بوارەکاندا چاودێریی دەسەڵاتی راپەڕاندن بکات. کەواتە هەر دەبێ لیژنەی تایبەتمەند پێك بهێنرێت بۆ ئەوەی بکەوێتە چاودێری کردنی دەسەڵاتی راپەڕاندن بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ. ئەمەش رێوشوێنێکە لە هەموو پەرلەمانەکانی جیهان پەیڕەو دەکرێت. شایانی باسە کە تەنانەت دەستوری ئەمریکاش بە هیچ چەشنێك ئاماژەی بۆ پێکهێنانی ئەو لیژنانە نەکردووە، بەڵکو ئەوەی کە باسی پێکهێنانی لیژنەکانی کردووە رێسا ناوخۆییەکانی کۆنگریسی ئەمریکایە. لەسەر ئەم بنچینەیە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لە خولی یەکەمیدا، پشت بەست بە پەیڕەوی ناخۆی کە لە ١٥ی حوزەیرانی ٢٠٠٦ دا پەسەند کراوە، کەوتە پێکهێنانی ٢٦ لیژنەی پەرلەمانی کە ٢٤ لیژنەیان هەمیشەییەو دووانیان کاتییە. لە خولی دووەمدا ئەنجومەنی نوێنەران ٣٠ لیژنەی پەرلەمانیی هەمیشەیی و کاتیی پێکهێنا، هەروەها لە خولی سێیەمیش (٢٠١٤- ٢٠١٨) دەیان لیژنەی هەمیشەیی و کاتیی پێکهێناو لەم چوارچێوەیەدا لە هەموو خولەکاندا لیژنەیەکی کاتی بە ناوی "لیژنەی راسپێردراو بە جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠" پێك هێنراوە.

ئێمە لێرەدا لە دوو لقدا باسی لیژنە هەمیشەییەکان بە شێوەیەکی گشتی و لیژنەی پەرلەمانیی راسپێردراو بە جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ بە شێوەیەکی تایبەت، دەکەین.

لقی یەکەم:- پێکهێنانی لیژنە هەمیشەیی و کاتییە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا.

لقی دووەم: پێکهێنانی لیژنەی پەرلەمانیی کاتیی راسپێردراو بە چاودێریی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠.

## لقی یەکەم
## پێکهێنانی لیژنە هەمیشەیی و کاتییەکان
## لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا

پێکهێنانی لیژنە هەمیشەیی و کاتییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا میکانیزمێکی دیاریکراوی هەیە کە بەپێی رێساو یاساو رێنماییەکانی تایبەت بە کاروباری پەرلەمان بەڕێوە دەچێت. لەم تەوەرەدا پێکهێنانی لیژنەکان لە دوتوێی دوو بڕگەدا تاوتوێ دەکەین:

بڕگەی یەکەم: پێکهێنانی لیژنە هەمیشەییەکان.

بڕگەی دووەم: پێکهێنانی لیژنە کاتییەکان.

### بڕگەی یەکەم: پێکهێنانی لیژنە هەمیشەییەکان

بەشی سێزدەهەمی پەیڕەوی ناوخۆی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق تێیدا هاتووە کە پاش پەسندکردنی پەیڕەوی ناوخۆ لە یەکەم دانیشتندا لیژنە هەمیشەییەکان پێك دەهێنرێن و بۆ هەر پەرلەمانتارێکی کاندیدکراو بۆ ئەندامەتیی لیژنەکە ئارەزوو و پسپۆری و شارەزایی لەبەرچاو دەگیرێت و هەر ئەندامێکی پەرلەمان مافی هەیە خۆی بۆ ئەندامەتی یان بۆ سەرۆکایەتیی هەر لیژنەیەك کاندید بکات و لێرەدا دەبێ ئەوە لەبەرچاو

بگیرێت کە ژمارەی ئەندامانی هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی دەبێ لە حەوت ئەندام کەمتر نەبێ و لە پانزە ئەندام زیاتر نەبێت. لە سێ ڕۆژی یەکەمی دەستبەکاربونی ئەنجومەن ئەو لیژنانە هەڵدەبژێردرێن و سەرۆك و جێگر و بڕیاردەری لیژنە بە دەنگدان دەبێ و پێویستە دەنگی زۆربەی ئەندامانی لیژنە بە دەست بهێنرێت و بە ڕەزامەندیی زۆرینەی ئەندامەکانی هەر وەزیرێك و هەر کەسێك پلەی وەزیری هەبێ، بۆ وەرگرتنی ڕونکردنەوە سەبارەت بە هەر بابەتێك بانگهێشت دەکرێت، ئەویش بە ئاگاداریی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران. هەروەها لیژنەکە بە ڕەزامەندیی زۆرینەی ئەندامەکانی، بۆی هەیە جێگرانی وەزیرەکان یا هەر بەرپرسێکی خاوەن پلەی تایبەت و باقی کارمەندانی دەوڵەتی (چ مەدەنی بن چ عەسکەری) بۆ ڕونکردنەوەی بابەتێك یان بۆ داواکردنی زانیاری بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بانگهێشت بکات، ئەویش بە ئاگاداریی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، سەرباری ئەوە لیژنە هەمیشەییەکان لەڕێی دەستەی سەرۆکایەتییەوە بۆیان هەیە داوای زانیاری یان بەڵگەنامە لە فەرمانگەکانی دەوڵەت یان لە ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بکەن، ئەویش بەو چەشنەی کە کارەکەیان پێویستی پێیەتی، هەروەها لیژنەی هەمیشەیی بۆی هەیە پێشنیاری ئەو یاسایانە بکات کە پەیوەندییان بە کارەکەیەوە هەیە، هەروەك مافی هەیە بەدواداچون و چاودێریش بکات و پارسەنگی نێوان دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بپارێزێت. هەروەها ئەرکێتی تاوتوێ کردن و ئامادەکردنی پرۆژە یاسا پێشنیارکراوەکان لە ئەستۆ بگرێت، بەتایبەتی یاساکانی کە پەیوەندییان بە بوارو بابەتی کارەکەیەوە هەیە و دەتوانێت بۆ ئەم مەبەستە- لە کاتی پێویستدا- سود لە شارەزایان وەرگرێت.

دەربارەی ڕێژەیی یاسایی دانیشتەکانی لیژنەکە، ڕێژە یاساییەکە لەو کاتەدا دابین دەبێ کە زۆرینەی ئەندامانی لیژنەکە ئامادە بن، بڕیارەکانیش بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی لیژنەکە دەدرێن. سەبارەت بە ئامادە نەبونی

ئەندامانی لیژنەکە یان ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بەگشتی لە کۆبونەوەکاندا، لە پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە کە ئەگەر ئەندامێك پێنج جار لەسەر یەك یان دە جار بە پچڕ پچڕی لە خولی ساڵانەی پەرلەماندا بەبێ هیچ پاساوێکی یاسایی ئامادەی کۆبونەوەکان نەبوو، سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بۆی هەیە سەرنجی رابکێشێت و بە نوسراو داوای لێ بکات ئامادەی کۆبونەوەکان بێت. ئەگەر پابەند نەبوو و لە بەردەم سەرۆکایەتیدا ئامادە نەبوو، کەیسەکە دەخرێتە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران. کاتێکیش لە هەلومەرجێکدا لە دانیشتنەکانی ئەنجومەندا ئامادە نەبوو، ئەوسا دەرماڵەکانی لێ دەبڕێ.[٧٩]

سەبارەت بەئامادە نەبونی ئەندامانی لیژنە هەمیشەییەکان لەناو لیژنەکان، پەیڕەوی ناوخۆ لە خولی یەکەمدا هیچی لەم بارەیەوە نەگوتووە، ئەویش نەبا کێشە دروست ببێ. ئەم دیاردەیەش لە هەموو پەرلەمانەکانی جیهاندا هەیە. ئامادە نەبوونی هەندێ لە ئەندامانی لیژنەکان، جگە لەوەی کە دەبێتە هۆی شێواندنی ریژەی یاسایی و کاریگەریی لەسەر رەوایی ئەو بڕیارانە دەبێ کە لە لایەن ئەو لیژنانەوە دەدرێن، خراپیش کار دەکاتە سەر هەموو کارەکانی پەرلەمان و کارەکانی دەشلەژێنێ. هەندێ لە پەیڕەوە ناوخۆییەکانی پەرلەمان بە شێوەی جیاواز ئەم گرفتەیان چارەسەر کردووە وەك لابردنی ئەندامەکە لە لیژنەکە یان بڕینی ریژەیەك لە موچەی مانگانەی، وەك لە پەرلەمانی فەرەنسا کراوە.[٨٠]

ئاشکرایە کە بەپێی پەیڕەوی ناخۆی ئەنجومەنی نوێنەران، ٢٤ لیژنەی هەمیشەیی لە خولی یەکەمدا پێك هێنراوە، لە کاتێکدا کە لە خولی دووەمدا ٢٦ لیژنەی پێك هێنراوەو[٨١] لە خولی سێیەمدا ژمارەکە زیادی کرد. هەر بۆ نمونە، لە خولی سێیەمدا چەند لیژنەیەکی تازە داهێنران وەك لیژنەی دادگای فیدرال و ئەنجومەنی فیدرال.

دیارە ئەم لیژنە هەمیشەییانە لیژنەی تایبەت بە مەسەلە سیاسی و یاسایی و کۆمەلایەتی و ئابورییەکانن و لە پێشی پێشەوەی ئەو لیژنانە

لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەیە کە تایبەتە بە وردبونەوە لە هەڵوێستە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان و بەدواداچونی سیاسەتی دەرەکیی دەوڵەت و کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان و وردبونەوە لەپەیمان و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان، هتد. لیژنەی ئاسایش و بەرگریش لیژنەیەکی تایبەت بە مەسەلە ئەمنی- ناوخۆیی و دەرەکییەکانە، هەروەها تایبەت بە بەرپەرچدانەوەی تیرۆرە، هەروەك هێزە چەکدارەکان و ئاسایش و پۆلیس و هەواڵگری لە چوارچێوەی ئەرکەکانی ئەم لیژنەیەن.

لیژنەی یاسایی لیژنەیەکی تایبەت بە لایەنی یاسایی و دادوەرییەو پرۆژە یاساکان ئامادە دەکاو دایاندەڕێژێ و پێشکەشیان دەکات بە ئەنجومەنی نوێنەران، لە کاتێکدا لیژنەی تەندروستی و ژینگە لیژنەیەکی تایبەت بە هەموو بوارەکانی تەندروستی و ژینگەیە وەك سیاسەتی تەندروستی، دەزگا پزیشکی و تەندروستییەکان، داو دەرمان، ئامێری پزیشکی و هتد.

هەروەها لیژنەی مافی مرۆڤیش هەیە و لەم ڕووەوە ماددەی ۱۰۲ی دەستور کۆمیسیۆنی باڵای مافی مرۆڤی لە دەستە سەربەخۆکان ژماردووە. وەك لە پەیکەری کابینە حکومەتدا دەردەکەوێ، دیارە ئەم کۆمیسیۆنە وەزارەت نیە. هەروەها لیژنەی ڕاگوێزراوو کۆچپێکراوو ئاوارەکانیش هەیە، ئەرکەکەی مشورخواردنی کاروباری ئەم توێژەیە، لەوانە کاروباری پارەی گوێزراوو نەگوێزراوو کاروباری ڕەگەزنامە.

هەروەها لیژنەیەکیش بۆ شەهیدان و قوربانییان و زیندانییە سیاسییەکان هەیە و مشوری کاروباری ئەم توێژانە دەخوات لەوانە کاروباری دەرکراوە سیاسییەکان و قوربانییانی کردەوە تیرۆریستییەکان.[٨٢]

## بڕگەی دووەم: پێکهێنانی لیژنەی کاتییەکان

لیژنەکاتییەکان وەك ئەو لیژنانەن کە لە هەموو پەرلەمانەکانی جیهان هەن. ئەو لیژنانە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو پێك هێنراون، بۆ نمونە بۆ پێداچونەوەی مەسەلەیەکی دیاریکراو یان بۆ بەدواداچون یان بۆ چاودێری

کردنی هەڵسوکەوتی حکومەت لە مەسەلەیەکی دیاریکراودا یان بۆ وردبونەوەی لە پرسێکی تایبەت و شتی لەم بابەتە. تەمەنی ئەو لیژنانە بە کۆتایی هاتنی ئەرکەکانیان کۆتایی دێت و هەمویان بە شێوەیەکی ئاشکرا یان بەنهێنی کۆبونەوەی خۆیان دەکەن کە ئەمەش دەوەستێتە سەر ئەو بابەتەی کە ئەوان لە پێناویدا پێك هێنراون. ئەم لیژنانە دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە لە راپۆرتەکانیاندا پێشنیاری دەرکردنی هەندێ یاسا بکەن کە پەیوەندییان بە مەسەلەکەوە هەیە. سەرۆکی ئەمریکا هاری تروومان سەبارەت بە لیژنە کاتییەکان کە بۆ لێکۆڵینەوە لە مەسەلەیەکی دیاریکراو پێك هێنراون دەڵێ ئەنجومەنی پیران لەکاتێکدا کە ئەو ئەندامی ئەو ئەنجومەنە بووە، لیژنەیەکی بەسەرۆکایەتیی ئەو پێك هێنا بوو بەر لەوەی کە ئەو ببێ بە سەرۆك، بۆ لێکۆڵینەوە لە کاروباری بەرگریی نەتەوەیی لە ساڵی ١٩٤١ دا. یەکەم شاهێد لە یەکەم دانیشتنی لیژنەکەدا وەزیری جەنگ و پاشان جێگرەکەی بوو، ئینجا وەزیری هێزی دەریایی و سەرۆکی ستادی سوپاو سەرۆکی ئۆپەراسیۆنەکانی مەشق و راهێنان لە وەزارەتی بەرگری و ژمارەیەکی زۆری جەنراڵەکانی سوپا. هەروەها چەند قۆنتەراتچییەك لەوانەی کە کامپیان دروست کردبوو و هەروەها چەندان ئەندازیارو خاوەنی ئەو خانووانەی کە سوپا لێی بەکرێی گرتبون، لەبەردەم ئەو لیژنەیەدا قسەی خۆیان کرد.[٨٣] هەروەها دەڵێ "زۆر نمونەمان لەو لیژنانە لە ئەمریکا هەیە، وەك ئەو لیژنانەی کە پاش ئاشکرابونی ریسواییە سیاسییەکانی سەرۆکەکانی ئەمریکا پێك هێنران، لەوانە ریسوایی ووتەرگێت و ریسوایی ئێران گێت و هتد".[٨٤] لە عیراقیش پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەران لە دانیشتنی یەکەمیداو لە چوارچێوەی ماددەی ٦٨دا باسی لەوە کردووە کە لیژنەیەکی کاتی بۆ هەموارکردنەوەی دەستور پێك دەهێنرێت. هەر ئەم لیژنەیەشە کە بڕیار لەسەر ئەو کارانە دەدات کە لە ماددەی ١٤٠ ی دەستوردا ئاماژەیان پێ کراوە. هەروەها ماددەی ٧١ باس لە پێکهێنانی

لیژنەیەکی تایبەت بۆ چاودێری کردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور دەکات کاتێك دەست بە جێبەجێ کردنی ئەم ماددەیە دەکرێت.

دیارە ئەو دوو لیژنە کاتییەی کە لەمەوپێش ئاماژەیان پێ کراوە، بەپێی ماددەیەکی دەستوری پێك هێنراون، دواتریش لیژنەیەکی دیکە بە گوێرەی ماددەی ٢٣ی یاسای ژمارە ٣٦ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان پێك هێنراوە. ئەمەش هەندێ وردەکارییە لەم بارەیەوە:

یەکەم: لیژنەی کاتیی یەکەم پەیوەندیی بە هەموارکردنەوەی دەستورەوە هەبوە، بۆیە ناچینە ناو وردەکارییەکان. بەڵام ئەوەی کە پەیوەندیی بە ماددەی ١٤٠ی دەستورەوە هەیە، دیارە لیژنەی پێداچونەوەی دەستور تا ئەمڕۆ نەیتوانیوە بگا بە ڕێککەوتن دەربارەی هەموارکردنەوەی. دیارە دەستکاری کردنی ماددەی١٤٠ی مەسەلەیەکە راو بۆچونی جیاوازی لەسەر هەیە بەڵام لیژنەی پێداچونەوەی دەستور (پێش تێپەڕاندنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و دەقی ماددەی ٢٣ی تایبەت بە کەرکوك) هەندێ پێشنیاری دەربارەی دەستکاری کردنی دەقی ماددەی ١٤٠ هەبوو لە گەڵاڵەی کۆتا ڕاپۆرتەکەی بۆ ئەنجومەنی نوێنەران لە ١٧ی تەموزی ٢٠٠٨.[٨٥]

### پێشنیارەکانی لیژنەی پێداچونەوەی دەستور دەربارەی ماددەی ١٤٠

هەشتەم: ماددەی ١٤٠ی دەستورو ناوچە جێناکۆکەکان لەوانە کەرکوك:

پێشنیاری یەکەم: داڕشتنەوەی ماددەکە بەبێ گۆڕینی بەڵام بە شێوەیەکی رونترو تێروتەسەلترو بە شێوەیەکی یاسایی.

پێشنیاری دووەم:

-بەخشینی پلەی ڕەوشێکی تایبەت بە کەرکوك لەو سۆنگەیەوەکە کەرکوك تایبەتمەندیی خۆی هەیەو فرە ئیتنیکیشە. بەڕێوەبردن و دەسەڵاتی خۆجێیی تێیدا بە یاسا ڕێك بخرێ و لە دەستوریش باس بکرێ.

-داننانی دەستور بەوەی کە کەرکوك هەرێمێکی تایبەتە و دەسەڵاتەکانی بەگوێرەی یاسایەکی فیدراڵ ڕێك بخرێ.

-مانەوەی کەرکوك وەك پارێزگایەکی نارێکخراو لە هەرێم وەك هەر پارێزگایەکی دیکەی عیراق.

-بەخشینی پلەی رەوشێکی تایبەت بە کەرکوك بۆ قۆناغێکی گواستنەوە لە ٥تا ٧ ساڵ و دیاریکردنی نەخشە رێگایەکی تازە بۆ چارەسەری کۆتایی.

-دانانی کەرکوك بۆ ماوەی پێنج ساڵ بە پارێزگایەکی رێکنەخراو بەشێوەی هەرێم و پاشان دەست بە جێبەجێ کردنی هەنگاوەکانی چارەسەری کۆتایی دەربارەی چارەنوس و ئایندەکەی بکرێ.

بە رای توێژەر ئەم پێشنیارانە سەرکەوتوو نابن چونکە بەپێی برگەی چوارەمی ماددەی ١٤٢ پێویستە ئەو دەستکاری کردنەی سنور کە لیژنەی پێداچونەوەی دەستور پێشنیاری کردووە، لە ئەنجومەنی نوێنەراندا بەزۆرینەی رەها تێپەڕێنرێ و هەروەها راپرسییەکی گشتیی لەسەر بکرێ بۆ ئەوەی بە سەرکەوتوو بژمێردرێ، ئەویش کاتێك زۆرینەی دەنگدەران پێی رازی دەبن و دوو لەسەر سێی دەنگدەرانی سێ پارێزگا یان زیاتر رەتی نەکەنەوە. بەدڵنیاییەوە ئەم پرۆژەیە لە هەرێمی کوردستان رەت دەکرێتەوە.

بەڵام لیژنەی کاتیی تایبەت بە ماددەی ٢٣ی یاسای هەڵبژاردن کە تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بوو، بە مانای کار نەکردن بەجێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور دێت، بۆیە دەبێ نمایش و تاوتوێ بکرێت و باس کردنی ئەم بابەتە بۆ ئەو کاتە دەهێڵینەوە کە دەچینە سەر بابەتی لقی دووەم، کاتێك باسی لیژنە لاوەکییەکانی چاودێری کردنی مەسەلەی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور دەکەین.

لەم خوێندنەوەیە ئەم ئەنجامەمان دەست دەکەوێت کە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لە سایەی دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ی عیراق و وەك هەموو سیستمە پەرلەمانییە هاوشێوەکانی جیهان، لە هەموو خولەکانداو بۆ جۆرەها بواری سیاسی و یاسایی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، پشت بەست بە پەیڕەوە ناوخۆکەی دەیان لیژنەی هەمیشەیی و چەند لیژنەیەکی کاتیی هەمەجۆری تایبەتمەندی پێك هێناوە، ئەندامەکانی ئەو لیژنانەش خودی پەلەمانتارەکانن، ئەویش بۆ

چاودێری و بەدواداچونی هەڵسوڕانی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق، بەتایبەتی ئەنجومەنی وەزیران، بەمەبەستی جێبەجێ کردنی دەستورو یاساکان بە ڕێکوپێکی.

دووەم- لیژنەی ماددەی ٢٣ی یاسا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان:

سەرەتا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە ماددەی ١٢٢ی دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ی عیراق،[٨٦] لەبڕگەی چوارەمدا باسی ئەوەی کردووە کە دەبێ یاسایەکی تایبەت بۆ ڕێکخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان دەر بکرێت. بۆ جێبەجێ کردنی ئەم دەقە دەستورییە، یاسای ناوبراو لە ٢٢ی تەموزی ساڵی ٢٠٠٨ دەرچوو. لەو یاسایە، ماددەی ٢٤ بابەتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك و ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکانی پارێزگاکەی ڕێکخستووە. ئەم ماددەیە باس لەوە دەکات کە هەڵبژاردن لە کەرکوك بۆ دوای تەواوبونی کارەکانی لیژنەکە دوا دەخرا. لیژنەکەش بەگوێرەی هەمان ماددە پێك دێت و ئەرکەکانی بریتین لە دابەش کردنی دەسەڵات و پۆستە سەرەکییەکانی کەرکوك بەسەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی تورکمان و کوردو عەرەبدا.

لێرەدا ئەم پرسیارە قوت دەبێتەوە: بۆچی لە نێو هەموو پارێزگاکانی عیراقدا ماددەیەکی تایبەت لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانو قەزاکان و ناحیەکاندا بۆ پارێزگای کەرکوك تەرخان کراوە؟ کەرکوك چ جیاوازییەکی لە پارێزگاکانی تر هەیە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارە، دەبێ تیشك بخەینە سەر ماددەی ٢٤و هەوڵی ئەم ماددەیە بۆ چۆنێتیی ڕەتکردنەوە و هەموارکردنەوەو گۆڕینی ماددەی ٢٣ و لە دوایشدا هەڵوەشاندنەوەی. بڕگەی یەکەم و دووەمی ئەم ماددەیە زۆر بە باشی مەسەلەکە ڕون دەکەنەوە. ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لە دانیشتنێکی نائاساییدا لە ٢٢ ی تەموزی ٢٠٠٨دا یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی پەسند کرد. دکتۆر مەحمود مەشهەدانی سەرۆکی ئەوسای ئەنجومەنی نوێنەران بوو، خالید

عەتیە جێگری یەکەم و عارف تەیفوریش جێگری دووەم بوو. لەم دانیشتنەدا ئەنجومەنی نوێنەران بە دەنگدانی نهێنی و بەبێ هیچ ڕێککەوتنێکی پێشوەخت لە نێوان فراکسیۆنەکان ماددەی ٢٤ی یاساکەی تێپەڕاند، تەنانەت سەرۆکی پەرلەمان لەم مەسەلەیەدا راوێژی بە دوو جێگرەکەشی نەکرد. بۆیە زۆر پەرلەمانتار ئەم رەفتارەی سەرۆکی پەرلەمانیان بە پێشێل کردنی دەستور داناو هەندێکیان ئەم هەڵسوکەوتەی بە کودەتا ناو برد.

ئەم کارە کاردانەوەی زۆری هەبوو. دکتۆر فوئاد مەعسوم سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستانی لە ئەنجومەنی نوێنەران، سەبارەت بە دەرچونی فراکسیۆنەکان لە هۆڵی ئەنجومەنی نوێنەران وتی دەرچون لە هۆڵی پەرلەمان لەم دانیشتنەدا کارێکی پێویست بوو چونکە دەستور پێشێل کراو سازان و یاسا و سیستمەکان پشت گوێ خران. هەروەها شێخ خالید عەتیە جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران دەربارەی ئەم بابەتە وتی "ئەم روداوە هەوڵێکە بۆ دروست کردنی درز لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکاندا... بۆیە لە دانیشتنەکە کشاینەوەو وامان دانا کەهەر چی لەسەر کارێکی بێ بنەما دروست دەکرێ بێ بنەمایە. ئەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران کردویەتی کارێکی نادەستورییە". دکتۆر سەعدی بەرزنجی پەرلەمانتاری سەرۆکی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی گوتویەتی "ئێمە هەر لە سەرەتاوە دژی هێنانە پێشی ماددەی ٢٤ ی یاساکە بوین بەو فۆرم و وردەکارییەی کە زوڵمی تێدایە لە ماف و لە مێژوو. لەگەڵ چەندین لایەن ڕێککەوتبووین هەندێ وردەکاریی نادەستوریی ماددەکە تێپەڕێنین یان لابەرین بەڵام ئەو لایەنانە لە سەرەتای دانیشتنەکە پەشیمان بونەوە".

هەروەها یاساناس ئەڵماس فازل لەلیستی برایەتیی کەرکوک سەبارەت بە ماددەی ٢٤ وتویەتی "ئەم ماددەیە نایاساییەو دژی دەستورە چونکە ناوەڕۆکەکەی لەگەڵ تەواوی بنەماکانی دیموکراسیدا ڕێك ناکەوێ و لەگەڵ دیباجەی دەستورو ماددەکانی ٢، ٣، ٦و ١٤٠ پێچەوانەیە". هەروەها ئەبلحەد

ئەفرام ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لەسەر لیستی حزبی یەکێتیی نیشتمانیی کلدانی کە بڕیاردەری دانیشتنەکە بوو وتویەتی "چەند بژاردەریەك بۆ چارەسەرکردنی بابەتەکانی تایبەت بە کەرکوك هەبوو. بژاردەکەی هاوپەیمانیی کوردستانی نزیکترینیان بوو لە واقیع لە هەموو رویەکەوە چونکە بژاردەیەکی یاسایی و پوخت و نیشتمانییانە بوو. بژاردە کوردستانییەکە بەجۆرە بوو لیژنەیەك بۆ گەڕان بە دوای راستییەکاندا پێك بهێنرێت کە هەموو پێکهاتەکانی کورد و عەرەب و تورکمان و مەسیحییەکانی کەرکوکی تێدا بێت بۆ ئەوەی دەست بە دیراسەکردنی رەوشی کەرکوك بکات و وردبینی لە تۆمار و دیکۆمێنتەکانی هەموو پێکهاتەکان بکات چونکە ئێمە لەو بڕوایە داین کە هەندێ کورد هاتونەتە کەرکوك بەبێ ئەوەی خەڵکی رەسەنی کەرکوك بن.. بەڵام سەرۆکایەتیی ئەنجومەن ئەم بژاردە چاکە کوردستانییەی رەت کردەوەو ویستی ئارەزوو و ویستی خۆی بەسەر هەمواندا بسەپێنێ، بۆیە ئێمەش هۆڵەکەمان بەجێ هێشت".

هەروەها رەزا جەواد تەقی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر لیستی ئیئتیلافی یەکگرتوی عیراق و ئەندامی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی گوتویەتی "لەو کۆبونەوەیە گەلێك پێشێلکاری رویدا کە هەر هەمووی دژی دەستورو پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەران بوون. ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ خۆپیشاندانی هەزاران کەس لە دەرەوەی هۆڵەکە کە دژی ماددەی ٢٤بون. هەروەها لە هەرێمی کوردستان و کەرکوکیش خەڵکی دژی ماددەکە خۆپیشاندانیان کرد، ئەویش لە رۆژی ٢٨ی تەموزی ٢٠٠٨. لەو خۆپیشاندانانەدا هەزاران رۆڵەی کەرکوك لە هەموو نەتەوەو تایفەکان بەشدار بوون و داوای رەتکردنەوەی یاساکەیان دەکرد، بەتایبەتی ماددەی ٢٤. لەو خۆپیشاندانانەدا کارەساتێکی مرۆڤانەی گەورە رویداو ٢٦ شەهیدو دەیان بریندارایان لێ کەوتەوە، ئەویش لە ئەنجامی تەقینەوەیەکی تیرۆریستی لە ناو ئاپۆرەی خۆپیشاندانەکاندا، پاشانیش تەقە کراوە"[٨٧].

بەڵام کاتێك یاساکە بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار بەرز کرایەوە بۆ ئەوەی لەوێ پەسند بکرێ، سەرۆکی کۆمارو هەردوو جێگرەکەی رەتیان کردەوە، بۆیە پرۆژەکە گەڕایەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران، ئەویش هەمواری کردەوە، بەتایبەتی ماددەی ٢٤ی یاساکە. ئیتر ماددەکە سەرلەنوێ دارێژرایەوەو ژمارە ٢٣ی وەرگرت. دواتر یاساکە بە دارشتنە تازەکەوە لەلایەن سەرۆکایەتیی کۆمارەوە پەسند کراو لە رۆژنامەی فەرمی بڵاو کرایەوەو بوو بە یاسایەك کە دەبێ جێبەجێ بکرێ[٨٨]. بەمجۆرە، بەوەی کە ماددەی ٢٤ دژی دەستور بووە، فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستانی دەنگی پێ نەدا بەڵکو هۆڵەکەی بەجێ هێشت و دوا بەدوای ئەمە پەرلەمانتاران و یاساناسەکانی هەموو فراکسیۆنەکان دەستیان کرد بە رەخنەگرتن لە ماددەکە. بۆیە، لەژێر فشاری جەماوەردا، سەرۆکایەتیی کۆمار یاساکەی پەسند نەکردو گێڕایەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران تاکو هەمواری بکاتەوە. وەك باسمان کرد، ماددەکە بە ماددەی ٢٣ گۆڕدرا بەڵام ئەم ماددەیەش لە ئاستی هیواکاندا نەبوو بەڵام فراکسیۆنەکانی دژ بە دەستور توانییان تێی پەڕێنن. سەرتیپ محەمەد حسێن کاکەیی دەربارەی تێپەڕاندنی ماددەی ٢٣ دەڵێ "لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی بە بەراورد لەگەڵ فراکسیۆنەکانی تردا لیستێکی گەورە نەبوو. ئێمە زۆرتر هەوڵی سازان و دایەلۆگمان لەگەڵ فراکسیۆنەکاندا دەدا چونکە زۆر جار تورکمانەکان و عەرەب دژی کورد یەکیان دەگرتەوەو بە کەیفی خۆیان یاساکانیان دادەڕشت. هەر بۆ نمونە، هەردوکیان پێش دانیشتنەکە لەسەر ئەم ماددەیە رێککەوتن. بۆیە من و فریاد رەواندزی لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان رێککەوتین و کۆنوسێکمان نوسی و واژۆمان کرد، تەنانەت لەگەڵ فراکسیۆنەکانی شیعەش رێك کەوتین و رێککەوتنەکامان لە رۆژنامەی ئیتیحادیش بڵاوکردەوە. کاتێك چوینە ناو هۆڵی کۆبونەوە، هەموان بەپێچەوانەی ئەوەی کە لەدەرەوە لەسەری رێك کەوتبوین دەنگیان دا. کە لێمان پرسین وتیان چی بکەین؟ ئەندامانی فراکسیۆنەکان پابەند نابن بە قسەی سەرۆکی لیستەکان". هەروەها ناوبراو

وتی "ماددەی ٢٣ ماددەیەکی زیادە بوو، نەدەبوایە بخرێتە نێو یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و هەروەها نەدەبوو کەرکوکی لێ دور بخرێتەوە، بەڵام تورکمان و عەرەب ئامانجی سیاسییان لە پشت ئەم هەوڵەوە هەبوو. ئامانجەکەش دروست کردنی بەربەست بوو لە بەردەم جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور. ئامانجیان سەلماندنی تایبەتمەندیی کەرکوک نەبوەو نەشیانویستووە وای نیشان بدەن کە کەرکوك دۆخێکی تایبەتی هەیەو پێویستە لە پارێزگاکانی دیکەی عیراق جیاواز بێ. ئامانجە سیاسییەکەیان خۆی لە دوو بواردا دەبینێتەوە:

١-عەرەبەکان خوازیار بوون پرۆسەکانی تەعریبی ساڵانی رابردوو تێپەڕێنن.

٢-لە بەرژەوەندیی تورکمانەکاندا نەبوو (بە تایبەتی بەرەی تورکمانی) کورد دەسەڵاتی یەکەم بن لە ناوەندی شاری کەرکوك.

سەرباری ئەمە، هەردولا دەیانویست گۆڕانکارییەکان تەنها لەسەر ئاستی پۆستە باڵاکان ئەنجام بدرێ و هیچ گۆڕانکارییەك لەسەر ئاستی پۆستەکانی خوارەوە نەکرێت چونکە ئەوان لە پۆستەکانی خوارەوە زۆرینە بون. هەر بۆ نمونە، رێژەی فەرمانبەرانی کورد لە کۆمپانیای نەوتی باکور لە ٨٪ کەمتر بوو[٨٩].

تۆژەر پشتگیری لە راو بۆچونەکانی بەڕێز محەمەد حسێن کاکەیی دەکات و لە قسەکانی ئەوەی هەڵکڕاندووە کە دانانی ماددەی ٢٣و ٢٤ لە ناو یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان نیازو مەرامی تورکمان و عەرەبەکان دەردەخا کە ویستویانە ئیرادەی خۆیان بەسەر دەستوردا بسەپێنن و هەیبەتی کورد لە شاری کەرکوك بشکێنن.

پاش ئەمە، دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەران لە دانیشتنی ١٣ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٨دا، هاوتەریب لەگەڵ دەقی ماددەی ٢٣ی یاسای ژمارە ٣٦ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان،

بڕیاریدا لیژنەیەك بۆ کاراکردنی ئەم ماددەیە پێك بێنێ. لیژنەکە لەم حەوت ئەندامەی ئەنجومەنی نوێنەران پێك هێنرا:

١-خالید سەلام شوانی.

٢-سەرتیپ محەمەد حسێن کاکەیی.

٣-سەعددەین محەمەد ئەمین ئارکیج.

٤-عومەر خەڵەف جەواد جبوری.

٥-محەمەد عەلی محەمەد تەمیم.

٦-محەمەد مەهدی ئەمین بەیاتی.

٧-یونادم یوسف کەنا.

لیژنەکە لە دوو نوێنەری هەر یەکێك لە پێکهاتە سەرەکییەکانی کەرکوك (کورد، عەرەب، تورکمان) کە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانن و خەڵکی پارێزگای کەرکوکن و یەك نوێنەری پێکهاتەی مەسیحی. بڕگەی یەکەمی ماددەی ٢٣ مەرجی دانابوو کە دەبێ بڕیارەکان بە سازان بدرێن. سەرۆکایەتیی لیژنەکەش بە نۆرە بوو، هەر جارەی ئەندامێك دەبوو بە سەرۆکی لیژنەکە[٩٠] .

لیژنەکە ٣٤ کۆبونەوەی لە کەرکوك، بەغداو بەلفاستی ئێرلاندی باکور کرد. بۆیە بەلفاست بۆ شوێنی کۆبونەوە دیاری کرا تاکو ئەندامانی لیژنەکە بە چاوی خۆیان ئەوە ببینن کە کاسۆلیك و پرۆتستانتەکان توانیویانە کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن و ئێستاش هەمویان پێکەوە لە ناو پەرلەمانەکەی خۆیان کار دەکەن. ئەو شاندەی سەردانی بەلفاستی کرد شاندێکی گەورە بوو، جگە لە ئەندامانی لیژنەکە، چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك و دەزگا ئەمنییەکانی شارەکەو نوێنەرانی ئەمریکاو بریتانیای لە خۆ گرتبوو. دیمستۆراش کە سەرۆکی یونامی بوو لە عیراق، سەرپەرشتیی کۆبونەوەکانی دەکرد[٩١].

ئەرکی لیژنەکە بریتی بوو لە ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردن، دابەش کردنی پۆستەکانی پارێزگای کەرکوك لەسەر هەموو ئاستەکان و دابەش کردنی سێ

پۆستە سەرەکییەکەی پارێزگارو جێگری پارێزگارو سەرۆکی پارێزگای کەرکوك. دیارە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك تەنها یەك جار کراوە، ئەویش بە سەرپەرشتی و فەرمانی ژمارە ٧١ی دەسەڵاتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی، ئەو فەرمانەی کە پرنسیپی ناسەنترالیزمی ئیداریی چەسپاند کە ماددەی ٥٥ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق لە قۆناغی گواستنەوە لەگەڵ خۆیدا هێنابووی.

لە ٣٠ی کانونی دووەمی ٢٠٠٥ دا یەکەم هەڵبژاردنی گشتی لە عیراق پاش روخانی رژێمی پێشوو بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عیراق ئەنجام درا. لە کەرکوك لیستی برایەتی ٢٦ کورسیی لە سەرجەمی ٤١ کورسی بەدەستهێنا، فراکسیۆنی عەرەب ٦ کورسیی بەدەستهێناو تورکمانەکان ٩ کورسی. هەڵبژاردنی پارێزگارو جێگرەکەی و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا لە ئەنجومەنی پارێزگا بەڕێوە چوو[٩٢].

بەڵام هەڵبژاردن لە قەزاو ناحیەکان نەکرا، واتە هیچ هەڵبژاردنێك بۆ ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکان لە عیراق ئەنجام نەدرا بەڵکو ئەندامانی ئەنجومەنی ئەو شوێنانە بە سازان دیاری کران[٩٣].

سەبارەت بە ئەرکەکانی لیژنەی ناوبراو، ناکۆکییەکی زۆر لەنێو ئەندامەکانی هاتەی دی چونکە ئەو ئەندامانە فرە راو بۆچون و ئاراستە بوون، سەرباری دەستێوەردانی ناوخۆیی و دەرەکی لە کاروباریان، بۆیە ئەم لیژنەیە پاش ئەو هەموو کۆبونەوەیە بە شتێکی ئەوتۆ نەگەیشت و هەوڵەکانی هیچی لێ سەوز نەبوو. بە هۆی ئەمەوە هەر ئەوەندەیان لە دەست هات کە راپۆرت بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بەرز بکەنەوەو تێیدا باسی میکانیزمەکانی لیژنەکەو راسپاردەکانی خۆیان بکەن و لە دواییشدا کۆتاییان بە کارەکانیان هێنا[٩٤].

لە بڕگەی حەوتەمی مادەی ناوبراودا هاتبوو کە ئەگەر ئەندامانی لیژنەکە لەسەر پێشنیاری یەکگرتوو رێك نەکەون، ئەنجومەنی نوێنەران یاسایەکی تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکە دەردەکات، بەڵام ئەنجومەنی

نوێنەران ئەمەشی نەکرد. پاش تێپەڕبونی پێنج ساڵ بەسەر دەرچونی یاساکەدا، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك کەمال ساڵح حەسەن لە ٢٥ی ئایاری ٢٠١٣دا داوایەکی لە دادگای فیدرال لەسەر سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران تۆمار کردو لە دانیشتنی ١٦ی تەموزی ٢٠١٣ دا داوای هەڵوەشاندنەوەی هەردوو بڕگەی یەکەم و دووەمی ماددەی ٢٣ی کرد لەو ڕۆژینەوە کە ئەم دوو بڕگەیە دەستوری نین. دادگا داوای هەڵوەشاندنەوەی پێنج بڕگەکەی کۆتایی ماددەکەی ڕەت کردەوە چونکە داواکار داواکەی تەنها لەسەر هەڵوەشاندنەوەی یەکەم و دووەم دامەزراندبوو. شایانی باسە کە دوو بڕگە ناوبراوەکە دژی چەند ماددەیەکی دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ بون لەوانە ماددەکانی ١٤و ١٥و ١٤٠و هەردوو بڕگەی (ب) و(ج)ی ماددەی ٢. پارێزگاری کەرکوك دکتۆر نەجمەددین کەریم پێشوازیی لە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ماددەی ٢٣ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا کرد کە دادگای فیدرال دەری کردبوو. ئەم بڕیارە ڕێی بۆ ئەوە خۆش کرد کە هەڵبژاردن بەبێ هیچ مەرجێکی پێشوەخت لە پارێزگای کەرکوك ئەنجام بدرێت[٩٥].

لێرەدا ڕاستییەك هەیە شایستەی ئاماژەی پێ کردنە ئەویش ئەوەیە بڕگەی پێنجەمی ماددەی ناوبراو هەڵنەوەشایەوە چونکە ئەم ماددەیە باس لەوە دەکات کە پارێزگار بەردەوام دەبێت لەسەر کارەکەی، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەگەر وا نەبێ، ئەنجومەنی پارێزگا توشی بۆشاییەکی یاسایی و ئیداری دەبێت. بۆیە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا بەردەوام بون لەسەر کارەکانیان و درێژەیان بە خزمەت کردنی خەڵکی شارەکە دا. چەندین ساڵ بەسەر مانەوەی کەرکوك بەبێ هەڵبژاردن تێپەڕین. بەڵام پاش ئەو ڕوداوانەی کە دواتر بەسەر پارێزگاکەدا هاتن، گەیشتین بە کۆتایی هاتنی کارەکانی ماددەی ٢٣ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان. دوا بەدوای ئەمە، تەنها لیژنەیەکی کاتی مایەوە کە پێی دەگوترێت لیژنەی پەرلەمانیی تایبەت بە چاودێری کردنی هەنگاوەکانی

جێبەجی کردنی ماددەی ١٤٠ بۆ چارەسەری ململانێ سنوری و ئیدارییەکان. ئەویش وا لێرەدا دەچینە سەر مشتومالّ کردنی.



## لقی دووەم
## پێکهێنانی لیژنەی پەرلەمانیی کاتیی راسپێردراو
## بە جێبەجی کردنی ماددەی ١٤٠

بە گوێرەی ماددەی ٧١ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لیژنەیەکی کاتی بۆ چاودێری کردنی شێوەی جێبەجێ کردنی ماددەی١٤٠ی دەستور پێك هێنرا. بۆ ئەم مەبەستە، لە ١١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦دا لە دانیشتنی ژمارە ٤٧ی وەرزی یەکەمی یاسادانان (ساڵی یەکەمی یاسادانان) ئەندامانی لیژنەکە بە دەنگدان بەم چەشنەی خوارەوە دیاری کران:

أ-لە هاوپەیمانیی کوردستانی:

١-دکتۆر سەعد بەرزنجی.

٢-خالید سەلام شوانی.

٣-وەلید شەریکە.

٤-زوهێر محەمەد ئەمین.

٥-فریاد رەواندزی.

ب- لە لیستی ئیئتیلاف:

١-جەلالەددین ئەلسەغیر.

٢-نەدا سودانی.

٣-دکتۆر عابدە تائی.

٤-فەوزی ئەکرەم.

٥-زەهرا هاشمی.

٦-سوعاد حەمید.

ج-لە بەرەی تەوافوق:

١-عەبدولموتڵەگ حمود.
٢-عیززەددین ئەلدۆلە.
د-لە لیستی عیراقیە:
١-شێخ خێروڵڵای بەسری.
ه-لە لیستی حیواری عیراقی:
١-عومەر خەڵەف جبوری.
و-لە یەکگرتوی ئیسلامیی کوردستان:
١-سامی ئەتروشی.
ز-لە مەسیحییەکان:
١-ئەبلحەد ئەفرام.

لە خوێندنەوەی ئەم ناوانە دەردەکەوێ کە ئەم لیژنەیە تایبەت بە کورد نیە بەڵکو لە هەموو پێکهاتەی دیکە ئەندامی تێدایە. دواتر سەرۆك و جێگرو بڕیاردەری لیژنەکەش لە ١٥ی ئازاری ٢٠٠٧ بەجۆرەی خوارەوە دیاری کران:

١-دکتۆر سەعدی بەرزنجی سەرۆکی لیژنەکە (لە کورد).
٢-جەلالەددین ئەلسەغیر جێگری سەرۆك (لە عەرەبی شیعە).
٣-عیززەددین ئەلدۆلە بڕیاردەری لیژنەکە (لە عەرەبی سوننە).

لیژنەکە هیچ پەیڕەوێکی ناوخۆی تایبەت بە خۆی نەبوو، بەڵکو بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کاری دەکرد، دەنگدانیش تێیدا بە زۆرینەو کەمینە بوو. ئەم لیژنەیە هەماهەنگییەکی تەواوی لەگەڵ لیژنە حکومییەکەی ماددەی ١٤٠دا هەبوە، سەرباری ئەوەی کە لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و هاووڵاتییانی پەیوەندیداردا هاوکار بووە[٩٦].

لە خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەراندا فراکسیۆنە کوردییەکان داوایان کرد لیژنەی بەدواداچونی ماددەی ١٤٠ سەرلەنوێ پێك بهێنرێتەوە[٩٧]. ئەنجومەنی نوێنەران لە دانیشتنی ژمارە ٦٥ی خولی دووەمیدا لە ١٢ی ئایاری ٢٠١١ بە زۆرینەی دەنگ رازی بوو بە دامەزراندنی لیژنەیەکی پەرلەمانیی

تایبەت بە ماددەی ١٤٠ی دەستور بۆ چاودێری کردنی هەنگاوەکانی جێبەجێ کردنی ماددەکە[٩٨].

موحسین سەعدون سەرۆکی لیژنەی پەرلەمانیی ماددەی ١٤٠ دەڵێ لیژنەکە بەپێی ژمارەی کورسییەکانی هەر فراکسیۆنێك پێك هێنراوەو بەم پێیە هاوپەیمانیی نیشتمانی ٨ کورسیی تێدا هەبوو، لیستی عیراقییە ٦ کورسی، هاوپەیمانیی کوردستانی ٣ کورسی کە ئەمەش نەریتێکی کارپێکراوە لە کاتی پێکهێنانی لیژنەکاندا لە ناو ئەنجومەنی نوێنەراندا[٩٩]. بەڵام خالید شوانی دەڵێ کە "لە لیژنەی دووەمدا زۆر ئەندامی بۆ زیاد کرا. لە سەرەتادا ژمارەکە ١٩ بوو، پاشان گەیشتە ٣٨ی و دواتریش گەیشتە ٣٩"[١٠٠].

ئەندامانی ئەم لیژنەیە بە بەردەوامی لە ململانێ و کێشەو مشتومڕدا بون و تەنها پاش ساڵ و نیوێك ئینجا سەرکەوتوو بوون لە دانانی سەرۆك و جێگرو بڕیاردەری لیژنەکە، ئەویش ئەمجۆرە[١٠١]:

١-موحسین سەعدون سەرۆکی لیژنە.
٢-موشرق ناجی عەببود جێگری سەرۆك.
٣-مەحما خەلیل قاسم بڕیاردەری لیژنە.

بەڵام لە خولی سێیەمی پەرلەماندا هیچ لیژنەیەك بۆ ئەم مەبەستە پێك نەهێنرا.

کورتییەکەی ئەوەیە کە ئەم لیژنەیە لیژنەیەکی تایبەت بە کوردو ناوچە جێناکۆکەکانی کوردستان نیە بەڵکو تایبەتە بە هەموو ناوچە جێناکۆکەکانی عیراق، بۆیە لە نێو لیژنەکەدا نوێنەرانی هەموو پێکهاتەو لیژنەکان هەبوو. ئەم لیژنەیە لیژنەیەکی دەستوری بوو بەڵام کاتی بوو. لێرە مەبەستمان ئەوەیە کە کاری ئەم لیژنەیە بە کۆتایی هاتنی کێشەی ماددەی ١٤٠ کۆتایی دێت.

## تەوەری دووەم

## دەسەڵاتەکان و کاری لیژنەی پەرلەمانیی راسپێردراو

## بە جێبەجی کردنی ماددەی ١٤٠

لیژنەی پەرلەمانیی راسپێردراو بە جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠و میکانیزمەکەی، دەسەڵاتی دیاریکراوی هەیە کە ماددەکە باسی کردووە. لەم تەوەرەدا تیشك دەخەینە سەر رۆڵی لیژنەی پەرلەمانیی تایبەت بە چاودێری و بەدواداچونی هەنگاوەکانی کاری لیژنەی باڵای جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠. ئێمە بە پێویستمان زانیوە تەوەرەکە بەسەر دوو لقدا دابەش بکرێ.

لقی یەکەم: دەسەڵاتەکانی لیژنەی پەرلەمانیی راسپێردراو بە جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠.

لقی دووەم: میکانیزمی کارکردنی لیژنەی پەرلەمانیی راسپێردراو بە جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠.

### لقی یەکەم

### دەسەڵاتەکانی لیژنەی پەرلەمانیی راسپێردراو

### بە جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠

بە شێوەیەکی گشتی لیژنە پەرلەمانیيەکان- چ هەمیشەیی بن چ کاتی- دوو دەسەڵاتیان هەیە:

یەکەم: بەدواداچونی کارو کردەوەکانی حکومەت بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەی کارەکەی کە خراوەتە بەردەم پەرلەمان، پەرلەمانیش دەنگی پێ داوە، سەرباری جێبەجی کردنی ماددەکانی دەستورو ئەو یاسایانەی کە ئەنجومەنی نوێنەران دەریان دەکا، سەرباری رێنماییەکانی حکومەت.

دووەم: پێشکەش کردنی یاسای پێشنیار کراو بۆ ئەو بوارانەی کە لیژنەکە بۆیان پێك هێنراوە[١٠٢]. بێگومان لیژنەی پەرلەمانیی راسپێردراو بە جێبەجێ

کردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور لەم چوارچێوەیە ناترازێ بەڵام لیژنەکە تایبەتمەندیی خۆی هەیە بەوەی کە بەدواداچون بۆ کاروباری لیژنەی باڵای ماددەی ١٤٠ دەکات لەو بوارانەی کە پەیوەندییان بە جێبەجێ کردنی ماددەکەوە هەیە.

واتە پێویستە لەسەر ئەم لیژنەیە چاودێریی قۆناغەکانی ئاسایی کردنەوەو سەرژمێرو راپرسی بکات لە کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکانی دیکە بۆ دیاری کردنی ویستی دانیشتوانی ئەو ناوچانە. هەر بۆ نمونە، سەبارەت بە مەسەلەی ئاسایی کردنەوە، ئەگەر بچینەوە سەر ماددەی ٥٨ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت دەبینین ئەم ماددەیە دەستەی ململانێکانی زەوی ناچار دەکا داواکانی تایبەت بە کێشەکانی زەوی و خانوبەرە لەکەرکوك یەکلا بکاتەوە، کە ئەمەش دەبێ وا لە لیژنە قەزاییەکانی سەر بەم دەستەیە بکات بە گوێرەی یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٠٦ (یاسای دەستەی ململانێکانی موڵکایەتی) داواکان یەکلا بکاتەوە، سەرباری گێڕانەوەی زیانلێکەوتووەکان بۆ ماڵەکانیان یان قەرەبوکردنەوەیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، هەروەها سەبارەت بەوانەش کە گوێزراونەتەوە دەبوایە بکەوێتە لێکۆڵینەوە لە توانای نیشتەجێ کردنەوەیان یان قەرەبوکردنەوەیان لەلایەن دەوڵەتەوە یان دابین کردنی زەویی دیکە لەو پارێزگایانەی کە لەوێوە هاتون و دابین کردنی خەرجیی گەڕانەوەیان و دامەزراندنیان لە کاری شیاو کە ئەمەش ئەوانە دەگرێتەوە کە ناچار دەکرێن شوێنەکان بەجێ بێڵن، هەروەها دەبوایە ئەو مافە بداتە کەسەکان تاکو بڕیار لەسەر شوناسی نیشتمانی یان نەتەوەیی خۆیان بدەن، هتد[١٠٣]، یاخود دەبوایە بڕیارەکانی ئەنجومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتیی شۆڕش یان مەرسومەکانی سەرۆکی کۆماری عیراق لەسەردەمی رژێمی بەعس سەبارەت بە گۆڕینی سنوری ئیداریی هەندی لە پارێزگاکان لەپای سۆنگەی سیاسی و نژادی، هەڵبوەشێنرێنەوە.

ئەمەش بەم واتایە دێت کە ئەرکی لیژنەکە بەدواداچونی بڕگەکانی ئاسایی کردنەوەو شێوەی جێبەجێ کردنی یاساکانە. جا ئەگەر ئەوەی کە پێویستە نەکرایە، ئەرکی لیژنەکە ئەوە دەبوو کە لە هۆکانی پابەند نەبون بە کارەکە بکۆڵێتەوە. ئەوسا دەبوایە لیژنەکە بچێتە سەر پیادەکردنی رێوشوێنەکانی پێداچونەوە وەك پرسیارکردن، رونکردنەوەو لێپرسینەوەو تەنانەت رەنگە مەسەلەکە بگاتە رادەی لێکۆڵینەوەو تەنانەت دەشێ بگاتە رادەی سەندنەوەی متمانە لەو وەزیرەی کە بەرپرسە لە لیژنەی باڵای جێبەجی کردنی ماددەی ١٤٠ یان تەنانەت سەندنەوەی متمانە لە خودی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران[١٠٤].

سەبارەت بە قۆناغەکانی سەرژمێری و راپرسیش، دیارە تایبەتمەندیی ئەو لیژنەیە پێویست بە دارشتنی یاساکان دەکات کە ئەمەش پێویستی بە توێژینەوەو گفتوگۆیە. بۆیە دەبوایە لیژنەکە پێشنیاری یاسایی پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران بکردایە بۆ دەرکردنی چەند یاسایەك لەم بارەیەوە[١٠٥]، بەتایبەتی ئەو پێشنیارانەی کە لیژنەکەی حکومەت پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەرانی دەکات کە تایبەت بە سەرژمێری و راپرسی دەبێت.

سەرباری تایبەتمەندییە باسکراوەکان، لیژنەکە هەماهەنگی لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانە دەکات کە پەیوەندییان بە جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠وە هەیە وەك، بۆ نمونە، لەگەڵ یونامی. هەروەها لیژنەکە ئەو لایەنەیە کە هاوولاتییان و حکومەت پێك دەگەیەنێ و هەر کات هەندێ لە بڕگەکانی ماددەکە جێبەجێ نەکرا، هاوولاتیان بە شێوەیەکی راستەوخۆ هانا بۆ لیژنەی باڵای جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ دەبەن[١٠٦]. جا ئەگەر لیژنەکە ئەرکەکانی خۆی بە رێکوپێکی و بە پوختی و لە چوارچێوەی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ کرد، ئەوە مانای ئەوە دەبێ کە لیژنەکە رۆڵێکی باشی گێڕاوە، ئەگەر نا، دیارە رۆڵەکەی باش نابێ.

## لقی دووەم

## میکانیزمی کارکردنی لیژنەی پەرلەمانیی راسپێردراو بەجێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠

ئەنجومەنی نوێنەران بەپێی برگەی یەکەمی ماددەی ٦٤ی دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ی عیراق بە بەهێزترین دەسەڵات لە عیراق دەژمێردرێ چونکە ئەنجومەنی نوێنەران بەپێی دەستور دەسەڵاتی یاسادانانی فیدرالەو دەستور دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی بە هیچ لایەنێك جگە لە خودی ئەنجومەنی نوێنەران نەداوە[١٠٧]. بەم پێیە، ئەو لیژنانەی کە ئەنجومەنی نوێنەران پێکیان دەهێنێ (چ لیژنەکان کاتی بن چ هەمیشەیی) نوێنەرایەتیی ئەنجومەنەکە دەکەن و هێزیان لە هێزی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە سەرچاوە دەگرێ. بۆیە ئەم لیژنانە بەهێزترین لیژنەن، بەتایبەتی ئەو لیژنانەی کە تایبەت بە هەندێ مەسەلەی گرنگن. ئەو لیژنانە بەپێی ئەو کاروبارەی بۆی پێك دەهێنرێن، دوو ئەرکیان هەیە. دیارە لیژنەی پەرلەمانیی راسپێردراو بە چاودێریی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ لەم چوارچێوەیە دەرناچن. بۆیە لێرەدا تیشك دەخەینە سەر لیژنەکە لەم توێژینەوەیەداو دەچینە سەر مشتوماڵ کردنی ئەرکەکانیان، ئەویش لە دوو برگەدا: یەکەم، بەپێی برگەی دووەمی ماددەی ٦١ی دەستور کە تایبەت بە "چاودێری کردنی رەفتاری دەسەڵاتی راپەڕاندن" و دووەم، بەپێی برگەی دووەمی ماددەی ٦٠ باسی ئەوە دەکات کە پێشنیاری یاساکان لەلایەن دە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە یان لەلایەن یەکێ لە لیژنە تایبەتمەندەکان، پێشکەش دەکرێن.

لێرەدا لە برگەی یەکەمەوە دەست پێ دەکەین. هەردوو برگەی حەوتەم و هەشتەمی ماددەی ٦١ باس لەوە دەکەن کە ئەنجومەنی نوێنەران بە چەند میکانیزم و رێوشوێنێك چاودێریی دەسەڵاتی راپەڕاندن دەکات و ئەو دەسەڵاتە لە سەرۆکی وەزیرانو وەزیرەکان و دەزگاکانی سەر بە وەزارەتەکان پێك دێت. ئەو رێوشوێن و میکانیزمانەی چاودێری ئەمانەی خوارەوەن:

١-مافی پێشنیارکردنی بابەتێك بۆ گفتوگۆ.
٢-مافی پرسیارکردن.
٣-مافی دواندن.
٤-مافی سەندنەوەی متمانە.

لەم مادەیەو بڕگەکانی ئەو راستییە دەردەکەوێت کە لیژنەی پەرلەمانیی راسپێردراو بەچاودێریی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ هەموو ئەو مافانەی سەرەوەی هەیەو ئەو مافانە میکانیزمن بۆ کارکردنو هەر کات بیەوێ دەتوانێ هانایان بۆ بەرێت.

ئەم لیژنەیە لەوەتەی پێك هێنراوە- بەتایبەتی لە خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا تا رادیەك کاریگەر بووە، بەتایبەتی لە دوو ساڵی بەرایی بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لیژنەکە لەو ماوەیەدا سەردانی لیژنە ناوەندییەکەی نەکردووە (واتە لیژنەی بەغدا) بەڵکو سەردانی کەرکوکی کردووە، هەروەها ٧٠ واژۆی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانیان کۆکردۆتەوە بۆ دروست کردنی فشار لەسەر حکومەت بۆ کارکردن لەپێناوی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی ئاسایی کردنەوەدا کە ئەمەش بە قۆناغی یەکەمی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ دەژمێردرێت. ئەوی راستی بێت، حکومەتیش هەندێ لە بڕیارەکانی تایبەت بە خۆی جێبەجێ کردووە[١٠٨] وەك بڕیاری ژمارە ٢ی ئاسایی کردنەوە کە تایبەتە بە گەڕانەوەی خێزانە راگوێزراوو دەرکراوەکان کە لە ناوچە جێناکۆکەکان دور خراونەتەوەو بڕیارەکە جەختی لەسەر قەرەبوکردنەوەیان کردووە[١٠٩]. هەروەها لیژنەکە میوانداریی لیژنەی باڵای جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ی لە هۆڵی ئەنجومەنی نوێنەران کردووە بە مەبەستی گفتوگۆو ئاڵوگۆڕی بیروڕا دەربارەی ماددەکە[١١٠].

بەڵام لە خولی دووەمدا لیژنەکە هیچ جموجوڵ و چالاکییەکی ئەوتۆی نەبوە چونکە لیژنەکە بۆ ماوەی ساڵ و نیوێکی رەبەق نە سەرۆکی هەبوو نە جێگری سەرۆك نە بڕیاردەر. دواتر ٣ کەس بۆ ئەم ٣ پۆستە دیاری کران، ئینجا ئەمانە

له بەغدا لەگەڵ لیژنەی باڵای جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠دا کە سەرۆکەکەی هادی عامری بوو کۆبوونەوەو گفتوگۆیان سەبارەت بە جێبەجێ کردنی ماددەکە کرد، واتە گفتوگۆکە بۆ مەسەلەی چاودێری کردنی لیژنە حکومییە باڵاکە بوو. ئیتر بەم شێوەیە یەك جار لە ئەنجومەنی نوێنەران میوانداری کران بۆ گفتوگۆ دەربارەی ماددەکە. ئەمەش بەم واتایە دێت کە ئەم لیژنە پەرلەمانییە تەنها بۆ یەك جار مافی خۆی بەکار هێناوەو هیچ جارێك مافەکانی تری خۆی بەکار نەهێناوە وەك مافی پرسیارکردن و دواندن و سەندنەوەی متمانە لە پای جێبەجێ نەکردنی ماددەکە. بۆ نمونە، سەبارەت بە بڕیارەکانی لیژنەی کاروباری باکور کە سەر بە حزبی بەعس بووەو بڕیارەکانی لەلایەن دامودەزگا حزبییەکانەوە دەردەچون، بگرە هەندێ لەو بڕیارانە بە بروسکەو بە تەلەفۆن دەردەچون، ئەم بڕیارانە هیچ پشتیوانییەکی یاساییان نەبوو و دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن، بەتایبەتی ئەنجومەنی وەزیران، دەیتوانی هەموو ئەم بڕیارانە بە یەك بڕیار هەڵبوەشێنێتەوە، نەك بابەتەکە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بهێڵێتەوە.

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەم ڕووەوە دەسەڵاتی خۆی بەکار نەهێنا. سەیر لەوە دایە کە لیژنەکەش کە ئەرکی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ی لە ئەستۆ گرتووە، هیچ پرسیارێکی لەم بارەیەوە نەکردووەو هیچ هەڵوێستێکی بەرامبەر بە هەڵسوکەوتەکەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران نەنواندووە. بەڵام ئەندامە کوردەکانی لیژنەکەو هەندێ لە شیعەکانیش لەگەڵ ئەوەدا بوون کە دەبێ بەربەستەکانی بەردەم ڕێی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ لابرێن.

شیعەکان کاتێك پشتگیریی کوردو تورکمانەکان دەکەن بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠، ئامانجێکیان هەیە، ئەویش دەستکاری کردنی سنوری نێوان پارێزگای ئەنبارو پارێزگای کەربەلایە، بە مەبەستی گێڕانەوەی ناحیەی ڕەحالیەو ناحیەی عێن تەمر بۆ پارێزگای کەربەلاو سەندنەوەی قەزاکانی سامەڕاو دوجێل و بەلەد لە پارێزگای سەلاحەددین و گێڕانەوەی بۆ پارێزگای بەغدا چونکە زۆرینەی دانیشتوانی ئەم ناوچانە شیعەن، سەرباری گێڕانەوەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی کەرکوك بۆ تورکمانە شیعەکان.

له بەرامبەردا، تورکمان و عەرەبە سوننەکان بۆیە چونەتە ناو لیژنەی چاودێریی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ بۆ ئەوەی لیژنەکە پەك بخەن نەك کارای بکەن[١١١]. ئەوەی ئەم بۆچونە پشت راست دەکاتەوە، قسەکانی هادی عامرییە کاتێك ئەنجومەنی نوێنەران لە خولی یەکەمیدا لیژنە حکومییەکەی جێبەجێ کردنی ماددەکەی میوانداری کرد. عامری ئەندامی پەرلەمان بوو و روی دەمی لەرائید فەهمی بوو، پێی گوت "بەرێز سەرۆکی لیژنە، من نامەوێ باسی ئەوە بکەم ئاخۆ ئەم لیژنەیە دەستورییە یان دەستوری نیە. ئەمە کێشەی پەرلەمانە. لیژنەکە پێك هێنراوەو کاری خۆی دەکاو شارەزای کارەکانی خۆشیەتی، کەچی ئێستا پەرلەمان باسی دەستوری و نادەستوری بوونی لیژنەکە دەکات. من وا تێدەگەم کەموکورییەکە لەو لیژنە پەرلەمانییە دایە کە سەرپەرشتیی ئەم لیژنەیە دەکات، لە کاتێکدا ئێمە لیژنەیەکی پەرلەمانیمان هەیە کە سەرپەرشتیی ئەم لیژنەیە دەکات و کارا نەکراوەتەوە"[١١٢].

دووەم: ئەرکی لیژنەکە کە لیژنەیەکی پەرلەمانییە، پێشکەش کردنی پێشنیاری یاساییە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران. هەر بۆ نمونە، لیژنە حکومەییەکە داوای لە ئەنجومەنی نوێنەران کرد بە یاسا بڕیارەکانی ئەنجومەنی هەڵوەشاوەی سەرکردایەتیی شۆڕش هەڵبوەشێنێتەوە، بەتایبەتی ئەو بڕیارانەی کە بە هۆیانەوە دەست بەسەر زەوی و خانوبەرەی دانیشتوانی رەسەنی ئەو ناوچانەدا گیراوە کە پێیان دەگوترێ ناوچەی جێناکۆك. لیژنەی چاودێریی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ دەیتوانی ئەو پێشنیارانە پێشکەش بکات بەڵام ئەو ئەم کارەی نەکرد. بۆیە ناکۆکیی سیاسی کەوتە نێو ئەندامانی لیژنەکەو دوو ساڵی بەسەردا تێپەڕی پێشنیارەکان هەر لە ئەنجومەنی نوێنەران مانەوە، لە دواییشدا بە ناچاری دران بە کۆمیسیۆنی یاسایی و لەوێ تێپەڕێنران لەوانە بڕیارەکانی راستکردنەوەی نەتەوەو بڕیاری ژمارە ١٩٩ پێشکەشکراو لەلایەن کۆمیسیۆنی یاساییەوە، لەگەڵ چەند بڕیارێکی تری گرنگ سەبارەت بە

ماددەی ١٤٠ کە پەیوەندییان بە تەعریبەوە هەبوو چونکە لیژنەی ماددەی ١٤٠ ناکۆکیی سیاسیی تێکەوت و وای لێ هات پێشنیارەکان لە ڕێگەی لیژنەکانی تری ناو پەرلەمانەوە پێشکەش بکرێن[١١٣].

ئەم هەموو نمونانە دەیسەلمێنن کە لیژنەی پەرلەمانیی تایبەت بە چاودێریی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ رۆڵێکی خراپی گێڕاوە، لەکاتێکدا ئەو دەستکاری کردنەی سنوری ئیداری کە لە سەردەمی رژێمی بەعس ئەنجام دراون، هەر هەمووی مەرسومی کۆماریی پێ دەرچووەو هەموی هێزی یاسایی هەبوە، بۆیە دەبوایە ئەنجومەنی نوێنەران هەڵیانبوەشێنێتەوە.

دیارە لیژنەی پەرلەمانیی چاودێری جێبەجێ کردنی ماددەکە دەسەڵاتی ئەوەی نەبوە کە پێشنیاری یاسایی دەربارەی سنوری ئیداری پێشکەش بکات چونکە دیاریکردنی سنوری ئیداری بەپێی ماددەی ١٤٠ی دەستور تەنها لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتیی کۆمار دایە ئەویش لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٥- ٢٠١٠ دا. لەو ماوەیەدا بابەتەکە لەلایەن سەرۆکی کۆمارەوە وروژێنرا بەڵام جێگری سەرۆکی کۆمار تارق هاشمی کە نوێنەری پێکهاتەی سوننەکان بوو، ڤیتۆی لە دژی بەکار هێنا، بۆیە سەرۆکی کۆمار نەیتوانی پێشنیارەکە وەك راسپاردە پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران بکات. سەرباری ئەوەی کە لەمەوپێش باس کرا، دوای هەڵبژاردنەوەی بەڕێز جەلال تاڵەبانی بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار بۆ جاری دووەم، دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی بۆ گەڕایەوە، بۆیە ئەویش ئەمجارە ئەم مافەی بەکار هێناو لە ساڵی ٢٠١٢ دا راسپاردەی پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران کرد، بەڵام دیسان بەربەرستی بۆ دروست کراو لە سەرەتادا پێشنیارەکە لە کۆمیسیۆنی یاسایی پەرلەمان کێشەی هاتە پێش.

فراکسیۆنە کوردییەکان لە کۆمیسیۆنی یاسایی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ رای خۆیان دەربڕی و نیشانیان دا کە پرۆژەکە بەپێی دەستور یاساییەو چەند جارێك ئەم رایەیان دوپات کردەوە بەڵام فراکسیۆنەکانی عەرەب و تورکمان- بەتایبەتی لیستی عیراقییە- دژی ئەم رایە وەستانەوەو بەرپەرچیان دایەوە. لە

پاشان لە ژێر فشاری سیاسیی فراکسیۆنە کوردییەکان و دوای ڕێککەوتن لەگەڵ فراکسیۆنی شیعە، پرۆژەکە لە لایەن کۆمیسیۆنی یاساییەوە پەسند کرا، ئەویش لە ڕۆژی ١٦ ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٢ دا.

ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکی یاسایی و دەستوری بوو و داوا کرا بخرێتە ئەجیندای کارەوەو خوێندنی یەکەمی بۆ بکرێ بەڵام کۆمیسۆنی هەرێم و پارێزگاکان دژی پرۆژەکە وەستایەوەو هەوڵیدا پرۆژەکە بگێڕدرێتەوە بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار بەڵام لەم هەوڵەدا سەرکەوتوو نەبوو. چەند جارێك داوا لە کۆمیسیۆنەکە کرا پرۆژەکە بخاتە بەردەم پەرلەمان بۆ ئەوەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێ بەڵام لیژنەکە بەدەم ئەم داوایەوە نەچوو. پاشان کۆمیسۆنی یاسایی پرۆژەکەی پێشکەش بە سەرۆکایەتیی پەرلەمان کرد سەرۆکی پەرلەمان نەیهێشت بخرێتە ناو کارنامەی پرۆژەکانەوە. بۆیە، سەرەڕای فشارە سیاسییەکان، هەوڵەکان هیچیان بە هیچ نەکردو پرۆژەکە تا ئەمڕۆ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ نەکراوە چونکە لایەنە سونییەکان ڕازی نین بە تێپەڕاندنی.[١١٤]

ڕای تۆژەر بەجۆرەیە کە ئەو پرۆژە یاسایەی کە سەرۆکی کۆمار پێشکەشی کردووە پرۆژەیەکی یاسایی و دەستورییەو دەبوایە ڕاسپاردەکانی لیژنەی ماددەی ١٤٠ کە لەلایەن سەرۆکایەتیی کۆمارەوە پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران دەکرێن، تێپەڕێنرێن و خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ بکرێ و پاشان گفتوگۆیان لەسەر بکرێ بۆ ئەوەی ماددەی ١٤٠ سودی لێ وەربگرێ چونکە سەرۆکی کۆمار پرۆژەکەی وەك ڕاسپاردە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران ناردبوو و مەسەلەکە پەیوەندیی بەوەوە نیە کەکێیە سەرۆکی کۆمار و لە چ پێکهاتەیەکە. باشتر وابوو کە ڕاسپاردەکان پەسند بکرێن و بخرێنە پێش ڕاسپاردەکانی ترەوە. ئەوەی کە ڕوویدا ئاماژەیەکی مەترسیدارە بۆ هەلومەرجی عیراق و ئەوەی لێ هەڵدەکرێندرێ کە عیراق هێشتا سەروەریی یاسا تێیدا زاڵ نیە.

دیارە بۆچونە سیاسییەکانی ئەندامانی کۆمیسیۆنی هەرێم و پارێزگاکان پشت ئەستور نەبوە بە هیچ شتێك چونکە دەیانگوت گوایە ئەم پرۆژەیە دەبێتە

هۆی سڕینەوەی چەندەها پارێزگا کە ئەمەش ڕاست نەبوو چونکە لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ سەر بە حکومەت بوو و سنوری ئیداریی ناوچە جێناکۆکەکان لە ڕێی چەندان لیژنەی تایبەتەوە دیاری کرابوو. یونامیش لە کارکردنیدا هەر پشت ئەستور بووە بەو سنورەی کە ئەو لیژنانە دیارییان کردبوو.

دیارە لە باشوری عیراق کێشەی سنوری ئیداری لە نێوان هەردوو پارێزگای ئەنبار و کەربەلا هەیە لەسەر دوو ناحیەکەی عین تەمرو ڕەحالیە. هەروەها لە پارێزگای سەلاحەدینیش کێشە لەسەر سنوری قەزاکانی بەلەدو سامەراو دوجێل هەیە و شیعەکان داواکارن ئەم قەزایانە بگەڕێنەوە بۆ بەغدا. لە پارێزگای کەرکوکیش کێشە لەسەر قەزاکانی کفری، کەلار، چەمچەماڵ و دوزخورماتوو هەیە و کورد داوای گەڕانەوەیان دەکات بۆ سنوری کەرکوك چونکە ناوچەی دابڕێنراون.

عادل عەبدولمەهدی جێگری سەرۆکی کۆمار وای دەبینی کە دەبێ هەموو کێشەکانی سنوری ئیداری بە یەك پاکێج پێشکەش بە پەرلەمان بکرێن. کورد کە لە ناو پەرلەماندا کەمینەن، ڕازی بوون بەم مەرجە بۆ ئەوەی زۆرینەی بەدەست بێنێ و تێپەڕێنرێ، ئەگینا سنوری ئیداریی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدرال دەبێ دیاریکردنی ناوچە جێناکۆکەکان لە سنوری پارێزگاکانی نەینەوا، کەرکوك، دیالە و سەلاحەددین دیاری بکرێن چونکە پرۆژەکەی سەرۆکی کۆمار باس لەوە دەکات کە دەستکاری کردنی سنورە ئیدارییەکان لە ڕابردوودا، ئامانجی سیاسی و ڕەگەزپەرستانەی لە پشتەوە بووە. لەڕاستیشدا پرۆژەکە هەموو پارێزگاکان ناگرێتەوە بەڵکو هەندێ پارێزگا دەگرێتەوەو بگرە تەنانەت باسی هەموو سنوری ئیداریی پارێزگا پەیوەندیدارەکەش ناکات، بەڵکو باسی ئەو گۆڕانکارییانە دەکات کە بەسەر بەشێکی پارێزگاکەدا هاتون کە ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە پرۆژەکە نەچۆتە سەر باس کردنی پێکهێنانی پارێزگای نوێ بەڵکو تەنها باسی قەزاو ناحیەکان دەکات. بۆیە پارێزگاکان وەکو خۆیان دەمێننەوەو گۆڕانکاری تەنها

قەزا و ناحیە دەگرێتەوە. کەواتە پرۆژەکە باسی ئەو پارێزگاو قەزاو ناحیانە ناکات کە لەسەر بنەمای ئیداری و تەکنیکی دروست کراون. هەر بۆ نمونە، پرۆژەکە پارێزگای دهۆك ناگرێتەوە چونکە ئەم پارێزگایە لەسەر بنەمای ئیداری و تەکنیکی پێك هێنراوە.

پشت بەست بەوەی کە لەمەوبەر باس کرا، بەو ئاکامە دەگەین کە سەرۆکی رژێمی پێشوو زۆر مەرسومی خراپی دەرکردووە، مەبەست لەو مەرسومانە گۆڕینی سنوری ئیداریی هەندێ قەزاو ناجیە بووە. ئەم مەرسومانەش هێزی یاسایان هەبوە. دیارە عەرەبەکانیش- بە شیعەو سوننەوە- ئەمە دەزانن و هەروەها هۆو ئامانجی ئەو مەرسومانەش دەزانن. بەڵام جێی داخە کە ئەمانە هاوشێوەی سەددام حسێن بیر لەم مەسەلانە دەکەنەوەو نایانەوێ ئەو مەرسومانە هەڵوەشێننەوە چونکە ئەم مەرسومانە لە بەرژەوەندیی هەمواندا نیە.

لە کۆتاییدا تۆژەر گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە لیژنەی پەرلەمانیی راسپێردراو بە جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ لە خولی یەکەم و دووەمی ئەنجومەنی نوێنەراندا، ئەرکی خۆی بەجێ نەهێناوە و هیچ میکانیزمێکی بنیاتنەری بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ماددە دەستورییە دانەناوە، بگرە لیژنەکە پشتیوانیی لەو میکانیزمە دەستورییەش نەکردووە کە لەپرۆژەکەی سەرۆکی کۆماردا شێوە راسپاردەی بۆ ئەنجومەنی نوێنەران وەرگرتبوو و دەیتوانی کێشە سنوری و ئیدارییەکانی ناوچە جێناکۆکەکان پێ یەکلا بکرێتەوە.

کەواتە لیژنەکە لە باتی ئەوەی گوشار لەسەر لیژنەی حکومیی راسپێردراو بە جێبەجێ کردنی قۆناغەکانی ئاسایی کردنەوەو سەرژمێرو راپرسی دروست بکات، بەربەستی بۆ جێبەجێ کردنی ماددەکە دروست کردووە. بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەنجومەنی نوێنەران بە شێوەیەکی گشتی و لیژنە پەرلەمانییە تایبەتەکە رۆڵێکی خراپیان لە جێبەجێ نەکردنی ماددەی ١٤٠ دا هەبوە. ئەمەش هەموی سوکایەتی کردنە بە ماددەیەکی دەستوری، لەکاتێکدا جێبەجێ کردنی ئەم ماددەیە لە بەرژەوەندیی تێکڕای عیراقییەکان دایە.

## پەراوێزو سەرچاوەکان:



[1] برگەی (ب)ی ماددەی دووەمی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق لە قۆناغی گواستنەوە دەڵێ:

"قۆناغی راگوزەر" لە دوو برگە پێکدێ:

١-ماوەی یەکەم بە پێکهێنانی حکومەتێکی عیراقیی کاتیی خاوەن سەروەرییەکی تەواو لە ٣٠ ی حوزەیرانی ٢٠٠٤ دەست پێ دەکاو ئەم حکومەتە بەپێی پرۆسەیەکی فراوانی دەستاودەست کردن، بە راوێژ لەنێوان توێژەکانی کۆمەڵگای عیراق، پێکدێ، ئەو راوێژەش ئەنجومەنی حوکم و دەسەڵاتی ئیئتیلاف ئەنجامی دەداو لەم رووەوە دەکرێ راوێژ لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێ. بەپێی ئەم یاسایە لەوانە پرنسیپ و مافە بنەڕەتییەکانی ناو ئەم یاسایە و بەپێی پاشکۆیەك کە رێککەوتنی لەسەر دەکرێ و پێش دەستپێکردنی قۆناغی راگوزەر دەردەچێ و بەشێکی جیاکردنەوەی ئەم یاسایە دەبێ، ئەم حکومەتە دەسەلاّت دەگرێتە دەست.

٢-ماوەی دووەم پاش پێکهێنانی حکومەتی عیراق، پاش هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی وەك لەم یاسایەدا باس کراوە، دەست پێ دەکات، بەو مەرجەی کە ئەوەندەی لە توانا دایە لە ٣١ ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٤ تێنەپەڕێ و ئەوپەڕەکەی بکەوێتە پێش ٣١ی کانونی دووەمی ٢٠٠٥. قۆناغی دووەم بەپێکهێنانی حکومەتێکی عیراقی بەگوێرەی دەستورێکی هەمیشەیی، کۆتایی دێت".

[2] ویکیبیدیا الموسوعة الحرةar. Wikipedia. آخر زيارة ٢٤/ ٥/ ٢٠١٥.

[3] رۆژنامەی "ئەلوەقائیع ئەلعراقیە" ژمارە ٣٩٩٥ ی ٣/ ٣/ ٢٠٠٥ کە تێیدا بڕیار دراوە بەپێی رەزامەندیی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لە فەرمانی ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠٥ ی ٩/ ٢/ ٢٠٠٥ دەستەی باڵای ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی پارێزگای کەرکوك، پشت بەست بە دەقی بەشی دووەمی پاشکۆی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق لە قۆناغی گواستنەوە، پێك بهێنرێ. ئەمەش دەقی فەرمانەکەی ئەنجومەنی وەزیرانە:

یەکەم: پێکهێنانی دەستەیەکی باڵای خاوەن سەربەخۆییەکی دارایی و ئیداری لە چەند ئەندامێکی حکومەتی عیراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی ٥٨ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق لە قۆناغی گواستنەوە لە پارێزگای کەرکوك کە بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەبەسترێتەوە.

دووەم: دانانی سەرۆك و ئەندامان و بڕیاردەری دەستەکە بە بڕیارێك سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەبێ.

سێیەم: دەستەکە بۆی هەیە هەنگاوی پێویست بۆ ئامادەکردنی پەیکەری ڕێکخراوەیی خۆی بە پێکهاتە ئیداری و داراییەکانییەوە بنێ.

چوارەم: وەزارەتی دارایی بودجەیەکی جیاواز لە بودجەی دەستەی سکاڵاکانی خاوەنێتیی عیراق تەرخان دەکات بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی ئەو دەستەیەی کە لە خاڵی (یەکەم) ی سەرەوە ئاماژەی پێ کراوەو هەروەها بودجەی ئەو قەرەبووانە دیاری دەکات کە جێبەجێ کردنی ماددەی ٥٨ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق لە قۆناغی گواستنەوە پێویستی پێیەتی.

پێنجەم: لەسەر وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانە ئەم فەرمانە جێبەجێ بکەن. لە ٣٠ی مانگی زیحوجەی ساڵی ١٤٢٥ی کۆچیی بەرامبەر بە ٧ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٥ ی زایینی لە بەغدا نوسراوە.

دکتۆر ئەیاد عەللاوی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

[٤] المحامي طارق حرب، حقوق الانسان وجهة نظر بين المادة ٥٨ من قانون ادارة الدولة والمادة ١٤٠ من الدستور، ص ٢، على الموقع الالكتروني:

http://www.marafea.org/paper

اخر زيارة ٢٤/ ٥/ ٢٠١٥.

[٥] انجازات حكومة علاوي في مجالات السياسة الوطنية، ص ٢، على الموقع الالكتروني: www.ayadallawi. اخر زيارة ٢٤/ ٥/ ٢٠١٥.

[٦] الدكتو ابراهيم العلاف، هياكل صنع القرار السياسي في العراق ومصادره وآلياته، بحث منشور في: www.allaflogsot.com، ٢٢/ ٣/ ٢٠١٠.

[٧] بڕیاری وەزاریی ژمارە ٢٣ کە لە ژمارە ٤٠٠٤ ی ڕێکەوتی ٢٢/ ٩/ ٢٠٠٥ ی ڕۆژنامەی وەقائیعی عیراقی بڵاوکراوەتەوە.

[٨] د. سامر مؤيد عبداللطيف و د. ياسر عطيوي الزبيدي، مشكلة الاقاليم المتنازع عليها في الدولة الفدرالية، كركوك نموذجا، بحث منشور في مجلة رسالة الحقوق، السنة الثانية، العدد الاول، ٢٠١٠، ص ١٣٣.

[9]له ڕاپۆرتی کۆمیسۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان هاتووە کە لیستی ئیئتیلاف ١٢٨ کورسیی ئەنجومەنی نوێنەران بەدەست هێناوە. لیستی هاوپەیمانیی کوردستانیش ٥٣ی کورسیی بەدەست هێناوەو پلەی دووەمی بۆ خۆی دەستەبەر کردووە، لەکاتێکدا بەرەی تەوافوق ٤٤ کورسیی بەدەست هێناوەو لە پلەی سێیەم دایە.

[10]الدكتور ابراهيم العلاف، المصدر السابق، ص ١٩. انور بيرقدار، عضو اللجنة العليا لتطبيق المادة ١٤٠، الاصول التاريخية للمادة ١٤٠ العنصرية، منشور على الموقع الالكتروني:www.mesopot.com

تاريخ اخر زيارة ٢٤/ ٥/ ٢٠١٥.

[11]المحامي طارق حرب، حقوق الانسان، المصدر السابق، ص ٢.

د. محمد احسان، ممثل حكومة اقليم كردستان في اللجنة العليا لتنفيذ المادة ١٤٠ من الدستور، ٨/ ٨/ ٢٠١٢، . www.com.140.com

[12]فەرمانی دیوانیی ٤٦، ژمارە م. ر. ن/٤٨/ ١٣٧٣، ٩/ ٨/ ٢٠٠٦.

[13]لجنة تنفيذ المادة ١٤٠ من الدستور، الامر الاداري العدد ل. م/ ١٤٠/ ٢، في ١٣/ ٩/ ٢٠٠٦، هاشم عبدالرحمن الشلبي وزير العدل رئيس اللجنة في ١٣/ ٩/ ٢٠٠٦.

[14]چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ نەرمین عوسمان لە ٦/ ٥/ ٢٠١٥.

[15]نبذة عن لجنة تنفيذ المادة ١٤٠ من الدستور www.140.com.

[16]چاوپێکەوتن لەگەڵ نەرمین عوسمان.

[17]بڕیاری ژمارە ٧ لە ٢١/ ٧/ ٢٠٠٩. بڕیارەکانی لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠، لە سایتی: .www.com.140.com

[18]www.com.140.com

[19]لجنة تنفيذ المادة ١٤٠ من الدستور جمهورية العراق، التقرير السنوي الخاص للجنة، ٢٠١١، ص ١٠. منشور على الموقع الالكتروني: .www.com.140.com

[20]هەمان سەرچاوە.

[21]هەمان سەرچاوە.

[22]ماددەی ٢ ی ڕێساکانی ژمارە ٤٧٦ ی ساڵی ٢٠١٢ تایبەت بە جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ ی دەستور.

[23]لجنة تنفيذ المادة ١٤٠ من دستور جمهورية العراق، المصدر السابق، ص ١٠.

[24] لجنة تنفيذ المادة ١٤٠ من الدستور جمهورية العراق، المصدر السابق، ص ١٠.

[25] چاوپێکەوتن لەگەڵ بابەکر سدیق ئەحمەد، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك و ئەندامی لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ ی دەستوری کۆمارە عیراق لە ٢٤/ ٦/ ٢٠١٥.

[26] چاوپێکەوتن لەگەڵ بابەکر سدیق ئەحمەدلە ٢٤/ ٦/ ٢٠١٥.

[27] هادي العامري، رئيس لجنة المادة ١٤٠، محضر اجتماع لجنة تنفيذ المادة ١٤٠ من دستور جمهورية العراق مع اللجنة النيابية لمتابعة تنفيذ المادة ١٤٠ من الدستور، بغداد، ٣/ ١٠/ ٢٠١٢.

[28] چاوپێکەوتن لەگەڵ بابەکر سدیق ئەحمەدلە ٢٤/ ٦/ ٢٠١٥.

[29] چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ نەرمین عوسمان حەسەن لە ٢٤/٦/٢٠١٥.

[30] لجنة تنفيذ المادة ١٤٠ من دستور جمهورية العراق، المصدر السابق، ص ٢٨.

[31] هەمان سەرچاوە، ل ٢٥-٢٧.

[32] بابەکر سدیق ئەحمەد، کۆنوسی کۆبونەوەی لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ ی دەستوری کۆماری عیراق، ژمارە ٣٧، لە بارەگای لیژنەی بەغدا لە ٢٦/ ١/ ٢٠١٤. هەروەها بڕوانە: هەژار رەشید، رۆژنامەی "وشە" هەفتەنامەی سیاسی، ژمارە ٣١، ٢٢/ ١/ ٢٠١٤، کەرکوك.

[33] چاوپێکەوتن لەگەڵ بابەکر سدیق ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

[34] لەوانە گەڕەکەکانی عروبە، قادسیە، حەجاج، ٧ی نیسان، سەددام، ١٧ی تەموز، ویحدە، حوررییە، ١ی حوزەیران، نەسر، کەرامە، غرناتە، قورتوبە، عەدەن، میلاد، رەشید، مەنسور، موعتەسەم، ئەمین، مەئمون، شوهەدا، نەخوە، خولەفا، فاروق، خەزرا، زەورا، سەعد، بەدر، عەدنان، موسەننا، عەمەل شەعبی، دور ئەلئەمن، حەی عەسکەری، نیدا، دور سکەك و حەوت شوێنی تەرخانکراو بۆ خانوی ئەفسەران.

[35] الدكتور آزاد عثمان، مشكلة حدود اقليم كردستان (حقائق ودلائل، موافق وقصاص، الحل الصائب)، ص ١٠- ١٣ بحث مقدم الى مؤتمر "الفدرالية في العراق- الواقع والمستقبل" الذي عقدته كلية القانون والسياسة، جامعة صلاح الدين بالتعاون مع جامعة ديبول الامريكية ومكتب اقليم كردستان للدراسات الفدرالية في ٢٨- ٢٩/ ٤/ ٢٠١٠ في اربيل.

[36] لجنة تنفيذ المادة ١٤٠ من دستور جمهورية العراق، المصدر السابق، ص ٢٩.

[37] هادي العامري، المصدر السابق، ص ٢٢- ٢٣.

[٣٨] چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر نوری تاڵەبانی لە ١١/ ٦/ ٢٠١٤، چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر تالب رەشید یادگار لە ٢٠/ ٤/ ٢٠١٥.

[٣٩] کۆنوسی کۆبونەوەی ٣/ ١٠/ ٢٠١٢، لە ١٤- ١٥.

[٤٠] چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ دکتۆر شۆرش حەسەن لە ٢/ ٣/ ٢٠١٥.

[٤١] نوري المالكي، المادة ١٤٠ من الدستور لا يمكن ان تصلح كأساس لحل مشكلة المناطق المتنازع عليها، على الموقع الالكتروني youtube.com ١١/ ٥/ ٢٠١٢.

[٤٢] د. منذر الفضل، رؤية قانونية... من تطبيق المادة ١٤٠، ص ٧. منشور على الرابط www.gilgamish.org ، ٢٩/ ١/ ٢٠١٥.

[٤٣] چاوپێکەوتنەکانی نەبیل جاسم و حەنان فەتلاوی لەسەتەلایتی دیجلە لە ماڵپەڕی www.youtube.com بڵاوکراوەتەوە، ٢٤/ ٧/ ٢٠١٤.

[٤٤] محمد احسان، عدم تطبيق المادة ١٤٠ سيجلب الكارثة للعراق، ٢٤/ ٥/ ٢٠١٥، ص ١ http://.info / الساعة ١١ صباحا.

[٤٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر تالب رەشید یادگار، سەرچاوەی پێشوو.

[٤٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ بابەکر سدیق ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

[٤٧] ممثل الامم المتحدة، وكالة ابناء براثا، بعثة الامم المتحدة تسلم تقريرها حول المناطق المتنازع عليها الى الحكومة العراقية Arabic. People في ٢٣/ ٤/ ٢٠٠٩، ص ١. منشور على الرابط www.sofalirg.com في ١٠/ ٥/ ٢٠٠٩.

[٤٨] بعثة الامم المتحدة لمساعدة العراق يونامي، الحدود الداخلية المتنازع عليها، الجزء الاول، ترجمة غير رسمية، ص ٦- ١١.

[٤٩] سامر مؤيد عبداللطيف، قضية كركوك رؤية في الابعاد الاستراتيجية والحلول المقترحة، بحث منشور، كلية القانون في جامعة كربلاء، ص ٢١، قاسم العزيزي، حقائق مستورة في توصيات دي مستورا، نبض العراق، العدد ٣١، ٧/ ٣/ ٢٠١٠، مجلة الرائد، منشور على الموقع الالكتروني: www.draeed.net

[٥٠] بعثة الامم المتحدة لمساعدة العراق (يونامي)، الحدود الداخلية المتنازع عليها، الجزء الاول، ص ١٢.

[51] Stefan wolff, governing in Kirkuk: resolving the state of a disputed territory in post- American Iraq, pp. 13-14.

[52] Stefan wolff, op. cit, pp. 13-14.

[٥٣] هەمان سەرچاوە، ل ١٣-١٤.

[54]د. خليل اسماعيل محمد، المناطق المتنازع عليها بين الحاضر الملتهب والمستقبل المجهول، مكتب الفكر والتوعية للاتحاد الوطني الكردستاني، السليمانية، ٢٠٠٧، ص ٦٩- ٧٠.
[55]هەمان سەرچاوە، ل ٧٠.
[56]هەمان سەرچاوە، ل ١١٣.
[57]ما هو مفهوم التعداد السكاني، ص ١. منشور على الموقع الالكتروني: forum.noo or.com ٢١/ ١٢/ ٢٠١٠.آخر زيارة: ٢٧/ ٨/ ٢٠١٥.
[58]الدكتور خليل اسماعيل محمد، المصدر السابق، ص ١١٣.
[59]الدكتور خليل اسماعيل محمد، المصدر السابق، ص ٢٢٨ الدكتور جمال امين (مستشار اقدم في وزارة تخطيط اقليم كردستان)، حوار حول التعداد السكاني في العراق، منشور على الموقع www.yotub,tv تم تحميله في ١٤/ ٦/ ٢٠٠٩. آخر زيارة ٢٦/ ٨/ ٢٠١٥.
[60]الدكتور خليل اسماعيل محمد، المصدر السابق، ص ١١٦.
[61]هەمان سەرچاوە، ل ٨٥- ١٠٨.
[62]لجنة تنفيذ المادة ١٤٠ من الدستور، المصدر السابق.
[63]وزير التخطيط العراقي: انهينا الاستعدادات للتعداد السكاني، على الموقع الالكترونيyotube.com العربية. تم تحميله في ١٠/ ٧/ ٢٠١١. اخر زيارة ٢٨/ ٨/ ٢٠١٥.
[64]د. محمد احسان، المادة ١٤٠ من الدستور الدائم منذ ٣ آذار ٢٠٠٨. www.com.140.com.
[65]الدكتور خليل اسماعيل محمد، المصدر السابق، ص ٨٦.
[66]خالد شواني، كركوك، برنامج "الملف" تقديم سعد ملا علي، على الموقع الالكتروني www.youtube.com في ١٢/ ١١/ ٢٠١٤.
[67]چاوپێکەوتن لەگەڵ خالید شوانی لە سلێمانی لە ٧/ ١١/ ٢٠١٥.
[68]بڕوانە برگەی (ب) و برگەی (ج)ی ماددەی ٥٨ ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە قۆناغی گواستنەوە.
[69]د. محمد احسان رئيس هيئة المناطق الكردستانية خارج اقليم كردستان: على الكرد التنازل عن بعض المناطق المتنازع عليها، قناة روداو الفضائية rudaw.net ٩/ ٦/ ٢٠١٤.
[70]چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر شۆڕش حەسەن عومەر، سەرچاوەی پێشوو.

[71]د. محمد احسان، المصدر السابق، ص ٢.

[72]چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر تالب ڕەشید یادگار، سەرچاوەی پێشوو.

[73] الدكتور محمد احسان، المصدر السابق، ص ٢.

[74]الدكتور محمد كاظم المشهداني، النظم السياسية، العاتك لصناعة الكتاب، القاهرة، ٢٠٠٧، ص ١٢٧-١٢٨.

[75]حسين عثمان محمد عثمان، النظم السياسية والقانون الدستوري، الجزء الثاني، دار الجامعة، بيروت، ١٩٨٨، ص٣٠٢.

[76]هەمان سەرچاوە، ل ٣٠٢

[77]د.فلاح اسماعيل حاجم، اللجان البرلمانية تشكيلها و صلاحياتها الرقابية، على الموقع الالكتروني WWW.IRAQI.ICP. تاريخ نشر المقال ٢٤/٩/٢٠١٤.

[78]المحامي طارق حرب، اللجان التى يشكلها مجلس النواب العراقي، موقع جريدة "الصباح" الالكتروني في ٢٩/٦/٢٠٠٦. تاريخ اخر زيارة ١/٩/٢٠١٥

[79]بڕوانە ماددەکانی ٦٩، ٧٠، ٧٢، ٧٣، ٧٤، ٧٥، ٧٦، ٧٧، ٧٨، ٨٧، ٨٨ ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق کە لە ١٥ی حوزەیرانی ٢٠٠٦ پەسند کراوە.

[80]د. فلاح اسماعيل حاجم، المصدر السابق، ص٤.

[81]السومرية نيوز تنشر اسماء اللجان البرلمانية الدائمة واعضائها، بغداد، ١٧/١/٢٠١١ الساعة ٢٠,٠١، ص ١. على الرابط: www.alsumaria.news.com
تاريخ الزيارة ١٣/١٠/٢٠١٥.

[82]المحامي طارق حرب، اللجان التي تشكلت في مجلس النواب العراقي: نظرة برلمانية مقارنة، ص ١ www.siironline.org

[83]المحامي وسيم حسام الدين الاحمد، اللجان البرلمانية العربية والاجنبية، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، ٢٠١٠، ص ٢٢٦-٢٢٧.

[84]هەمان سەرچاوە، ل ٦ و ل ٢٢٩.

[85]تقرير بعثة الامم المتحدة لمساعدة العراق (يونامي)، الحدود المتنازع عليها، الجزء الثاني، ص ٣-١٥.

[86]ماددەی ١٢٢ دەڵێ:

یەکەم: پارێزگاکان لە چەند قەزاو ناحیەو گوندێك پێکدێن.

دووەم: ئەو پارێزگایانەی کە بە شێوەی هەرێم ریك نەخراون، دەسەڵاتێکی ئیداری و دارایی فراوانیان پێ دەدرێ بە جۆرێك کە بتوانن بەپێی پرنسیپی ناسەنترالیزمی ئیداری کاروباری خۆیان بەڕێوە بەرن کە ئەمەش بە یاسا رێك دەخرێ. کەبتوانن بەپێی پرنسیپی ناسەنترالیزمی ئیداری کاروباری خۆیان بەڕێوە بەرن کە ئەمەش بە یاسا رێك دەخرێ.

سێیەم: پارێزگار کە ئەنجومەنی پارێزگا هەڵی دەبژێرێت بە سەرۆکی باڵای جێبەجێکاری پارێزگا دەژمێردرێ و ئەو دەسەڵاتانەی دەبێ کە ئەنجومەن پێی بەخشیون.

چوارەم: هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو پارێزگارو دەسەڵاتەکانیان بە یاسا رێك دەخرێن.

پێنجەم: ئەنجومەنی پارێزگا ملکەچی کۆنترۆڵ و سەرپەشتیی هیچ وەزارەت و هیچ لایەنێکی گرێدراو بە وەزارەتێك نیەو دارایی سەربەخۆی خۆی هەیە.

[٨٧]روشنا علي (كركوك)، سردار زنكنة (اربيل) متابعة الصوت الاخر، بغداد، هيئة المتابعة والاتصالات الهاتفية مع الاصدقاء، العدد ٢٠٥، ٦/٨/٢٠٠٨، ص ٧. الموقع الالكترونى www.sotakherآخر زيارة ١/١٠/٢٠١٥.

[٨٨]حبيب الهرمزي، معضلة المادة ٢٤ الخاصة بكركوك من قانون انتخابات مجالس المحافظات، دراسة تحليلية وتقييم، ص ١. الموقع الالكتروني HHP.II.WWW.Kitabat.com. تاريخ آخر زيارة ٢٢/١٠/٢٠١٥.

[٨٩]چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ سەرتیپ محەمەد حسێن کاکەیی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و ئەندامی لیژنەی داڕشتنی ماددەی ٢٣ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ٢٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥ لە شاری هەولێر.

[٩٠]چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرتیپ محەمەد حسێن کاکەیی، سەرچاوەی پێشوو.

[٩١]هەمان سەرچاوە.

[٩٢]چاوپێکەوتن لەگەڵ رزگار عەلی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك لە ماوەی ٢٠٠٥-٢٠١١ لە شاری هەولێر لە ٢٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥.

[٩٣]هەمان سەرچاوە.

[٩٤]چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرتیپ محەمەد حسێن کاکەیی، سەرچاوەی پێشوو.

[٩٥]غيث المهندس، محافظ كركوك يرحب بالغاء المادة ٢٣ من قانون انتخابات مجالس المحافظة، ص ١. الموقع الالكتروني www.shattalarab. Net اخر زيارة ٣٠/١٠/٢٠١٥.

[٩٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ خالید سەلام شوانی لە ٧ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥دا.

[٩٧] مجلس النواب العراقي، دورة انتخابية ثانية، جلسة رقم ٦٥ في ١٢/ ٥/ ٢٠١١.

[٩٨] محسن سعدون رئيس لجنة المادة ١٤٠ البرلمانية، لجنة المادة ١٤٠ شكلت وفق الاستحقاق الانتخابي، بغداد، اورنيوز، ص١. الموقع الالكتروني www.sotkurdistan.net

[٩٩] چاوپێکەوتن لەگەڵ خالید شوانی، سەرچاوەی پێشوو.

[١٠٠] چاوپێکەوتن لەگەڵ موحسین سەعدون سەرۆکی لیژنەکە لە ٩/١١/٢٠١٥.

[١٠١] چاوپێکەوتن لەگەڵ خالید سەلام شوانی، سەرچاوەی پێشوو.

[١٠٢] المحامي طارق حرب، اللجان التي شكلها مجلس النواب العراقي، مصدر سابق.

[١٠٣] دکتۆر محەمەد ئیحسان ئەندامی لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠، کۆنوسی کۆبونەوەی لیژنەی تایبەت بە ماددەی ١٤٠، ٣/١٠/٢٠١٢، ل ١٢.

[١٠٤] د. عبدالصاحب قهرمان عضور اللجنة الحكومية لتنفيذ المادة ١٤٠ من الدستور، محضر اجتماع لجنة تنفيذ المادة ١٤٠ من الدستور، بغداد، ٣/١٠/٢٠١٢، ص١٢.

[١٠٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ خالید سەلام شوانی، سەرچاوەی پێشوو.

[١٠٦] ماددەی ٦٤ی دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ی عیراق.

[١٠٧] چاوپێکەوتن لەگەڵ خالید سەلام شوانی، سەرچاوەی پێشوو.

[١٠٨] بڕیاری ژمارە ٢ی لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور بە ژمارە ٥٨٣١/١/٨ لە ٥ی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٧.

[١٠٩] فەوزی ئەکرەم سەمین لە ٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧ خۆی داوای میوانداری کردبوو. بڕوانە: کۆنوسی ژمارە ٣٢ ی خولی یەکەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەمی یاسادانان، وەرزی دووەمی یاسادانان ٢/١٢/٢٠٠٧.

[١١٠] چاوپێکەوتن لەگەڵ خالید سەلام شوانی، سەرچاوەی پێشوو.

[١١١] د. هادي العامري، رئيس لجنة المادة ١٤٠، محضر اجتماع لجنة تنفيذ المادة ١٤٠ من الدستور مع اللجنة النيابية لمتابعة تنفيذ المادة ١٤٠، الجلسة رقم ٣٢، مصدر سابق.

[١١٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ خالید سەلام شوانی، سەرچاوەی پێشوو.

[١١٣] هەمان سەرچاوە.

[١١٤] هەمان سەرچاوە.